SAYA

پرفرۆشترین کتێب لە لیستی ئەمازۆن و نیویورک تایمز

کتێبی سەردەم

رۆبێرت کیۆساکی

# بازرگانی لە سەدەی بیست و یەکدا

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

شاباز حامد قادر

# THE BUSINESS OF THE 21 ST CENTURY

ROBERT T. KYOSAKI

Scanned by TapScanner

بەندی دەیەم ..........
سارمایەی ژمارە #دوو: ڕێچکەیەکی قازانجبەخشی پەرەسەندنی کەسی .......... ٩٨
بەندی یانزەیەم .......... ٩٨
سەرمایەی ژمارە #سێ: بازنەیەکی هاوڕێکانت کە بەشداری خەونەکانت و بەهاکانت دەکەن .......... ١١١
بەندی دوازدەهەم .......... ١١١
سەرمایەی ژمارە #چوار: هێزی شەبەکەی خۆت .......... ١١٦
بەندی سیانزە .......... ١١٦
سەرمایەی ژمارە #پێنج: لەبەر گرتنەوەیەک، بازرگانی بەتەواوی توانای گونجانی هەیە .......... ١٢٦
بەندی چواردەهەم .......... ١٢٦
سەرمایەی ژمارە #شەش: کارامەیی سەرکردایەتیی بێوێنە .......... ١٣٨
بەندی پانزەیەم .......... ١٣٨
سەرمایەی ژمارە #حەوت: میکانیزمێک بۆ سامانێکی دروستکراوی ڕاستەقینە .......... ١٤٩
بەندی شانزەیەم .......... ١٤٩
سەرمایەی ژمارە #هەشت: خەونی گەورە و تواناکەی تا ئەوان بژین .......... ١٦١
بەشی سێیەم .......... ١٦١
داهاتووی تۆ ئێستا دەست پێدەکات .......... ١٨٥
چی وادەکات بازرگانییەکی شەبەکەی .......... ١٨٥
خستنەبازاڕی سەرکەوتوو دەست پێبکەیت .......... ١٨٥
بەندی هەژدەیەم .......... ١٨٥
عاقلانە هەڵبژێرە .......... ١٨٦
بەندی نۆزدەیەم .......... ١٨٦
ئەو چی دەبات .......... ١٩٩
بەندی بیستەم .......... ١٩٩
گوزەراندنی ژیانەکە .......... ٢١٥
بەندی بیست و یەک .......... ٢١٥
بازرگانی لەسەدەی بیست و یەکدا .......... ٢٢٤
٢٢٤

# پێڕست

پێڕست ........................ ٣
پێشەکی نووسەر........................ ٥
بەشی یەکەم ........................ ٩
بۆ چی پێویستە کارێکت هەبێت ........................ ٩
خودی خۆت خاوەنداریتی بکەیت ........................ ٩
بەندی یەکەم ........................ ١٠
یاساکان گۆڕاون........................ ١٠
بەندی دووەم........................ ٢١
ناوپۆشی زیوین ........................ ٢١
بەندی سێیەم ........................ ٣١
ئایا لە کوێ دەژیت؟ ........................ ٣١
بەندی چوارەم ........................ ٣٨
کرۆکی بەها داراییەکەت........................ ٣٨
بەندی پێنجەم........................ ٤٧
بیرکردنەوەی بەڵێندەرێك ........................ ٤٧
بەندی شەشەم........................ ٥٥
کاتی ئەوەیە کۆنترۆڵەکە وەربگریت! ........................ ٥٥
بەشی دووەم ........................ ٦٥
یەك بازرگانی__هەشت سەروەت و سامان_دروستکەری سەرمایە ........................ ٦٥
*هەشت هۆکاری شەبەکەی خستنە بازاڕ (نێتۆرك مارکێتینگ) کە دەتوانێت داهاتووت بپارێزێت*
........................ ٦٥
بەندی حەوتەم........................ ٦٦
ساڵەکانم لە بازرگانیدا........................ ٦٦
بەندی هەشتەم........................ ٧٨
ئەوەیان دەربارەی داهات نییە__ئەوە دەربارەی سامانە کە داهات دروست دەکەن ........ ٧٨
بەندی نۆیەم ........................ ٨٧
سەرمایەی ژمارە #یەك: پەروەردەیەکی بازرگانی جیهانی ڕاستەقینە ........................ ٨٧

بەندی دەیەم ........ ٩٨
سارمایەی ژمارە #دوو: ڕێچکەیەکی قازانجبەخشی پەرەسەندنی کەسی........ ٩٨
بەندی یانزەیەم ........ ١١١
سەرمایەی ژمارە #سێ: بازنەیەکی هاوڕێکانت کە بەشداری خەونەکانت و بەهاکانت دەکەن ........ ١١١
بەندی دوازدەهەم ........ ١١٦
سەرمایەی ژمارە #چوار: هێزی شەبەکەی خۆت ........ ١١٦
بەندی سیانزە ........ ١٢٦
سەرمایەی ژمارە #پێنج: لەبەرگرتنەوەیەک، بازرگانی بەتەواوی توانای گونجانی هەیە .. ١٢٦
بەندی چواردەهەم ........ ١٣٨
سەرمایەی ژمارە #شەش: کارامەیی سەرکردایەتیی بنیاتنە. ........ ١٣٨
بەندی پانزەیەم ........ ١٤٩
سەرمایەی ژمارە #حەوت: میکانیزمێک بۆ سامانێکی دروستکراوی ڕاستەقینە ........ ١٤٩
بەندی شانزەیەم ........ ١٦١
سەرمایەی ژمارە #هەشت: خەونی گەورە و تواناکەی تا ئەوان بژین........ ١٦١
بەشی سێیەم........ ١٨٥
داهاتووی تۆ ئێستا دەست پێدەکات ........ ١٨٥
چی وادەکات بازرگانییەکی شەبەکەی ........ ١٨٥
خستنەبازاڕی سەرکەوتوو دەست پێبکەیت........ ١٨٥
بەندی هەژدەیەم ........ ١٨٦
عاقلانە هەڵبژێرە ........ ١٨٦
بەندی نۆزدەیەم........ ١٩٩
ئەو چی دەبات ........ ١٩٩
بەندی بیستەم ........ ٢١٥
گوزەراندنی ژیانەکە ........ ٢١٥
بەندی بیست و یەک ........ ٢٢٤
بازرگانی لەسەدەی بیست و یەکدا ........ ٢٢٤



Scanned by TapScanner

# پێشەکی نووسەر

ئابووری لە تێکشکاندایە" کارەکەت لە کێشەدایە__ئەگەر تا ئەم ساتە خاوەنی کاریت. هەروەها دەزانیت چی؟ چەند ساڵێکە باسی ئەم بابەتە دەکەم.

زۆرێک کە گوێبیستی بوونە وەکو کارەساتێکی ئابووری جیهانی وەریاینگرتووە. بەڵام ئەم پەرتووکە دەربارەی ئەوە نییە کە چۆن یان بۆ چی هەموو شتێك رۆیشتووە بۆ ناو دۆزەخ. دەربارەی ئەوەیە کە بۆ چی ئەم هەواڵە خراپە دەگۆڕێت بۆ هەواڵێکی زۆر باش__ئەگەر بزانیت چۆن مامەڵە لە گەڵ ئەم بابەتە دەکەیت.

دەربارەی کارکردن لە دوو کەسەوە فێربووم: باوکم، کە کەسێکی زۆر رووناکبیر بووە، کارمەندێکی پلە بەرزی حکومەت بووە، لە گەڵ باشترین دۆستی باوکم، کە لە قۆناغی هەشتەم لە خوێندن دابڕاوە و خۆپێگەیەنەرێکی ملیۆنێرە. باوکی ڕاستەقینەم تا لە ژیاندا بوو ئازاری کێشەی ئابووری چەشتووە وە کاتێك مرد چەند ساڵێکی کەمی کارکردنی سەخت و پڕ لە کێشەو ناخۆشی پشانداوین" باشترین هاوڕێکەی باوکم بووە بە یەکێك لە پیاوە هەرە دەوڵەمەندەکانی هاوای (هاوای: یەکێکە لە دوورگەکانی ئەمریکا).

بیرم لەم دوو پیاوە کردۆتەوە "باوکی هەژارم " لە گەڵ "باوکی دەوڵەمەندم ". باوکی ڕاستەقینەم زۆر خۆشدەوێت و ڕێزێکی زۆری لێدەگرم، هێندەی لە توانامدا بێت یارمەتی زۆر کەسمداوە بۆ دوورخستنەوەی ئازارەکانی بێڕێزیکردن و ناخۆشی و نەهامەتی و

رۆبێرت كیۆساكی

سەرنەكەوتن لە كارەكانی رۆژانەدا كە تاعوونی رێڕەوەكانی ژیانی ئەو كەسانەیە.

دوای ئەوەی ماڵەكەم جێهێشت، سەرجەم جۆرە جیاوازەكانی ئەزموونكردنم هەبوو. كاری فرۆكەوانیم كردووە لە دەریادا لە فێتنام. چووم كاری لە بەرگرتنەوەی (استنساخ) وێنەم كرد، لە سەرەتای دەستبەكاربوونمەوە خراپترین فرۆشیار بووم وە دوای چوار ساڵ لە جێهێشتنی كارەكەم بووم بە باشترین فرۆشیار. دوای جێهێشتنی كارەكەم (لە بەرگرتنەوەی وێنە)، پەرەمدا بە كاری بازرگانی جیهانی بە چەندین ملیۆن دۆلار و سەر ئەنجام لە تەمەنی چل و حەوت ساڵیدا خانەنیشن بووم لە دڵسۆزی و خۆشەویستم بۆ كارەكەم__ فێركردنی كەسانی تر كە چۆن ببنە دروستكەری سەرمایەیەك بۆ خۆیان و ئەو ژیانە بژین كە خەونی پێوە دەبینن، لەجیاتی متبوونیان بە توانا و لێهاتوویەكی مامناوەندیتی و دەستهەڵگرتن بە توورەیی لە خەونەكانیان.

لە ساڵی ۱۹۹۷، دەربارەی ئەزموونەكانی ژیانم لە پەرتووكێكی بچووكدا نووسی. لە لایەن هەندێك خوێنەرەوە تووشی سەرزەنشتكردن بووم: باوكی هەژار و باوكی دەوڵەمەند (یەكێكە لە پەرتووكەكانی نووسەر) بەرزترتن ئاستین هەبوو لە لیستی كتێبە پڕ فرۆشەكانی نیۆیۆرك تایمز و بۆ ماوەی سێ بۆ چوار ساڵ زیاتر لەم ئاستەدا مایەوە، هەروەها وەسفكرا وەكو "باشترین فرۆشی كتێبی بازرگانی لە هەموو كاتێكدا."

لە دوای ئەوە، چەندین زنجرە كتێبی ترم لە سەر باوكی دەوڵەمەند نووسی هەروەها هەر یەكێك لەوانە سەرنجی جیاوازییان لە سەر بوو؛ هەموو ئەوانەش هەمان مەبەستییان دەگەیاند هاوشێوەی پەرتووكی

یەکەم، وە ئەم پەرتووکەی کە ئێستا بە دەستتەوەیە هەمان مەبەستی هەیە کە کرۆکی پەرتووکەکەیە.

بەرپرسیارێتی ئابووری خۆت هەڵبگرە___ یان فرمانی بەکارهێنانی بکە بۆ هەموو ژیانت. دەتوانی سەرکردەی پارەکانی خۆت بیت یاخود کۆیلەیان بیت. هەڵبژاردەی خۆتە.

هەبوونی ئەزموون و ئامۆژگاری بەختەوەرییەکی باوەڕپێنەکراو بوو لە ژیانمدا کە ڕێنیشاندەرم بوون بۆ چۆنییەتی دروستکردنی سامانێکی ڕاستەقینە. لە ئەنجامدا، خانەنیشن بووم بۆ دووبارە کردنی هەر کارێکی پێویست. لەو کاتە بە دواوە، کار دەکەم بۆ دروستکردنی داهاتوویەك بۆ خێزانەکەم. ئێستاش، کار دەکەم بۆ یارمەتیدانت لە دروستکردنی خۆتدا.

لە دە ساڵی ڕابردوودا، ژیانی خۆم تەرخانکردووە بۆ دۆزینەوەی کاریگەرترین ڕێگا و کردارییانە بۆ یارمەتیدانی خەڵك لە گۆڕینی ژیانیان لە سەدەی ٢١دا لە ڕێگەی فێربوونیان بۆ چۆنییەتی دروستکردنی سەرمایەیەکی ڕاستەقینە. لە پەرتووکەکەمانەوە باوکی دەوڵەمەند، من و هاوبەشەکەم دەربارەی چەندین جۆر و فۆرمی سەرمایەداری و پرۆژەی ئابووری جیاواز نووسیوومانە. بەڵام لە توێژینەوەکانی ئەم ساڵانەدا، گەیشتم بە کارێکی بازرگانی سەردەمییانە و کردارییانە کە بڕوام وایە هەڵگری پەیمانێکی گەورەیە بۆ ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵك بۆ گەیشتن بە دەستبەسەرداکردنی ژیانێکی ئابوورییانە، داهاتوویانە، چارەنووس سازانە.

شتێکی تر، کاتێك دەڵێم سەرمایەیەکی ڕاستەقینە، بە تەنها دەربارەی پارە قسە ناکەم. پارە بەشێکە لەوە، بەڵام ئەمە هەمووی نییە.

رۆبێرت کیۆساکی

دروستکردنی سەرمایەیەکی ڕاستەقینە زیاتر دەربارەی دروستکەرە دەربارەی دروستکراوە.

لەم پەرتووکەدا، من دەمەوێت پێت نیشان بدەم بۆ چی پێویستە کارێکی بازرگانی بۆ خودی خۆت دروستبکەیت، بە تەواویش چ جۆرێکی بازرگانی بێت. بەڵام بە تەنها دەربارەی گۆڕینی جۆری کارکردنی بازرگانیەکەت نییە" بەڵکو هەروەها دەربارەی گۆڕینی تۆیە. من دەتوانم نیشانت بدەم کە چۆن بیدۆزیتەوە ئەوەی پێویستت پێیەتی بۆ گەشەکردنی کارەکەت بە باشترین شێوە، بەڵام بۆ ئەوەی کارەکەت گەشە بکات، دەبێت خودی خۆشت بە هەمان شێوە گەشە بکات.

# بەشی یەکەم
# بۆ چی پێویستە کارێکت هەبێت خودی خۆت خاوەنداریێتی بکەیت

# بەندی یەکەم
# یاساکان گۆڕاون

ئێمە لە کێشەدا دەژین. چەند ساڵی ڕابردوو بۆتە هۆی هێنانی نمایشێکی بەردەوامی کێشە و تۆقین لە سەر دێڕەکاندا، لە ژووری کۆبوونەوەکاندا، هەروەها مێزی مەتبەخەکان لە ئەمریکادا. جیهانگەری، خزمەتگوزارییەکان، پاراستنی ئابووریەکەت، کار ڕاپەراندن، کەمترین گرەونامە و قەرزی دیارنەبووی گۆڕینەوە، تەزویرکردن، سەرنەکەوتن بە دیواری شەقامەکاندا، سستی ئابووری... ئەمانە تەنها بەشێکی بچووکن لە هەواڵە خراپەکان دوا بە دوای یەک.

تەنها لە چەند مانگی ڕابردووی ٢٠٠٩دا، کۆمپانیا ئەمریکیەکان ڕاگرتنی کاریان گەیشتۆتە نزیکەی چارەکە ملیۆنێك بۆ هەر مانگێك. ئێستا کە دەنووسم لە کۆتاییەکانی ٢٠٠٩دا دانەمەزراندن لە سەدا ١٠.٢ و ئێشتا هەر لە بەرزبوونەوەدایە. هەروەها کاتێك لە شوێنی کارەکەتیت بەڵام کاتەکانی کارکردنت و مووچەکەت بە شێوەیەکی بەرچاو کەم بۆتەوە بەڵام هەر خراپە. دابەزینی دامەزراندنی بە سوود و کەڵك کە چارەسەر نەکرێت یان سەخت بێت چارەسەرکردنی ئەوا پەتایەکی وێرانکەرە کە بەرگریکردن لێی ئاسان نییە. لە بەڕێوەبەران و بەڕێوەبەرانی ناوەندییەوە بۆ فەرمانبەری بەڕێوەبەرایەتی و کرێکارانەی یەخە شین. لە خاوەن بانکەکانەوە تا هەژارن. هەموو ئەمانە لە ژێر هەڕەشە و مەترسیدان. تەنانەت پیشەسازی چاودێری تەندروستی، هەتا بەم دواییە

ناوچەییەکی کاری پارێزراوی ڕەچاوکرد، کە دەبێتە نەخشەسازییەکی نائامادەی هێزی کار.

لە ڕووماڵی ئەمرۆی ئەمریکا لە ۲۰۰۹دا، ٦٠ لە سەدی دەگدەرە ئەمریکییەکان وتوویانە کە ئەوان ئەمرۆی ئەم بارودۆخەی ئابووری دەبینن وەکو گەورەترین قەیران لە ماوەی ژیانیاندا.

بە چوونمان بۆ سالی ۲۰۰۸، هەندێك کەسی خانەنشینبووی پۆستە وزارییەکان بە شێوەیەکی کتوپڕ نیوەی بەهایان یان زیاتریان لە دەستداوە. خانووبەرە و زەوی و زار بێ زیان نەبوون. بیرکردنەوەی خەڵك بە چی پتەو بوو، بە متمانە پێکردن وەهایان لێکردن هێندە پتەو بێت هەر وەکو هەڵمی ئەو (نووسەر وەکو تەنزێك ئەو ڕستەیە بەکار دەهێنێت). کاری پاراستن نەماوە، شتێکە لە ڕابردوودا. لە ڕووماڵی ئەمرۆی ئەمریکا لە ۲۰۰۹دا، ٦٠ لە سەدی دەنگدەرە ئەمریکییەکان وتوویانە کە ئەوان ئەمرۆی ئەم بارودۆخەی ئابووری دەبینن وەکو گەورەترین قەیران لە ماوەی ژیانیاندا.

بێگومان، ئێستا هەموو ئەمانە دەزانیت. بەڵام لێرەدا لەوانەیە ئەمەیان نەزانیت: هیچ کام لەوانە بە ڕاستی دەنگ و باسی ڕۆژ نین. بێگومان، بووە هۆی هێنانی قەیرانێکی ئابووری گرنگ بۆ خەڵك تاکو بە ئاگا بێنەوە لەو ڕاستییەی کە ژیانیان لە مەترسیدا بووە. بەڵام داهاتی شەوی ڕابردووت مەترسی نەبوو__ئەوە هەمیشە لە مەترسیدا بووە.

زۆربەی دانیشتوانی ولاتە یەکگرتووەکان چەندین ساڵە دەژین وەك ئەوەی لە سەر لێواری چەقۆیەك ژیان بکەن لە نێوان توانای دانەوەی قەرزەکان و داڕووخاندا، بە پشتبەستن بە هەژماری بانکێك یان دوان بۆ

خەرجییەکانی مانگانەیان، بە شێوەیەکی نموونەیی بە تەنها بەکارخستنی بڕێکی زۆر کەمی پارە پاشەکەوتکراوەکانیان ___ یان زۆرجار زیاتری بەکارخستن، بەڵام هیچ بەکارخستنێك نەماوە. ئەم هەژماری بانکییە پێی دەڵێن "بازرگانی بە کاتەکانتەوە بکە بۆ پارە،" هەروەها لە کاتی هەر پاشەکشەیەك، ئەم سەرچاوەی داهاتە کەمتر جێی متمانەیە. بۆچی؟ لەبەر ئەوەی کاتێك ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی فەرمانبەر دەستیانکرد بە ڕاکێشانی هەژمارەکەیان، ئەوە داهاتێکی کەمتر هەیە لە پاش ئەو بەکارهێنانە زۆرە تاوەکو بڕێك بدات بە کاتەکانی تۆش.

من ئەوەندەم پێ وتی

وەکو ئەوانە مەبە من ئەوەندەم پێ وتی، بەڵام ... من پێم وتی.

چەندین ساڵە من ئەم قسانە دەڵێمەوە: چیتر شتێك نەماوە پارێزراو بێت و کار بپارێزێت. کۆمپانیا ئەمریکییەکان داینەسۆری سەدەی ٢٠ن، لە سەر لێواری نەمان و دەلەرزن، تاکە ڕێگا بۆ ئەوەی بە ڕاستی داهاتوویەکی پارێزراوت هەبێت ئەوەیە کە بە ڕاستی دەستبەسەر ئەم داهاتووەدا بگریت.

ئەوەی لێرەدا هەیە نووسینێکمە لە ٢٠٠٠دا، لە پەرتووکێکدا کە ناونیشانەکەی *بازرگانیەکی پەروەردەیی بۆ ئەو کەسانەی کە هاوکاری خەڵك دەکەن.*

بە بۆچوونی خۆم، نەتەوە یەکگرتووەکان و زۆربەی نەتەوەکانی ڕۆژئاوا کارەساتێکی داراییان لە ڕێگەدایە، بە هۆی ئەو نشستی و هەڵانەی لە سیستەمی پەروەردەییماندا هەیە بۆ دەستەبەکردنی بەرنامەیەکی ڕاستەقینەی پەروەردەی دارایی بۆ قوتابییەکان.

کەواتە ئێستا چی ڕوو دەدات؟ دووبارە شکستێکی تری بازاڕکردن هەبوو وە هەندێك کەس دەچوون تا بە تەواوی تێکبشکێن. بۆچی؟ لە بەرئەوەی ڕاهاتنمان و بیرکرنەوەمان لە گەڵ ئێمە پێدەگەن.

لە ١٩٧١دا، ئابووری ئەمریکا لە پێوانەی زێڕ دوور کەوتەوە. بە بێ ڕازیبوونی کۆنگرێس ئەمە ڕوویدا، هەر چۆنێك بێت، بەڵام گرنگترین شت ئەوەیە کە ڕوویدا. بۆ چی ئەمە گرنگە؟ لەبەر ئەوەی ڕێگاکەی بۆ ئێمە ڕوونکردەوە بۆ دەستکردن بە چاپکردنی زیاتر و زیاتری پارە، هەر چەندێك بمانەوێت، بێ ئەوەی ببەسترێتەوە بە هەر ڕاستییەکەوە، سەختییەکەوە، نرخێکی ڕاستەقینەوە.

ئەم گۆڕانکارییە دوور لە ڕاستییەوە بووە هۆی کرانەوەی دەروازەکان بۆ بووژانەوەی گەورەترین ئابووی لە مێژوودا. لە پاش سێ دەیەو نیوو، چینە ناوەندەکانی ئەمریکا ڕاپەڕین . بەهای دۆلار کەمی کرد و بەهای تۆمارکراوی زەوی و زاری ڕاستەقینە کەمیکرد و سامانی دیکەش بە بادا چوون، خەڵکی ئاسایی بوون بە ملیۆنێر. لە ناکاو کرێدت بۆ هەر کەسێك، لە هەر کاتێك، لە هەر شوێنێك بەردەستبوو، وە کرێدت کارت دەستیکرد بە بڵاوبوونەوە بە ناو خەڵکدا هەر وەکو کوارگ لە دوای بارانی بەهار. تا دوور لەوانە کرێدت کارت بدەن، ئەمریکییەکان دەستیانکرد بە بەکارهێنانی ماڵان وەك ئەی تی ئێم ئێس (ئامێرێکی قسەکەرە)، قازانج و قەرز، قەرز و قازانج.

لە دوای هەموو ئەوانە، بەهای زەوی و زاری ڕاستەقینە هەمیشە لە بەرزبوونەوەدا دەبێت، ڕاستە؟

هەڵەیە. لەساڵی ٢٠٠٧دا لە ڕێگەی پەمپەوە هەوای گەرممان کردە ناو میزەڵدانی داراییەوە هەر چەندێك وەریگرێت__وە ئەم شتە سەرسووڕهێنەرە دووبارە تێکشکاو کەوتە خوارەوە بۆ سەر زەوی. هەروەها بە تەنها براکانی لێهمان و بییەر ستیرنس نەبوون کە بەرگەیان نەگرت. بە ملیۆنان کاری ٤٠١(کەی)س، خانەنشینی، و کارەکانیان لە دەستدا.

ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین بە ڕێژەیەکی مەترسیدار لە بەرزبوونەوەدایە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە سەروو تەمەنی ٦٥ ساڵیاوەن و کار دەکەن لە بەرزبوونەوەدایە.

لە ساڵانی ١٩٥٠دا، کاتێك جەنێراڵ مۆتۆرز کە بەهێزترین کۆمپانیا بوو لە ئەمریکادا، ڕۆژنامەیەك لێداوانێکی سەرۆکی جی ئم(جەنێراڵ مۆتۆرز)ی هەلگرتەوەو وەکو دروشمێك بۆ ماوەی دەیان ساڵ بەکاریهێنا: "بە ڕۆیشتنی جی ئم، نەتەوەیەك دەڕوات." باشە، گەل، لەوانە نییە هەموو ئەم دەنگ و باسانە باش بن، لە بەرئەوەی کاتێك جی ئم لە ٢٠٠٩دا بە مایەپووچی ڕۆیشت، هەر لە هاوینی هەمان ساڵدا، هەرێمی کالیفۆرنیا پرۆژە یاسایەك دەردەکات و دەڵێت من قەرزاری تۆم لەجیاتی ئەوەی بە کاش پارەکەت پێ بدات.

لە ئێستادا، ڕێژەی ئەو ئەمریکیانەی کە ماڵی خۆیان هەیە لە دابەزیندایە. مەرجی لابردنی مافی لە گرەودەرهێنان هەمیشە لە بەرزبوونەوەدایە. ژمارەی چینی خێزانە ناوەندەکان بەردەوام لە دابەزیندایە. پاراستنی هەژمارەکان کەمتر بۆتەوە، ئەگەر بوونی ئەوانە هەر چۆنێك بێت، ڕێز و

گرنگی خێزان مەزنترە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ڕەسمی لە ژێر هێڵی هەژاریدا دەژین بە ڕێژەیەکی مەترسیدار لە بەرزبوونەوەدایە. ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە سەروو تەمەنی ٦٥ ساڵین و کار دەکەن لە بەرزبوونەوەدایە. ژمارەی ئەوانەی مایەپووچ دەبن بە ڕێژەیەکی زۆر لە بەرزبوونەوەدایە. وە ژمارەیەك ئەمریکی ئەوەندەیان نییە کە خانەنشین بن___تەنانەت نزیکی ئەوەندەشیان نییە.

هەموو ئەمانە دەنگ و باسێکی خراپ بوون بۆ سەرنجەکانت؟ بێگومان خراپ بوون، وە تۆ بە تەنها نیت. لە کۆتاییدا ئەمریکییەکان لە هەموو شوێنێکەوە شکستەکانیان وەستاند و دووگمەی سەرخەو شکاندن لێدەدەن. نایابە! ئێستا تۆ بە ئاگایت لە ڕووداوەکان، وە ئەم ڕووداوانە جوان نین. کەواتە قووڵتر سەیر بکە و ببینە کە بە ڕاستی مانای چییە___وە دەتوانی چی بکەیت لە گەڵ ئەم بارودۆخەدا.

ئەمە سەدەیەکی تازەییە

کاتێك کە منداڵ بووم، خێزانەکەم هەمان هاوکێشەی سەرکەوتنیان فێر کردم کە لەوانەیە تۆش فێر بووبیت: بڕۆ بۆ قوتابخانە، باش بخوێنە، نمرەیەکی باش بە دەست بهێنە کە بتپارێزێت، پارەیەکی باش و قازانجێکی زۆر بکەیت لە کارەکەتدا، وە کارەکەشت گرنگی و بایەخت پێ دەدات.

بەڵام ئەوە سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی بوو، وە تۆ چیتر لە سەردەمی پیشەسازیدا نیت. کارەکەت بایەخ و گرنگیت پێ نادات. حکومەت بایەخت پێ نادات. هیچ کەسێك بایەخت پێ نادات. ئەمە سەدەی تازەیە، وە یاساکان گۆڕاون.

حێزانەکەم بڕوایان بە ئاسایشی کارە، خانەنشینی کۆمپانیا، ئاسایشی کۆمەڵایەتی، مێدیکێر. هەموو ئەمانە کۆتاییان هاتووە، بیرۆکە سوەوەکان لە گەڵ نەمانی سەدەدا کۆتاییان هات. ئەمڕۆ ئاسایشی کار وەکو یارییەك وایە، بیرۆکەی دامەزراندن بۆ هەموو ژیانت لە گەڵ تەنها کۆمپانیایەکدا__ئەم بیرۆکە نموونەییە لە لایەن ئای بی ئمەوە بە شانازییەوە پشتیوانی لێکرا لە کات و ڕۆژگاری خۆیدا__ئەمەش لە گەڵ مێژوودا نەگونجاوە هەر وەکو ئامێری چاپی دەستی.

زۆرێك وا بیردەکەنەوە کە ٤٠١(کەی) خانەنشینێکی پارێزراوە. هێی، ئەوان پشتگیریکران لە لایەن هێلەك شینەکان و سەرمایەدارە دوو لایەنەکان، چی دەتوانێت بە هەڵەدا بڕوات؟ ئەمانە گۆڕانکارییان تێداکراوە، هەموو شتێك دەتوانێت بە هەڵەدا بڕوات. هۆکاری هەموو ئەم مانگایانە کە چیتر هیچ شیرێك نادەن لەبەر ئەوەیە ئەوەن کۆنن و بەکارنەهاتوون: خانەنشینی، ئاسایشی کار، ئاسایشی خانەنشینی__هەموو ئەمانە بیرکرنەوەی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازین. ئێمە ئێستا لە سەردەمی تێکنۆلۆجی و زانیاریدایین، وە پێوستە ئێمە سەردەمی تێکنۆلۆجی و زانیاری بۆ بیرکردنەوە بەکار بهێنین.

لە ڕاستییدا، خەڵك دەستدەکەن بە گوێگرتن و فێربوون. ئەوە جێگەی شەرمە کە ئەو ماندووبوون و زەحمەتییەی لە وانەکان دووچاری دەبنەوە ڕوو دەکاتە ماڵەوە و وانەی ماڵەوە دەدەن، بەڵام لانی کەم وانەکان وانەی ماڵ دەدەن. هەموو کاتێك ئێمە ئەزموونی قەیرانێکی سەرەکی دەکەین__ڕێکخراوێکی نیوەپەیکەری، ئەنجامی ئابووری ١١\٩، ترس و



Scanned by TapScanner

تۆقینی ئابووری ۰۹ __خەڵکی هەستی پیّ دەکەن کە تۆڕی سەلامەتی رابردوو چیتر ناتوانرێت کاری لە گەڵبکرێت.

کۆمپانیا ئەفسانەییەکان کۆتاییان پێهات. ئەگەر تۆ چەندەها ساڵت تێپەڕاندووە هەتاکو بگەیت بە لوتکەی کۆمپانیا، هەرگیز وەستاویت تا تێبینی لەو تێڕوانینە بکەیت؟ چی تێڕوانینێکە، پرستکردووە؟ کۆتایی پەروەردەکردنی کەسەکە لە پێش تۆدایە. ئەمەیە کە تۆ پێیگەیشتووی بۆ بەرەو پێشچوونت. ئەگەر ئەمە ئەو رێگاییە کە تۆ دەتەوێت هەموو ژیانتی لێوە ببینیت، کەواتە لەوانەیە ئەم پەرتووکە بۆ تۆ نەبێت. بەڵام ئەگەر نەخۆشیت و ماندوویت لە سەیرکردنی کەسانی دوای خۆتەوە، کەوایە بخوێنەوە.

**دووبارە گەمژە مەبە**

کە ئەمانە دەنووسم، دانەمەزراندن بەردەوام لە بەرزبوونەوەدایە. بە تێپەڕینی کات ئەم وشانە دەخوێنیتەوە، کێ دەزانێت؟ لەوانە بارودۆخەکە گۆڕا بێت. گەمژە مەبە. کاتێک دامەزراندن و بەهای راستەقینەی زەوی و زار وەکو رابردووی لێدێتەوە هەروەها متمانەکردن دووبارە دروست دەبێتەوە، ئەوان وایانلێدێتەوە، دیسان مەگەڕێوە بۆ هەمان هەستەکانی رابردوو بۆ پاراستنی هەڵەکانت کە تۆی دەستکەوتبوو هەروەها ئەو جیهانەی ماوە بیهێنیتە نێو ئەم شوێنە نارێکەی سەرەتاوە.

لە هاوینی ۲۰۰۸دا، نرخی گاز هەر فڕی $٤ بۆ هەر گاڵۆنێک. فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ئس یوو فی وەکو بەرد، وە لە ناکاو هەموو کەسێک لە ناو سەیارەی بچووک و هایبێرد باندۆوگن بوون. بەڵام سەیرکە دواتر چی

ڕوویدا. لە ٢٠٠٩دا، نرخی گاز دابەزی بۆ ٢$__ئەمە یارمەتیدەرم بوو، دووبارە خەڵك دەستیانکردەوە بە کڕینی ئس یوو فی!

چی؟ ئایا ئێمە وا بیردەکەینەوە کە نرخی سووتەمەنی بە شێوەیەکی باش و نرخێکی کەم دەمێنێتەوە؟ لە ئێستادا دابەزینی نرخی گاز باشە، بۆیە گاس_گوززلەر(سووتەمەنی بزوێنەری ئۆتۆمبێل کە بڕی تێپووەکەی کەمە) تەواو باش و بەسوود دەبێت تا بکڕدرێت؟ لە ڕاستییدا ئێمە دەتوانین ئەوەندە دەستبلاو بین؟ (لێرەدا هەوڵ دەدەم باش دەرکەوم. ئەو وشەیەی من بەکارمدەهێنا "گەمژە بوو.")

بە داخەوە، وەڵامەکە بەڵێیە. ئێمە بۆ تەنها جارێك گەمژە نین" ئێمە ڕێگەمان بە خۆمانداوە چەندین جار دووبارە گەمژە ببینەوە. هەموومان گەورە بووین و گوێبیستی چیرۆکی مێروولەکە و کولەکە بووینە، بەڵام زۆربەی زۆرمان هەرچۆنێك بێت بەردەوام دەبین لە ژیانکردن هەر وەکو دووربینیەکەی کولله.

بە مانشێتەکانەوە خەریك مەبە، هەمیشە هەندێك شپرزەیی کە نیشانەی شێتییە بەردەوام هەوڵدەدات سەرنجت دووربخاتەوە لە کار و بازرگانی جیدی کە بنیاتنەری ژیانی تۆیە. ئەوانە تەنها ژاوەژاوێکەو هیچی تر. ئایا تیرۆرە، پاشەکشەیە، یاخود کۆتا ئابڕووچوونی بازنەی هەڵبژاردنەکانە، بە هیچ شتێك نەگەیشتین کە پێویست بوو ئەمڕۆ بیکەین تا داهاتوومانی پێ بنیات بنێین.

لە کاتی خەمۆکیەکی گەورەدا، خەڵك هەبوو کە خەریکی دروستکردنی سامان بوون. لە کاتی بووژانەوە مەزنەکەدا، وەك شەپۆلە ڕاستەقینەکەی زەوی و زاری سالانی ٨٠کان، بە ملیۆنان خەڵك هەبوون کە هەموو

شتێکیان ڕەتدەکردەوە و فەرامۆشیان دەکرد من دەمەوێت لەم پەرتووکەدا لە گەڵ تۆ هاوبەشی بکەم و کۆتایی بەو ئازار چەشتن و تێکشکاندنە بهێنم. هەندێك لەوانە، لە ڕاستییدا، هێشتا ئازار دەچێژن و تێکدەشکێن.

ئابووری کێشەکە نییە، بەڵکو تۆیت کێشەکە.

ئایا لەو گەندەڵییەی کۆمپانیا جیهانییەکان تووڕە و نیگەرانی؟ لە دیواری شەقامەکان و بانکە زەبەلاحەکان کە هۆکاری ئەم ڕووداوانەن؟ لە حکومەتێك کە تەواو ناڵێت بەس و کۆتایی بێت، یان لە کردنی زیاتر، یان لە کردنی زیاتری کاری هەڵە و نەکردنی کارە باشەکان؟ ئایا لە خۆت تووڕەیت کە بەم زووانە جڵەوی خۆت نەکردووە؟

ژیان سەختە. پرسیارەکە ئەوەیە، چی دەکەیت لە گەڵ ئەم بارودۆخەدا؟ ناڵین و ئاخ هەڵکێشان هیچ شتێك ناکەن بۆ داهاتووت. هیچ کام لە لۆمەکردنەکانت بەرامبەر دیواری شەقامەکان، بانکە زەبەلاحەکان، کۆمپانیا ئەمریکییەکان، یان لە حکومەت.

ئەگەر داهاتوویەکی باشت دەوێت، پێویستە دروستی بکەیت. دەتوانی داهاتووت ڕۆشن و گەشاوە بکەیت تەنها کاتێك جڵەوی سەرچاوەی داهاتەکانت کردبێت. پێویستت بە بازرگانی خۆت هەیە.

# بەندی دووەم
# ناوپۆشی زیوین

لە ١٣ی ٧ی، ٢٠٠٩دا، گۆڤاری تایم کە بەشێکی بەڕێوە دەبرد لە لاپەڕە٢ نووسیبوویان "١٠ پرسیار بۆ ڕۆبێرت کیۆساکی." یەکێك لە پرسیارەکان بەم شێوەیە لێی پرسی بووم: "ئایا لەوێ لەم بارودۆخەدا کە ئابووری شڵەژاوە دەرفەتی درستکردنی کۆمپانیای تازە هەیە؟"

"تۆ گاڵتە دەکەیت؟!" یەکەم بیرکردنەوەم بوو. ئەمەیە کە چۆن وەڵامدانەوە:

ئەمە باشترین کاتە. کاتێك کاتەکان خراپن ئەو کاتەیە کە بەڵێندەری ڕاستەقینە دەردەکەون. بەڵێندەرەکان بە ڕاستی بایەخ بەوە نادەن کە ئەگەر بازاڕ لە بەرزبوونەوەدا بێت یان لە دابەزیندا بێت. ئەوان بەرهەمی باشتر و چارەسەری باشتر دروستدەکەن. کەواتە کاتێك کەسێك دەڵێت، "ئۆه، ئێستا دەرفەتی کەمتر هەیە،" لەبەر ئەوەیە ئەوانە شکستخواردوو و دۆڕاون.

تۆ گوێبیستی زۆر هەواڵی سامناك و تۆقێنەر دەبیت دەربارەی ئابووری. ئامادەی بۆ هەواڵێکی باش؟ لە ڕاستییدا، هەواڵە خراپەکان هەواڵە باشەکانن. هەمان شتت پێ دەڵێم کە بە گۆڤاری تایمم وت: سستی ئابووری باشترین کاتە بۆ دەستپێکردنی بازرگانی خۆت. کاتێك ئابووری

دادەبەزێت، پیاوی کار گەرمتر دەبێت هەر وەکو ئەو دارانەی دەخرێنە نێو سۆپاوە لە شەوێکی زستانی سارددا.

پرسیار: ئایا مایکرۆسۆفت و ئیمپراتۆرییەتی دیزنی چی شتێکی هاوبەشییان هەیە، لەگەڵ ئەو ڕاستییەی کە ئەوان بە بیلیۆنان دۆلار لە بازرگانیدا سەرکەوتوو بوون تا گەیشتوون بەم ناوانەی ئێستا؟

وەلام: هەردووکیان لە کاتی سستی ئابووریدا دروستبوون.

لە ڕاستییدا، زیاتر لە نیوەی کۆمپانیاکان بە تێکڕا کە پیشەسازی داو جۆونزیان درووستکرد سەرەتای دەستپێکردنیان لە کاتی سستی ئابووریدا بوو.

بۆچی؟ ئاسانە: لە کاتی گومانی ئابووریدا، خەڵك دەبن بە داهێنەر. ناوچەی ئاسوودەیی تێکدەشکێنن و دەستپێشخەری دەکەن بۆ یارمەتی دروستکردنی کۆتا کۆبوونەوە. ئەمە کێشەی باشییە، پیاوی کاری ئەمریکی کۆن باشترن. کاتێك هەنگاوەکان سەختن، سەختی دەست دەکات بە هەنگاو.

بۆ یەك شت، بازاڕ لە کاتی ئابووری سەختدا دەرفەتی پێگەیشتنی بۆ دروست دەبێت. پێنج ساڵ پێش ئێستا، کاتێك بەهای خانووبەرە زۆر بەرز بوو و کرێدت لە هەموو شوێنێك بەردەست بوو، کەس برسی نەبوو. خەڵکی سکیان تێربوو، هەستیان بە سەلامەتی دەکرد، خەڵکێکی زۆر کەم دەگەڕان بۆ دۆزینەوە بەدیلێکی تر بۆ داهات. نیگەران نەبوون دەربارەی جێگیربوونی دارایی خاوەنکارەکانیان یا لەوانەیە خلیسکانێکی ڕەنگ پەمبەیی لە داهاتوویاندا بێت.

بەڵام لە ئێستادا چارەسەرکردنی ڕاگرتنی کار لە کارگەکان سەخت و دژوارە و هەموو کەسێکیش نیگەرانە دەربارەی ئەوەی کە دەبێت داهاتوو چی بێ بێت بۆیان، ملیۆنان خەڵک ژیرانە داراییەکانیان هەژمار دەکەنەوە و هەست دەکەن کە ئەگەر ئەوان ویستی هەبوونی ئایندەیەکی پارێزراویان هەبێت ئەوا دەتوانن هەژمار بکەن، ئەوان دەیانەوێت لە ڕێگەی پلانی دووەمەوە دووبارە هەڵبستنەوە. خەڵک لە ڕۆژگاری ئێستادا لە هەموو کات برسیترن تا زۆرترین پارە پەیدا بکەن، وە لە بەر ئەوە، ئەوان زیاتر ئارەزووی وەرگرتن دەکەن و ئارەزووی ئەوە دەکەن کە هۆش و بیرکردنەوەیان بکەنەوە.

لە ڕاستییدا، ئەوە ڕاستە کە ئابووری هیچ کاتێك وەکو ئێستا شکستی نەهێناوە. تەنانەت لە ٨٠کانیش، وە بە تایبەتیش کاتێك سەدەی ڕابردوو گۆڕانی بە سەردا هات، چۆنیەتی جڵەوکردنی ئابووری داهاتوویان بنیاتنا.

لە ساڵی ٢٠٠٧دا ژووری بازرگانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕاپۆرتێکدا بە ناونیشانی *کار، بەڵێندەری و دەرفەت لە سەدەی ٢١دا لە ئەمریکا* وتی: "ملیۆنان ئەمریکی بەڵێندەری بە گەرمی پێشوازی لێدەکەن بۆ بەڕێوەبردنی بازرگانییە بچووکەکانیان."

٧٢ لە سەدی گەنجە ئەمریکییەکان زیاتر دەیانەوێت بۆخۆیان کار بکەن نەوەك بۆ خاوەن کارێك کار بکەن، ٦٧ لە سەد وا بیردەکەنەوە کە دەست لە کارەکانیان هەڵبگرن "بە شێوەیەکی کاتی" یا "هەمیشەیی."

ئێستا، من ئابووریناس نیم، بەڵام دەزانم کەسێك بە ناوی پاول زەین پیزلەر. پاول لاوێکی بلیمەتە، گەنجترین جێگری سەرۆکی بانکی جیهان بوو، وە بانکی جیهانی جێهێشت بۆ ئەوەی لە ڕێگەی بازرگانییەوە بە

ملیۆنەها پارەی دەستبکەوێت. ئەو لە باشترین پڕ فرۆشەکانی نیویۆرك تایمز بوو، لە پێش ئەوەی ڕوودات پێشبینی پاشەکەوتکردن و قەیرانی قەرزی کردبوو، وە لە دوو بەڕێوەبەرایەتی لە ڕێگەی پێدانی ئامۆژگارییەوە خزمەتی دەکرد. ئەو کەسێك بوو شایەنی گوێگرتن بوو.

پاول دەربارەی ١٨٠ پلە گۆڕان لە نرخی کەلتووری لە دەوروبەری سروشتی پیشە قسە دەکات، لە گەڵ پێکهاتەی پیشەیی فەرمانبەری کۆمپانیای ئاساییدان کە ڕێگە بۆ بەڵێندەرایەتی بکاتەوە.

"زانا کۆنەکان لە نیوەی دووەمی سەدەی ٢٠دا،" پاول دەڵێت، "ڕۆیشتن بووە بۆ قوتابخانە، بە دەستهێنانی ئاستێکی باش بووە، کارکردن بووە بۆ کۆمپانیایەکی گەورە. بیرۆکەی چوونە نێو کاری بازرگانییەوە زۆربەی کات وەکو مەترسییەك سەیر دەکرا. زۆر پەسەندە، لەوانەیە، بەلام مەترسیدارە ... وە لەوانەیە هەندێك شێتی بێت. ئەمڕۆ بە تەواوی ڕێگەی تر هەیە لە دەورمان."

پاول ڕاستە. ڕاپۆرتی ژووری بازرگانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ناوبراو هەروەها ئاماژە بەوە دەکات لە گالەپ پۆلێکدا (گالەپ پۆل: واتە زنجیرەیەك پرسیار بۆ کۆمەڵە کەسێك تا لەڕێگەیەوە بزانن چۆن دەربارەی بابەتێك بیردەکەنەوە) بۆیان دەرکەوتووە کە ٦١ لە سەدی ئەمریکییەکان دەڵێن لەوانەیە پێمان باش بێت خۆمان بەڕێوەبەری خۆمان بین. لە پۆلێکی تردا، ئەمەیان ڕاڤەکراوە لە لایەن کۆمپانیای توێژینەوەی فرەنسۆ، بۆیان دەرکەوتووە ٧٢ لە سەدی گەنجە ئەمریکییەکان زیاتر دەیانەوێت بۆخۆیان کار بکەن نەوەك بۆ خاوەن

کارێك کار بکەن، ٦٧ لە سەد وا بیردەکەنەوە کە دەست لە کارەکانیان هەڵبگرن "بە شێوەیەکی کاتی" یا "هەمیشەیی."

هەروەها ئەوە بەتەنها دەربارەی بنیاتنانی ژیان نییە" بەڵکو هەروەها دەربارەی ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەژین. خەڵك بە ئاگا دێنەوە لە گەڵ ئەو ڕاستییەی کە دەیانەوێت جڵەوی زیاتریان بەسەر ژیانی خۆیاندا هەبێت. دەیانەوێت زیاتر پەیوەستبن بە خێزانەکانیانەوە، بەرپرسی کاتی خۆیان بن، لە ماڵەوە کارەکانیان بکەن، خۆیان دیاریکەری چارەنووسییان بن. لە ڕاڤەکردنی لێکۆڵینەوەکەدا، ٨٤ لە سەدی ئەوانەی وەڵامیاندابوویەوە وتبوویان کە ئەوان زۆر دڵسۆزتر دەبن بۆ کارەکانیان ئەگەر خاوەن بازرگانی خۆیان بن. یەکەم هۆکاری ئەوان کە دەیانەوێت بۆخۆیان کار بکەن؟ "دەمەوێت زیاتر دڵسۆزبم لە ژیانی کارکردنمدا."

چی ڕوو دەدات کە سەدەی ٢٠ ئەفسانەی ئاسایشی کارە، لەگەڵ بەڵێنی ئەوەی کە ئەم ڕێگەیە بەردەوام دەبێت، دڵخۆشکەرە، ئامانجی ژیان ئەوەیە کە کارێك بدۆزیتەوە و کار بۆ کەسێکی تر بکەیت، لە پێش چاوەکانمان تێکی بشکێنێت.

### *ئەفسانەی دامەزراندن*

زۆربەمان مێشکمان شۆردراوەتەوە بە هۆی بارودۆخەکانمانەوە کە وەکو شتێکی ئاسایی بیر لە دامەزراندن دەکەینەوە. بەڵام دوور لە مێژوو "ئاسایی،" لە ڕاستییدا بە تەواوی چەمکی دامەزراندن دیاردەیەکی تازەیەك بەم دواییانەیە.

لە کاتی سەردەمی کشوکاڵیدا، زۆربەی خەڵك پیاوی کار بوون. بەڵێ، ئەوان جوتیار بوون و لە زەوی پادشاکانیاندا کاریاندەکرد، بەڵام ئەوان دامەزراوی پادشاکانیان نەبوون. ئەوان لە لایەن پادشاکانەوە مووچەیان وەرنەدەگرت. لە ڕاستییدا، شتێکی تر هەیە لێرەدا: جوتیارەکان لە بەرامبەر بەکارهێنانی زەوی پادشاکاندا دەبوو باج بدەن. ئەم جوتیارانە لە ڕاستییدا وەکو خاوەنکارێکی بازرگانی بچووك ژیانیان دەکرد. قەساب بوون، نانکەر بوون، درووستکەری مۆمدان بوون ئەو کەسەی بە ناو نەتەوەی خێزانە بازرگانەکاندا تێدەپەڕی و پاشان دەهاتەوە ناو خۆمان کە ناوە بلاوەکەی: بۆ گوندەکەیان ئاسنگەرە" نانکەر، بۆ خاوەن فرنەکە" جوتیار، لە بەرنەوەی کاری خێزانەکانیان کشوکاڵ بووە" بەرگدروو، پیشەکەی لە بەرگدرووەوە وەرگرتووە" وەستای بەرمیل، کە زاراوەیەکی کۆنە و بۆ بازرگانی درووستکەری بەرمیل بەکارهاتووە.

هێشتا کاتی سەردەمی پیشەسازی نەبوو کە داواکارییەکی نوێ دەستی بە گەشەکردنکرد: داواکاری بۆ دامەزراندن. لە وەڵامدا، حکومەت ئەرکەکەی بە پەروەردە سپارد، ئەوانیش بە هەلگرتنەوەی سیستەمی پرووسیان، لە دوای ئەم ڕۆژەوە سیستەمی زۆربەی قوتابخانەکانی ڕۆژئاوا لە جیهاندا پەیڕەوی ئەم سیستەمە دەکەن.

هەرگیز بیرت لەوە کردۆتەوە کە بیرۆکەی خانەنشین بوون لە تەمەنی ٦٥ساڵیدا لە کوێوە سەری هەڵداوە؟ پێت دەڵێم لە کوێوە: ئۆتۆ فۆن بیزمارك، سەرۆکی پرووسیا، لە ساڵی ١٨٨٩دا. لە ڕاستییدا، پلانەکەی بیزمارك بۆ تەمەنی ٧٠ ساڵی بوو، نەوەك ٦٥، بەڵام لە کاتی کێشە سەختەکاندا. بەڵێنیان بە خەلکە کۆنەکەدا کە پاش تەمەنی ٦٥ ساڵی

خانەنشین بکرێن ئەم بەڵێندانەش زۆر مەترسییەکی ئابووری نەبوو بۆ حکومەتەکەی بیزمارک؛ چونکە لەو کاتەدا، تێکرای تەمەنی پرووسییەکان دەورووبەری ٤٥ بوو. هەندێکیان زۆر باش تا ٨٠ و ٩٠کان دەژییان هەمان بەڵێن لەوانەیە ئیفلاس بوونی حکومەتی لێبکەوێتەوە بۆ نەوەی داهاتوو.

کاتێك بە دوای ئەم فەلسەفەیەی لە پشت پەروەردەی پرووسیاوەیە دەگەڕێیت، بۆت دەردەکەوێت کە مەبەستەکە ئەوا بوو سەرباز و فەرمانبەر بەرهەمبهێنێت، ئەوانەش لەو کەسانە بوون کە شوێنیان دەکەوتن و ئەو کارانەیان دەکرد کە پێیان دەوترا.

لە ئەمریکا لە سالانی ٦٠ و ٧٠کانـدا، کۆمپانیاکان وەك ئای بی ئم "دامەزراندن بۆ ژیانیان" دروستکرد کە پێوانەیەکی زێڕینی ئاسایشی کار بوو. بەلام دامەزراندن لە ئای بی ئم گەیشتە لوتکە لە سالی ١٩٨٥دا، وە ئەم چەمکە بە تەواوی جێگیربوو، لە ئەنجامدا متمانەی پیشەی کۆمپانیا لە ساتی هەبوونییەوە هەرگیز بەو شێوەیە دابەزینی بە خۆیەوە نەبینی بوو. "بە ڕۆیشتنی جی ئم، نەتەوەیەك دەڕوات..."

ئێمە لێرەین، نیو سەدە دواتر، شتەکان باش نەدەچوونە پێش بۆ جی ئم. ئەمە مانای ئەوە دەگەیەنێت کە ئەمریکا کۆتایی پێهات؟ نەخێر، بەلام لێرەدا کۆتایی پێهاتوویەك هەیە: ئەفسانەی ئاسایشی کۆمپانیا و پلانی ٤٠ سالی کۆتاییەکەیە.

### ئای بوون بەخاوەنکار

من نالێم دامەزراندن شتێکی خراپە. بە تەنها دەڵێم کە ئەوە تەنها ڕێگەیەکە بۆ داهاتی نەوەکان، وە بە ڕاستی زۆر سنووردارە. لە ئێستادا

چی ڕوو دەدات ئایا خەڵك بە ئاگا هاتوونەتەوە لەو ڕاستییە. ئەو خەڵکە__لە گەڵ تۆشدا__بڕیاریانداوە تەنها ڕێگەیەك کە ئەوان هەیانبێت بۆ گەیشتن بە سەرجەم ئەو شتانەی کە لە ژیاندا دەیانەوێت دانانی خواردنە لەسەر مێزی خاوەنکارەکە.

بەم شێوەیە، من تەنها کەس نیم کە ئەم بارودۆخە دەبینم. لەوانەیە و لەوانە نییە کە گوێبیستی محمد یونس بوبیت، نووسەری *خاوەن بانك بۆ هەژار*، بەلام لیژنەی نەوبێل لە ئۆسلۆ، نەرویج، گوێبیستی محمد یونس بوونە. ئەوان خەلاتی ئاشتی نۆبلیان لە ساڵی ٢٠٠٦ پێبەخشی لەبەرامبەر چەمکی مایکرۆکریدت بۆ خاوەنکارانی جیهانی سێیەم. یونس وتی، "هەموو کەسێك خاوەنکارە،"، " بەلام هەندێك کەس ئەو دەرفەتەی نەبووە تا ئەوە بدۆزێتەوە."

تای بوون بەخاوەنکار لە بەرزبوونەوەدایە، لەبەر ئەوەی کاتێك ئابووری دادەبەزێت، گەرمی چالاکی خاوەنکار بەرزدەبێتەوە. لە ڕاستییدا، خاوەنکارەکان لە کاتی کەوتندا گەشە دەکەن.

ئەو لە پێش ئەوەی ئابووری بە تەواوی بکەوێت باسیکردبوو لە ٧٠ و ٨٠کاندا، لە هۆشیارکردنەوەی دەنگ و باسە خراپەکانی دارایی، زیاتر و زیاتر خەڵك چالاك دەبوون لە گەڕان بە دوای دەرفەتدا بۆ جێبەجێکردنی ئەوەی کە مستەر یونس قسەی لە بارەوە دەکرد.

تای بوون بەخاوەنکار لە بەرزبوونەوەدایە، لەبەر ئەوەی کاتێك ئابووری دادەبەزێت، گەرمی چالاکی خاوەنکار بەرزدەبێتەوە. لە ڕاستییدا، خاوەنکارەکان لە کاتی کەوتندا گەشە دەکەن. لە کاتە گوماناوییەکاندا، ئێمە بە دوای ڕێگەی دیکەدا دەگەڕێین بۆ دەستکەوتنی داهات. کاتێك کە

دەزانین ناتوانین پشت بە خاوەنکار ببەستین، دەستدەکەین بە تەماشاکردنی خۆمان. دەستدەکەین بە بیرکردنەوە کە لەوانەیە کاتی تێکشکانی ناوچەی ئاسوودەیی بێت و ببینە داهێنەر لە دروستکردنی داهاتوودا.

لە پێوانەی فیدراڵی نەتەوە یەکگرتووەکاندا دەرکەوتووە کە بەهای تێکڕای خێزانەکان بۆ بوون بەخاوەنکار پێنج هێندە زیاترە لە بوون بە فەرمانبەری ئاسایی. ئەمەش مانای ئەوەیە کە خاوەنکارەکان پێنج هێندە زیاتر ویستی ئەوەیان هەیە تایەکە دابەزێن و تەندروست بن و زۆر لە جاران بەهێزتر بن، لەبەر ئەوەی ئەوان ئابوورییەکی بەهێزیان بۆخۆیان دروستکردووە.

لە هەمان پێوانەدا بۆیاندەرکەوتووە کە زۆرینەی دەنگدەرانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوون بە خاوەنکار وەکو کلیلی چارەسەری قەیرانە ئابوورییەکان دەبینن. "مێژوو بەردەوام کومپانیا و خاوەنکاری نوێی دەرخستووە کە ڕێگابەکن پشتگیری لە ئالآی ئابووری دەکەن،" بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پێوانەکە ئەو قسانەیکرد.

گاڵتە ناکەم.

لەوانەیە ئەوانەی "زۆریەی دەنگدەرانی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا" ئەو کەسانەی وتوویانە بڕوامان وایە کە لە ڕاستییدا لەوانەیە بێ بایەخ بکرێن وە دەبێت شتێك دەربارەی ئەوە بکەین. ئەوە مەحاڵ نییە، ئەگەر چی هەناسەدانم ڕانەگرتووە. بەلآم لە ئێستادا، ئالآکەی ئابووری کە زۆر بایەخی پێدەدەم دەبینم پشتگیری لێدەکرێت لە لایەن خاوەنکاری خۆتەوە.

لەوانەیە ئەمانە کاتە سەختەکانی ئابووری بن بۆ زۆرێك، بەلام بۆ هەندێك لە خاوەنکارەکان__ئەوانەی کە مێشکێکی تەواو کراوەیان هەیە ئێدەگەن کە دەمەوێت لە چەند بەشی داهاتوودا چی شتێك ڕوونبکەمەوە__ئەمانە کاتی دووگیانی ئابووری شاراوەیە. نەوەك بە تەنها ئێستا کاتی هەبوونی کاری خۆت بێت، بەلام لە ڕاستییدا، هەرگیز لەم کاتەی ئێستا باشتر نابێت، ئەمڕۆ.

من وتم، کاتێك ڕۆیشتنەکان سەخت دەبن، سەختی دەستدەکات بە ڕۆیشتن. وە ئەگەر ئەوا ڕاست بێت__کە ڕاستیشە__ کەواتە تەنها دوو پرسیار جێدەهێڵم.

یەکەم: ئامادەی بۆ ئەوەی سەخت بیت؟

وە ئەگەر وەلامەکەت "بەڵێیە،" کەواتە پرسیاری ژمارە ٢، دەستتکرد بە ڕۆیشتن؟

من ناتوانم وەلامی پرسیاری یەکەمت بۆ بدەمەوە، بەلام زۆر بە باشی دەزانم کە چۆن وەلامی پرسیاری دووەم بدەمەوە. ئەم پەرتووکە دەربارەی وەلامدانەوەی ئەو پرسیارانەیە.

# بەندی سێیەم
# ئایا لە کوێ دەژیت؟

چەندین ساڵە کاری قوورس دەکەیت، لە پێناو سەرکەوتن بە سەر پەیژەی ژیاندا. بەڵام لەوانەیە تا ئەم ساتەوەختە لە نزیکی خوارەوەی پەیژەکەدا بیت، یا لەوانەیە تەنانەت نزیکی سەرکەوتنیش بیت. لە ڕاستییدا لە چی شوێنێکی پەیژەکەدا بیت کێشەیەك نییە. کێشەکە ئەو پرسیارەیە کە لەوانەیە لە یادتکربێت تا بوەستیت و پرسیار بکەیت پێش ئەوەی ئەو هەموو کاتە ڕەنجبدەیت لە پێناو سەرکەوتندا: ئەم پەیژەیە لە چ شوێنێکدایە؟

ستیڤن کۆڤێی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کێشە ئەوە نییە کە خێرایی و بەرزی سەرکەوتنت بە سەر پەیژەکەدا چۆنە ئەگەر پەیژەکە ڕووی لە بەرامبەر دیوارێکی هەڵەدا بێت.

ئامانجی ئەم بەندە بۆ تۆ ئەوەیە بۆ خولەکێك لە سەرکەوتن بوەستیت و سەیر بکەیت پەیژەکەت لە چی شوێنێکدایە. هەروەها، ئەگەر بە شوێنی پەیژەکە دڵخۆش نیت، کەواتە بۆ شوێنێك بگەڕێ کە دەتەوێت پەیژەکەتی لێ دابنێیت.


ئایا چۆن وادەکەیت پارە پەیدا بکەیت؟

هەندێك کەس وادەدەنێن کە پلەوپایەی داراییان لە ئەنجامی ئەو بڕەی بە دەستی دەهێنن دەناسرێت، نرخ و بەهایان چەندێکە، یا تێکەڵەیەکن لە

هەردووکیان. وە گومانی تێدا نییە کە هەندێك بەرگەگرتن لەوەدا هەیە. گۆڤاری فۆربێز "دەوڵەمەند" بەم شێوەیە دەناسێنێت کەسێکە کە ل ماوەی ساڵێکدا یەك ملیۆن دۆلار بە دەست دەهێنێت (کە مانگانە دەکاتە دەورووبەری ٨٣,٣٣٣$، یا دەکاتە کەمتر لە ٢٠,٠٠٠$ بۆ هەر هەفتەیەك)، وە "هەژار"یش بەم شێوەیە دەناسێنێت کەسێکە کە ساڵانە کەمتر ل ٢٥,٠٠٠$ بە دەست دەهێنێت.

بەڵام لەوە گرنگتر کە تۆ چەندێکت پارە پەیداکردووە چۆنییەتی پەیداکردنییەتی. بە شێوەیەکی تر، نەوەك بە تەنها چۆنییەتی پەیداکردنی، بەڵکو چۆن پەیداتکردووە__ لە کوێوە پەیداتکردووە. لە ڕاستییدا چوار سەرچاوەی جیاوازی پەیداکردنی پارەمان هەیە. هەر یەکێك لەوانە بە تەواوی جیاوازە لەوانی تر؛ هەر یەکە پێناسە و شێوازێکی تەواو جیاوازی ژیانکردنیان هەیە، بێگودانە ئەو بڕەی پەیداتکردووە یان پەیدایدەکەیت.

لە دوای چاپکردنی باوکی دەوڵەمەند و باوکی هەژار، پەرتووکێکم نووسی بۆ ڕوونکردنەوەی چوار وشە جیاوازەکەی باسمانکرد. هەندێك کەس وتیان کە ئەم کتێبە، *بازنەی پارەی نەختینە*، لە باشترین نووسینەکانمە تا ئەم کاتە لەبەر ئەوەی بە ڕاستی چووە ناو دڵی کێشە زۆر گرنگەکانەوە بەشداری بەو کەسانە دەکات کە بە ڕاستی دەیانەوێت گۆڕانکاری لە ژیانیاندا بکەن




*بازنەی پارە نەختینە* نوێنەرایەتی

ڕێگەی جیاوازی داهاتی پارەی نەختینە دروستدەکات. بۆ نموونە، کارمەندێك لە ڕێگەی کردنی کارێکەوە بۆ کەسێك یان کۆمپانیایەك پارەی دەست دەکەوێت. کارمەندی بڕوا بەخۆبوو ئەو کەسانەن بەکارکردن بۆخۆیان پارە پەیدا دەکەن، ئیتر لە ڕێگەی کارکردنی بە تەنها بێت یاخود کاری بازرگانی بچووکەوە بێت. خاوەن بازرگانێك خاوەن بازرگانییەکی گەورە دەبێت (بە شێوەیەکی نموونەیی ٥٠٠ کارمەند یان زیاتر) پارەی بۆ بەدەست دەهێنن. وەبەرهێنەر لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە پارە پەیدا دەکات__بە واتایەکی دیکە، پارە پارە دەهێنێت واتە بەکارخستنی پارە دەبێتە هۆی بەدەستخستنی پارەی زیاتر.

E=کارمەند

S=کارمەندی بڕوا بەخۆبوو یا خاوەن بازرگانی بچووك

B=خاوەن بازرگان

I=وەبەرهێنەر

لە کام بازنەدا دەژیت؟ بە واتایەکی دیکە، زۆرترین داهاتت لە کام بازنەوە دەستکەوتووە یان لە کامیاندا دەژیت؟

***بازنەی E***

ڕێژەیەکی ئێجگار زۆرمان فێردەبێت، دەژی، خۆشەویستی دەکات، وە ئەم ژیانە جێدەهێڵێت لە بازنەی ئیدا. سیستەمی پەروەردەمان و کەلتوورمان دەمانگوازنەوە، لە بێشکەوە بۆ گۆڕ، وە ئێمە لەم جیهانەدا چۆن لە ناو بازنەی ئیدا دەژین.

چیەتی فەلسەفەی ئەم جیهانە باوکی هەژارم__باوکی ڕاستەقینەم__فێریکردووم، وە لەوانەیە تۆش فێری بووبیت، وەکو من،

کاتێك گەورە دەبیت: بچۆ بۆ قوتابخانە، باش بخوێنە و ئاستێکی باش بەدەست بهێنە، کارێکی باش و بە قازانج لە کۆمپانیایەکی باش بەدەست بهێنە.

*بازنەی S*

بەهۆی ئارەزووەکان هەوڵدەدەن بۆ ئازادی زیاتر و بڕیاردانی چارەنووس، زۆرێك لە خەڵك لە بازنەی ئیبەوە کۆچ دەکەن بۆ بازنەی ئێس. ئەوە ئەو شوێنەیە کە خەڵك دەڕۆن بۆی "لە دەرەوەی خۆت بدا" وە خەونی ئەمریکای بە دوادا دێت.

بازنەی ئێس مەودایەکی زۆر فراوانی پەیداکردنی هێز و توانا دەگرێتەوە، هەموو ڕێگاکان لە ڕۆژنامەوانێکی هەرزەکارەوە یان باخچەوانێکەوە، هەوڵی بەرزترین ئاست دەدەن تاوەکو ببنە پارێزەری کردارێکی تایبەت، ڕاوێژکارێك، یان قسەکەرێکی گشتی.

بەڵام ئەگەر لە کاتژمێرێکدا $٨ بە دەست دەهێنیت یان $٨٠,٠٠٠ لە ساڵێکدا، ئەوە بازنەی ئێس بە شێوەیەکی نموونەی وەکو تەڵەیەك دەبێت. لەوانەیە وا بیربکەیتەوە کە "بەڕێوەبەرەکەت دەسوتێنێت" بەڵام لە ڕاستییدا چی شتێك ڕوودەدات ئەوەی ڕوودەدات گۆڕینی بەڕێوەبەرەکەتە. تۆ تا ئێستاش هەر کارمەندی. تەنها جیاوازی ئەوەیە کاتێك دەتەوێت سەرزەنشتی بەڕێوەبەرەکەت بکەیت لەبەر کێشەکانت، لەو ساتەدا بەڕێوەبەرەکە تۆیت.

بازنەی ئێس دەکرێت جێی بایەخ و سوپاسگوزاری نەبێت و شوێنێکی سەخت بێت بۆ ژیان. هەموو کەسێك لەم بازنەدا لە تۆ دەدات. حکومەت لە تۆ دەدات___یەك ڕۆژی تەواو لە هەفتەیەکدا تەنها لە ژێر

گوێڕایەڵبوونت بۆ باج بەسەر دەبەیت. کارمەندەکان لە تۆ دەدەن، مشتەرییەکان لە تۆ دەدەن، وە خێزانەکەشت لە تۆ دەدەن لەبەر ئەوەی هیچ کاتێک پووخسەت وەرناگریت. چۆن دەتوانی؟ ئەگەر بتوانیت، زەوییەکەت لە دەست دەدەیت. هیچ کاتێکی ئازادت نییە لەبەر ئەوەی ئەگەر پووخسەت وەربگریت، کارەکەت هیچ بڕە پارەیەکت پێنادات.

زۆر ڕاشکاوانە، بازنەی ئێس بۆ کۆیلەیە: تۆ ناتوانی بەڕاستی خاوەنکاری خۆت بیت" کارەکەت خاوەنی تۆیە.

*بازنەی B*

بازنەی بی ئەو شوێنەیە کە هەموو کەسێك بۆ دروستکردنی کاری گەورە ڕووی تێدەکەن. جیاوازی نێوان بازرگانی ئێس و بازرگانی بی ئەوەیە کە تۆ کاردەکەیت بۆ بازرگانی ئێس، بەڵام بازرگانی بی بۆ تۆ کار دەکات.

هەندێکم لە بازرگانی بی هەیە، لەناویاندا بازرگانی پیشەسازی، بازرگانی زەوی و زاری ڕاستەقینە، کۆمپانیا بچووکەکان، وە ئەوانی تریش.

ئەوانەی کە دەژین و کار دەکەن لە بازنەی بیدا بوونی خۆیان سەلماندووە، لەبەر ئەوەی ئەوان جڵەوی سەرچاوەی داهاتەکانیان کردووە.

*بازنەی I*

ئەمە زانستی مووشەکی نییە. باوکی دەوڵەمەندم فێریکردووم لە ڕێگەی قەرزخکردنەوە لەناو بازنەی ئایدا ژیان بکەم، وە ئێمە هەموومان دەزانین کە ئەوە چۆن کار دەکات: چوار خانووی سەوز، هۆتێلێکی سوور" چوار خانووی سەوز، هۆتێلێکی سوور.

***گۆڕینی کارەکەت گۆڕینی بازنەکانت نییە***

ئێستا ڕێگە بدە بۆت ڕوونبکەمەوە بۆ چی تێگەیشتن لەم بازنە جیاوازانە گرنگە. چەند جار هەبووە کە گوێبیستی گلەیی کەسێک بوویتە دەربارەی کارەکەی، پاشان بڕیار دەدات کارەکەی بگۆڕێت، بەڵام دوای تێپەڕینی چەند ساڵێک ئەو کەسە دەبینیتەوە لە گەڵ هەمان گلەیی و سکاڵای کۆنیدا؟

بەردەوام سەختتر و سەختتر کار دەکەم، بەڵام هیچ پێش ناکەوم.

هەموو کاتێک دەگەم بە بەرزبوونەوە، بە ناوی باج و خەرجییەوە دەخورێت.زیاتر دەمەوێت {بۆشاییەکە پڕبکەوە} بیەکەم، بەڵام ناتوانم لەم قۆناغەی ژیاندا بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە و پیشەیەکی تەواو نوێ فێربیم.ئەو بەڕێوەبەرە بۆگەنە! بەڕێوەبەرەکەم بۆگەنە! ژیان بۆگەنە! (هەتا دوای.)ئەمانە و دەیانی تری وەکو ئەم لێدوانانە کەسێک کە فریوو دراوە ڕزگار دەکەن__لە لایەن کارێکی دیاریکراوەوە فریوو نادرێت، بەڵام لە یەکێك لە بازنەکاندا فریوو دەدرێت. کێشەکە ئەوەیە، لە ڕاستییدا لە زۆربەی کاتدا کاتێک خەڵك دەگەن بە دەست پێشخەرییەك گۆڕانکاری لە ژیانیاندا دەکەن، هەموو ئەوەی دەیکەن گۆڕانی کارەکەیانە. چی شتێك پێویستە تا بتوانن بازنەکەیان بگۆڕن.

شکاندنی پێکهاتەی هەموو ئەو کارە نموونەیی و ئاساییانە وە دروستکردنی داهاتێك بۆ خودی خۆت تەنها لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرێت کە بکرێتە ناوکەش و هەوایەکی زریاناوی ئابوورییەوە، زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی چتیر پشت بە بەڕێوەبەرێك یان ئابوورییەك نابەستیت بۆ دیاریکردنی داهاتەکانت. ئێستا تۆ دیارییان دەکەیت.

بەشی دەستە چەپت__بازنەی ئی و بازنەی ئێس__ئەو شوێنەیە کە زۆربەی خەڵکی لێدەژین. ئەو شوێنەیە کە ئێمەی بۆ دەهێنرین و مەشقمان پێدەکرێت بۆ ئەوەی لە گەڵیدا بژین. "ئاستێکی باش بەدەست بهێنە، تا بتوانی کارێکی باش بەدەست بهێنیت،" ئێمە پێمان وتی. بەڵام لەناو بازنەی بیدا ئاستەکەت کێشەیەك نییە. خاوەن بانك پرسیارت لە تۆ ناکات بۆ بینینی ئەنجامەکانت" بەڵکو ئەو دەیەوێت لێدوانی داراییت ببینێت. شکاندنی پێکهاتەی هەموو ئەو کارە نموونەیی و ئاساییانە وە دروستکردنی داهاتێك بۆ خودی خۆت تەنها لە ڕێگەی ئەوەوە دەکرێت کە بکرێتە ناو کەش و هەوایەکی زیاناوی ئابوورییەوە، زۆر بە سادەیی لەبەر ئەوەی چتیر پشت بە بەڕێوەبەرێك یان ئابوورییەك نابەستیت بۆ دیاریکردنی داهاتەکانت. ئێستا تۆ دیارییان دەکەیت. بە لایەنی کەمەوە ٨٠ لە سەدی دانیشتووان لە بەشی دەستە چەپی وێنەکەدا دەژین. بازنەی ئی، بە تایبەتی، ئەو شوێنەیە کە فێرکراوین بیدۆزینەوە چونکە شوێنێکی پارێزراو و سەلامەتە. لە لایەکی ترەوە، بەشی دەستە ڕاست__بازنەی بی و بازنەی ئای__ ئەو شوێنەیە کە ئازادی لێیە. ئەگەر دەتەوێت لەو بەشەدا بژیت، کەواتە دەکرێت دڵخۆش ببیت. بەڵام ئەگەر بتەوێت بە سەلامەتی لە بەشەکەی تردا بژیت، کەواتە لەوانەیە ئەوەی لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە بۆ تۆ نەبێت. ئەمە بڕیارێکە تەنها دەتوانیت بیکەیت.

لە کام بازنەدا دەژیت؟

دەتەوێت لە کام بازنەدا بژیت؟

# بەندی چوارەم
# کرۆکی بەها داراییەکەت

چوار بازنەکە بە تەنها بۆ چوار پێکهاتەی جیاوازی بازرگانی نییە. ئەو زیاتر بۆ چوار بۆچوونی جیاوازە. کام بازنە بۆ دەستکەوتنی داهاتە سەرەتاییەکانت هەڵدەبژێریت ئەوە کەمتر هەیە بۆکارکردن لە گەڵ بارودۆخی دەرەوەت___ پەروەردەکەت، مەشقەکانت، ئابووری، چی دەرفەتێک بەردەست دەبێت لە دەوروبەری تۆدا___ ئەوە زیاتر دەکرێت لەگەڵ کرۆکی ئەوەی کە تۆ کێیت: بەهێزییەکانت، لاوازییەکانت، وە بایەخە ناوەکیەکانت.

ئەمە کێشەیە بۆ *کرۆکی بەها داراییەکەت*. ئەم کرۆکە جیاوازانە ئێمە ڕادەکێشن یان بەرپەرچمان دەدەنەوە لەگەڵ بازنە جیاوازەکاندا.

ئەمە بۆ زاڵبوون گرنگە لەبەر ئەوەی مانای ئەوە بوو کە گۆڕان لە بازنەی نییەوە یان ئێسەوە بۆ بازنەی بی وەکو گۆڕینی ناونیشانێک لە نووسینگەی پۆستە بەو شێوەیە ئاسان نییە. تۆ بەتەنها ئەوەت نەدەگۆڕی کە دەتویست، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر ڕاستییانە، تۆ هەروەها ئەوەشت دەگۆڕی کە تۆ کێیت. یا لانی کەم، چۆن بیردەکەیتەوە.

هەندێک کەس لەوانەیە دڵخۆش بن بە دامەزراندن، لە کاتێکدا هەندێکی تر پێی بێزار بن. هەندێک کەس بە بوون بە خاوەنی کۆمپانیا دڵخۆش دەبن؛ بەڵام نایەنەوێت بەڕێوەی ببن. هەندێک کەس بە سەرمایە دڵخۆش دەبن؛ لە کاتێکدا هەندێکی تر لەدەستدانی پارە بە مەترسی دەزانن. زۆرێک لە

نیە کەمێك لەهەر یەك لەو تایبەتمەندیانەمان تێدایە. هەروەها ئەوەش گرنگە کە تێبینی بکەیت تۆ دەتوانیت دەوڵەمەند بیت یاخود هەژار لەناو هەر چوار بازنەکەدا. خەڵك هەیە بە ملیۆنەها بەدەست دەهێنن وە خەڵکیش هەیە ئیفلاس دەکەن لەناو هەر یەك لە بازنەکاندا. ژیان لە هەر یەکێك لە بازنەکاندا هەمیشە مانای سەرکەوتنی مسۆگەرکردنی دارایی نیە.

دەتوانیت بە گوێگرتن لە وشەکانیان باس لەوە بکەیت کە خەڵك لە کام بازنەدا دەژی. کاتێك تەمەنم ٩ ساڵ بوو، دەستمکرد بە دانیشتن لەگەڵ باوکی دەوڵەمەندم کاتێك چاوپێکەوتنی لەگەڵ خەڵك دەکرد بەمەبەستی بە کرێگرتنی گونجاو. لە چاوپێکەوتنەکانی باوکی دەوڵەمەندمەوە، فێربووم گوێ لە کرۆکی بەهای خەڵك بگرم__ئەو بەهایەی کە باوکی دەوڵەمەندم دەیگووت لە ڕوحەکانمانەوە دێت.

ئەمانە هەندێك دەستەواژەی سەرەکییە لەهەر یەك لە بازنەکانەوە دەرکەوتوون، لەگەڵ وێنەیەکی بەهای کرۆکی لەهەر یەکێکیان.




**بەهای بازنەی E**

*"بۆ سەلامەتی دەگەڕێم، ئاسایشی کار لەگەڵ مووچەیەکی باش و قازانجێکی نایاب."*

بۆ کەسێك لە بازنەی ئیدا دەژی، کرۆکی بەها لە ئاسایشدایە.

لەوانەیە ئاستی جێگری سەرۆکی کۆمپانیا بەدەست بهێنێت بەلام ئێشتا هەمان بەهای کرۆکی دەرگەوانی کۆمپانیاکەت هەیە، ئەو کەسەی دە یەکی مووچەکەی تۆ وەردەگرێت کێیە. کەسێکە لە بازنەی ئیدا، بە پشت بەستن بەوەی کە دەرگەوانە یان سەرۆك، بەزۆری وا بیردەکەنەوە یان هەندێك وەکو ئەوە دەڵێت، "بۆ سەلامەتی دەگەڕێم، ئاسایشی کار لەگەڵ مووچەیەکی باش و قازانجێکی نایاب." یان، "لە ئەنجامی کردنی کاری زیادە چەندێك وەردەگرین؟" یان، "چەندێك ڕۆژی پشوومان پێ دەدەن؟"

لە کاتی گفتوگۆ کردنم لەگەڵ کەسێك لە ناو بازنەی ئی و قسەکردنم دەربارەی ئەوەی کە چەندێك دڵخۆشم بەدەسپێکردن بە کاری خۆم، لەوانەیە بڵێت، "بەڵێ، بەلام ئەوە سەرکێشی نییە؟" هەریەك لە ئێمە ژیان بە پێی بەهای کرۆکی خۆمان دەبینین. چی شتێك سەرنجڕاکێشە بۆ من هەبوونی ترسم لەبەرامبەر کەسێکی تر، ئەمە بۆچی، کاتێك لە ناو کۆمپانیاکەم لەگەڵ ئەو کەسانەی لە بازنەی ئی و ئێسدا دەژین، عادەتن لەسەر کەش و هەوا، وەرزش، یا چی لەسەر تەلەفیزۆنە قسە دەکەم.

*بەهای بازنەی S*

*"ئەگەر دەتەوێت شتێك بەباشی بکەیت، ئەوە خۆت بیکە."*

بۆ ئەو کەسانەی لە بازنەی ئێسدان، بەهای کرۆك سەربەخۆییە. ئازادییان دەوێت بۆ ئەو کارانەی دەیانەوێت بیکەن. کاتێك کەسێك دەڵێت، "دەمەوێت واز لەکارەکەم بهێنم و خۆم ببمە خاوەنکار،" ئەم ڕێگەیەش لە بازنەی ئییەوە بۆ بازنەی ئێسە.

خەڵك لە بازنەی ئێسدا کاری بازرگانی بچووك دەدۆزنەوە، بازرگانی دایە و پۆپ، پسپۆر، وە ڕاوێژکار. بۆ نموونە، هاوڕێیەکم هەیە کاری دامەزراندنی شاشەی تەلەفزیۆنی گەورە، سیستەمی مۆبایل، وە سیستەمی سەلامەتی بۆ خاوەنماڵە دەوڵەمەندەکان دەکات. گروپێکی هەیە پێکهاتووە لە سێ کەس وە دڵخۆشە کە بەڕێوەبەری تەنها ئەو سێ کەسەیە. ئەو بەهای کرۆکێکی بەهێزی هەیە، ئەو کەسانەی ڕاسپاردووە کە بەباشی کاردەکەن و فرۆشیارن، وەکو بریکاری زەوی و زاری ڕاستەقینە و دڵنیایی جامبازی، ئەمانە لەناو بازنەی ئێسدان. بازنەی ئێس کەسانی کارامە و خاوەن پیشەش دەگرێتەوە، وەك پزیشك، پارێزەر، ژمێریار وەکو پزیشکی گەورە نابن، یاسایی، یان کۆمپانیای ژمێریاری.

ئەو کەسانەی لە بازنەی ئێسدا دەژین زۆرجار شانازی بە کارە مەزنەکانی خۆیانەوە دەکەن کە بەدەستەکانی خۆیان یان مێشکیان کردوویانە. ئەگەر ئەوان گۆرانکاری بابەتیان هەبێت، ئەوە یا بەم شێوەیە، "هیچ کەسێکی باشتر نییە" یان "ڕێگای من." دەبێت، لە پشت ویستی ئەم سەربەخۆبوونەوە، زۆربەی کات کەسێکی بێ متمانە لە کرۆکدا کە نزیك دەبێتەوە لەکارێکی بازرگانی دەدۆزێتەوە__ کەزۆربەی کات ئەم نزیکییە بەمانای ژیان دێت، دەبێت چۆنییەتی چاودێریمان بۆ بازرگانی وەکو چاودێریمان بێت لەسەر هەموو شتەکانی تر.

ئێس زۆربەی کات لەلایەن لیژنەیەکەوە یان لەلایەن ئەو بڕە کاتەی لە کارێکدا بەسەری دەبیت بەدەستی دەهێنێت. بۆ نموونە، ئێسێك لەوانە ببیسترێت بە وتنی وشەی وەکو، "لیژنەکەی من ٦ لە سەدی سەرجەم

نرخەکان دەکرێت." یان، "لە کاتژمێکدا ‎$100‎ وەردەگرم." یان، "کرێی خەرجییەکانم بە گشتی ١٠ لە سەدا."

هەر چ کاتێك چاوم بەکەسێك دەکەوێت لە بازنەی ئییەوە یان ئێسەوە کە زۆر سەختە بتوانێت بیگۆڕێت بۆ بازنەی بی، زۆربەی کات کەسێك دەبینم بە بوونی تەکنیکی مەزن یان کارامەیی لە بەڕێوەبردن بەلام تواناییەکی سەرکردایەتی بچووکی هەیە. باوکی دەوڵەمەندم هەموو کاتێك دەیووت، "ئەگەر سەرکردەی گرووپێکیت وە زیرەکترین کەسی ناو گرووپەکە تۆیت، ئەوە گروپەکەت لە کێشەدایە." کەسانی ناو بازنەی ئێس زۆرجار بەباشی لەگەڵ گروپەکەیان کار ناکەن" ئەوانە لەوانەیە کەمێك کێشەی ئیگۆ(من)یان هەبێت.

بۆ دروستکردنی بازێك لە بازنەی ئێسەوە بۆ بازنەی بی، ئەو کەسە پێویستی بە بازێکی فیزیایی دەبێت نەوەك کارامەیی لە تەکنیکدا، بەڵکو کارامەیی لە سەرکردایەتیدا. چەندین جار پێشتر ئەم قسەیەم کردووە، لە جیهانی ڕاستییدا، خوێندکاری ئەی زۆربەی کات کار دەکات بۆ خوێندکاری سی___وە خوێندکاری بی کار دەکات بۆ حکومەت.

ئەگەر هەندێك کات گوێت لە دەنگی ناوەوەی خۆت بوو بێت کە دەڵێت، "ئەگەر دەتەوێت شتێك بەباشی بکەیت، ئەوە خۆت بیکە،" یان ئەگەر دەتەوێت بەم شێوەیە بیربکەیتەوە، ئەوە لەوانەیە کاتێکی باش بێت بۆ ئەوەی لەم فەلسەفەیە ووردبیتەوە.

***بەهای بازنەی B***

*"بۆ کەسێکی شایستە دەگەڕێم تا بیهێنمە پاڵ گروپەکەی خۆم."*

بۆ ئەو کەسانەی لە بازنەی بیدان، بەهای گرۆك لە دروستکردنی سەرمایەدایە. ئەو کەسانەی لە هیچەوە دەست پێدەکەن و باشترین بازرگانی لە بازنەی بیدا دروست دەکەن زۆربەی کات ئەو کەسانەن کە ژیانێکی بەهێزیان هەیە، ئەو کەسانەی بەهای گروپەکەیان باشترینە و کاری پێکەوەیی دەکەن و خزمەتکردنیان دەوێت و لەگەڵ زۆرترین کەسانی تردا کار دەکەن.

کاتێك کەسێك لە بازنەی ئێسدایە دەوێت ببێتە باشترین لە بوارەکەی خۆیدا، کەسانی ناو بازنەی بی دەیانەوێت گروپێك دروست بکەن لە کەسانێك کە باشترینن لە بوارەکەی خۆیاندا. هێنری فۆرد بە کەسانێك دەورەدراوە زۆر لە خۆی زیرەکترن. لە کاتێکدا کەسانی بازنەی ئێس زۆربەی کات زیرەکترین کەسی ناو گروپەکەیانن، ئەمەش زۆرکات ڕاست نییە بۆ کەسانی خاوەنکاری ناو بازنەی بی.

کاتێك دەبیتە خاوەنکارێك لە بازنەی بیدا، زۆربەی کات لەگەڵ کەسانی زیرەکتر لە خۆت کاردەکەیت، کەسانێك ئەزموونی زیاتریان هەیە، وە زۆر لە تۆ گونجاوترن. باوکی دەوڵەمەندم پەروەردەیەکی ڕەسمی نەبوو، بەڵام دەمبینی لەگەڵ خاوەن بانکەکان کاری دەکرد، لەگەڵ پارێزەران، وە پسپۆڕەکان، هەندێك لەوانە ئاستێکی زۆر نایابیان هەبوو. بۆ بەرزکردنەوەی هەژماری پارەکانی لە بازرگانیدا، باوکم زۆرکات لەگەڵ کەسانێك کاریدەکرد کە زۆر لە خۆی دەوڵەمەندتر بوون. ئەگەر لەگەڵ ئەو درووشمەدا ژیانی بکردایە، "ئەگەر دەتەوێت شتێك بەباشی بکەیت، ئەوە خۆت بیکە،" ئەوە لەوانەبوو لەکۆتاییدا بەتەواوی شکستی بهێنایە.

کاتێک دێتە سەر بابەتی بەدەستهێنانی داهات، کەسانی ڕاستی ناو بازنەی بی دەتوانن کارەکەیان جێبهێڵن و هەروەها داهاتیش بەدەست بهێنن. لەزۆربەی ئەو حاڵەتانەدا، ئەگەر کەسێک لە بازنەی ئێسدا بووەستێت لە کارکردن، ئەوە بەهەمان شێوە داهاتەکانیشی دەوەستن. لەم کاتەدا، پرسیارێک لەوانەیە لە خۆت بپرسیت، "ئەگەر ئەمڕۆ لەکارکردن بووەستم، ئەوە چەندێک داهات بە بەردەوامی بەدەست دەهێنم؟" ئەگەر داهاتەکانت بۆ شەش مانگ یان کەمتر بووەستن، کەواتە، هەلەکان، تۆ دەکەنە ناو بازنەی ئی یان ئێسەوە. کەسێک لە ناو بازنەی بی یان ئایدا بێت دەتوانێت بۆ ماوەی ساڵێک لە کارکردن بووەستێت و بەردەوامیش پارەکانی لە زیادبووندا بێت.

***بەهای بازنەی I***

***"گەڕانەوەم لە وەبەرهێنان چییە؟"***

ئەو کەسەی لەناو بازنەی ئایدایە زۆرینەیان ئازادی داراییان هەیە. وەبەرهێنەر بەبیرۆکەی کارکردنی پارەکانی دڵخۆشە لەجیاتی کارکردنی خۆی.

وەبەرهێنەر وەبەرهێنان دەکات لە هەندێک شتدا. لەوانەیە ئاڵتوون وەبەرهێنن، زەوی زاری راستەقینە، بازرگانی، یان سامان لە ڕێگەی کاغەزەوە بەدەست بهێنێت وەک، کۆگا پەیمان، وە کاری دوولایەنە.

ئەگەر داهاتەکانت لە کۆمپانیاوە بەدەست دەهێنیت یان پلانی خانەنشینی حکومەتەوە، وەک لەوەی لە وەبەرهێنانی خودی خۆتەوە بەدەستی بهێنیت، کەواتە داهاتەکانت لە بازنەی ئیدایە. بە واتایەکی تر،

بەڕێوەبەرەکەت یان بازرگانیەکەت هێشتا وەکو خزمەتگوزاری ساڵانە پڕۆژە یاسات بۆ دادەنێت.

لەوانەیە بیبیستی وەبەرهێنەرێك وتوویەتی، "٢٠ لە سەدی سامانەکەم وەردەگرم،" یان، "کۆمپانیا داراییەکەتم نیشانبدە،" یان، "چەندێك لە تایبەتمەندییەکەی دواخستەوە؟"

*بازنەی جیاواز، وەبەرهێنەری جیاواز*

لەجیهانی ئەمڕۆدا، هەموومان پێویستە ببینە وەبەرهێنەر. هەرچۆنێك بێت، سیستەمی قوتابخانەکانمان دەربارەی وەبەرهێنان شتێکمان فێر ناکەن. ئۆه، دەزانم هەندێك قوتابخانە هەڵبژاردنی سەرمایە فێر دەکەن، بەڵام بۆ من، ئەوە وەبەرهێنان نییە" ئەوە قومارە.

ساڵانێك پێش ئێستا، باوکی دەوڵەمەندم زۆربەی فەرمانبەرەکانی بۆ من دیاریکرد ئەوان وەبەرهێنان دەکەن بە شێوەی پارەدانی دوولاینە یان پاشەکەوتکردن. هەروەها وتی، "تەنها لەبەر ئەوەی لە یەك بازنەدا سەرکەوتوویت، وەکو بازنەی ئی، ئێس، یان بی، مانای ئەوە نییە لە بازنەی ئایدا سەرکەوتوو دەبیت. پزیشکەکان زۆربەی کات وەبەرهێنەری مەڵەن."

باوکی دەوڵەمەندم ڕێگە جیاوازەکانی وەبەرهێنانی لە بازنە جیاوازەکاندا بۆ دیاریکردم. بۆ نموونە، کەسێك لە بازنەی ئێسدا لەوانەیە گوێبیست بێت کە دەڵێن، "وەبەرهێنانم لە زەوی و زاری ڕاستەقینەدا ناوێت لەبەر ئەوەی نامەوێت توالێتەکان چاك بکەمەوە."

ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند ببیت، ئەوە پێویستە بجووڵێیت. پێوستت بە کارێکی نوێ نییە" پێویستت بە ناونیشانێکی نوێیە.

کەسێك لە بازنەی بیدایە هەمان گرفتی وەبەرهێنانی هەیە و لەوانەیە بڵێت، "دەمەوێت قەرەبوویەکی باشی بەڕێوەبردنی کۆمپانیا وەربگرم تا لەکاتی شەودا توالێتەکانم بۆ چاك بکەنەوە." بە واتایەکی تر، وەبەرهێنەرێکی بازنەی ئێس وا بیردەکاتەوە کە دەیەوێت تایبەتمەندییەکانی خۆی بهێڵێتەوە، هەروەها وەبەرهێنەرێکی بازنەی بی وابیردەکاتەوە کە دەیەوێت کۆمپانیایەکی قەرەبوو بێت و کاریکات بۆ هێشتنەوە تایبەتمەندییەکان بۆ ئەو کەسە. خەڵکی جیاواز، بیرکردنەوەی جیاواز، بازنەی جیاواز، بەهای جیاواز.

لە ئێستادا، لەوانەیە وا دابنێیت ئەو شوێنەی من بۆی دەچم، دادەبەزێت بۆ شتێکی ئاڕادەیەك سادە: ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، ئەوە پێویستە بجووڵێیت. پێویستت بە کارێکی نوێ نییە" پێویستت بە ناونیشانێکی نوێیە.

ئەگەر دەتەوێت جڵەوت بەسەر ژیانی خۆت و چارەنووستدا هەبێت، ئەگەر ئازادی ڕاستەقینەت دەوێت__ئازادییەك بانگت بکات، بەرنامەکانت ڕێکبخە، کات لەگەڵ خێزانەکات بەسەر ببە وە هەروەها لەگەڵ خۆشت، ئەو شتانە بکە کە حەز بەکردنیان دەکەیت__ئەگەر دەتەوێت ئەو ژیانە بژیت کە خۆت دیزانت بۆکردووە__هیچ شتێك قەدەغە نەبێت، ژیانێك پڕ لەسۆز و وروژان و ئەنجام__بە کورتی؛ ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت و بەدەوڵەمەندی بژیت، کەواتە کاتی ئەوەیە ستافەکەت ئامادە بکەیت و بجووڵێیت.

کاتی ئەوەیە بەشی چەپی هێلکارییەکە جێبهێڵێت و بەسەر بازنەی بیدا بجووڵێیت بۆ بازنەی ئای.

# بەندی پێنجەم
# بیرکردنەوەی بەڵێندەرێك

دوا بە دوای ئەوەی کۆلێژم تەواوکرد، خۆم ناونووس کرد لە قوتابخانەیەکی بازرگانی ئاسایی تا ئم بی ئەیی (ئم بی ئەیی: بڕوانامەیەکە بە شێوەی ڕاستەوخۆ دەخوێنێت، پاش تەواوکردنی کۆرسەکە دەبێتە خاوەنی ئم بی ئەیی خۆت) خۆمم هەبێت بۆ ئەوەی بتوانم بەڵێندەرێکی ڕۆشنبیر و مەشق پێکراویم. ماوەی نۆ مانگ بەردەوام بووم پێش ئەوەی بەرببمەوە. پێویست بە وتن ناکات، کاتێك جێم هێشتن ئم بی ئەیی خۆمم وەرنەگرت.

لەم ڕۆژانەدا، زۆرجار قوتابخانەکانی بازرگانی بانگهێشتم دەکەن تا بچمە ژوورەوە و لەسەر بەڵێندەری قسە بۆ قوتابییەکان بکەم. لەوانەیە پێویست نەبم بۆ دیاریکردنی ئەم کارە هەندێجار وەك گاڵتەچییەك دەمدۆزنەوە.

پرسیارێکی باو قوتابییەکان لێیانکردم "چۆن بتوانم بەڵێندەر بدۆزمەوە؟" وە "چۆن سەرمایە بەرز بکەمەوە؟" لەم پرسیارانە نێدەگەم، ئەوان منیانگرت کاتێك سەلامەتی کارە کۆنەکەمم جێهێشت و خودی خۆم بووم بە بەڵێندەر. پارەم نەبوو، هیچ کەسێك نەیدەویست بێتە بەڵێندەر لەگەڵ من. گەورە کۆمپانیای مەترسی سەرمایە لە دەرگای منیان نەدەدا.

کەواتە چی بە قوتابییەکانی قوتابخانەی بازرگانی بڵێم؟ پێیان بڵێم، "تەنها ئەوە بکە. تۆ ئەوەتکرد لەبەر ئەوەی دەبوو ئەوە بکەیت. ئەگەر ئەوە نەکەیت، لە بازرگانییەکەت دەردەکرێیت.

پێویست ناکات بۆ بەرزکردنەوەی سەرمایە بازرگانی خۆت دروستبکەیت، لەبەر ئەوەی ئەو کارە بۆتۆ کراوە. بەڵام تۆ دەبێت بازرگانییەکەت دروست بکەیت!

"ئەمڕۆ، پارەی تەواوم هەیە، هەموو ئەوەی دەبێت بیکەم بەرزکردنەوەی سەرمایەکەمە. بۆ بەڵێندەرێك، ئەم کارە ژمارە یەکە نێمە سەرمایەکە بەرزدەکەینەوە بە گرووپە سێ کەسییەکە: کڕیارەکان، بەڵێندەرەکان، وە کارمەندەکان. کارەکەت وەکو بەڵێندەرێك ئەوەیە بە کڕیارەکانت بگەیت و بەرهەمەکانت لێبکڕن. ئەگەر بە کڕیارەکان بگەیت و پارەکەت پێبدەن بە کڕینی بەرهەمەکانت، ئەوە بەڵێندەرەکەت پارەیەکی زۆرت پێدەدات. هەروەها ئەگەر کارمەندت هەیە، کارەکەی تۆ دەچێت بۆ ئەوان بۆ بەرهەمهێنان و بەدەستخستنی بەلایەنی کەمەوە دە هێندەی ئەو بڕە پارەیەی پێیان دەدەیت. ئەگەر ناتوانیت ئەو کارمەندانە پەیدا بکەیت کە کاری بەرهەمهێنان بکەن و دە هێندەی ئەو بڕە پارەیەی پێیان دەدەیت بەدەستی بخەن، ئەوە لە بازرگانییەکەت دەرکرایت، وە بەدەرکردنت لە بازرگانییەکەت، چیتر پێویست ناکات پارە زیاد بکەیت."

ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارانە نەبوو کە زۆربەی خوێندکارانی ئێم بی ئەیی چاوەڕوانی بوون. زۆربەیان بۆ هاوکێشەیەکی سیحراوی دەگەڕێن، ڕێنمایی نهێنی چێشتلێنان، پلانێکی بازرگانی بۆ خێرا دەوڵەمەند بوون. ئەمە وا دەرناکەوێت وەڵامێك بێت کە مامۆستاکان هیوای بۆ دەخوازن،

یان، چونکە تێبینی ئەوانمکردووە کە دەتلانەوە کاتێک ئەم قسەیەم دەکرد. بۆ چی؟ چونکە کاتێک ئەوانەی بەڵێندەری فێر دەکەن، زۆرێک لەوانە بەڵێندەر نەبوون، لەبەر ئەوەیە ئەوان کارێکی فێرکردنی جێگیریان هەیە لەگەڵ بڕە پارەیەکی جێگیر وە هیواش بۆ خاوەندارێتی دەخوازن.
مەبەستی ئەوە نییە کە تۆ دەبێت ڕێژەی پارەکانت زیاد بکەیت. لە ڕاستییدا، لە بازرگانی سەردەمیانەدا لەم پەرتووکەدا دەمەوێت لەگەڵ تۆ هاوبەشی پێ بکەم، تۆ نابێت لە پێناو دروستکردنی بازرگانییەك سەرمایەکەت بەرز بکەیتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو کارە بۆتۆ کراوە. بەڵام دەبێت بازرگانی خۆت دروست بکەیت!
مەبەستی من ئەوەیە کە ئەمە ئەو شتەیە بەڵێندەرێکمان پێدەناسێنێت: تۆ وا دەکەیت شتەکان ڕووبدەن. تۆ خۆت ڕادەکێشیت بۆ دەرەوەی کورسی دوەوەی ڕێبوارەکان، هەنگاو بنێ بۆ سەری پاسەکە، وە بچۆرە پشتەوەی چەرخی ژیانت.

*چی ڕوودەکاتە بەڵێندەرەکە؟*

بەڵێندەرەکان دەوڵەمەندترین کەسەکانی جیهانن. ئێمە ناوی بەڵێندەرە بەناوبانگەکانی جیهان دەزانین: ڕیچارد برانسۆن و دۆناڵد ترەمپ، ئۆپراه وینفری و ستیڤ جۆبز، ڕوپێرت مەردۆك و تێد تێرنەر. بەڵام لە هەرە بەڵێندەرە دەوڵەمەندەکان ئەو کەسانەن کە من و تۆ گوێمان لێیان نەبووە، لەبەر ئەوەی ئەوان سەرنجی میدیاکان بە لای خۆیاندا ڕاناکێشن" ئەوان تەنها بە بێدەنگی ژیانی دەوڵەمەندی خۆیان دەژین.
ئۆرجار گوێبیستی مشتومڕی خەڵك لەسەر ئەم پرسیارە دەبم، "ئایا بەڵێندەرەکان لە دایك بوون بە بەڵێندەری یان دەتوانن گەشە بکەن و

ببنە بەڵێندەر؟" هەندێك كەس وا بیر دەكەنەوە بوون بە بەڵێندەر پێویستە كەسێكی تایبەت بێت یان جادوویێكی دیاریكراوت هەبێت. بۆ من، بوون بە بەڵێندەر بیرۆكەیەكی هێندە گەورە نییە" بە تەنها ئەوە بكە.

ڕێگەم پێ بدە نموونەیەكت بدەمێ. لێرە دراوسێكەم هەرزەكارێكیان هەیە كە كاری بەخێوكردنی منداڵ دەكات و هاوڕێكانی بەرێی بچووكتر بە كرێ دەگرێت و كاری بۆ دەكەن. ئەو كچە بەڵێندەرە. كوڕێكی گەنجی دیكە لە پاش قوتابخانە كاری بازرگانی هەمەجۆر دەكات. ئەو كوڕە بەڵێندەرە. زۆربەی منداڵەكان ترسیان نییە، لە كاتێكدا زۆربەی گەورەكان ترسیان هەیە، ئەوە هەموو شتێكە كە ئەوان هەیانە.

بە بەبوێرییەوە ڕووبەڕوو ببەرەوە و بدۆزەرەوە، گەشە بكە و بلیمەتێت بە جیهان ببەخشە.

ئەمڕۆ، بە ملیۆنەها خەڵك هەیە كە خەون دەبینن بە وازهێنان لە كارەكانیان و بوون بە بەڵێندەرەوە، بەڕێوەبردنی بازرگانی خۆیان. كێشەكە ئەوەیە، بۆ زۆربەی خەڵك، هەبوونی خەون بە تەنها خەونێكە. كەواتە پرسیارەكە ئەوەیە، بۆ چی ژمارەیەكی زۆریان شكست دەهێنن لە بەدیهێنانی خەونی بوون بە بەڵێندەر؟

هاوڕێكم هەیە كەسێكی زۆر بلیمەتە لە شێوازی قژچاكردندا. كاتێك كاتی ئەوە دێت ئافرەتێك جوان نیشانبدات، هاوڕێكەم وەكو جادووگەرێكی لێدێت. بۆ چەند ساڵێك، ئەو دەربارەی كردنەوەی ئارایشگایەك بۆ خودی خۆی قسەی كرد. ئەو پلانێكی گەورەی هەبوو، بەڵام بە داخەوە، ئەو هێشتا لەسەر كارە بچووكەكەی ماوەتەوە، لەسەر كورسییەكی یەك

کەسی لە ناو ئارایشتگا گەورەکەدا کار دەکات، بە بەردەوامی بە شێوەیەکی جیاواز لە گەڵ خاوەنەکەی کار دەکات.

یەکێکی تر لە هاوڕێکانم کە خێزاندارە ماندوو بووە لە یارمەتیدانی گەشتیاران. دوو ساڵ پێش ئێستا، وازی لە کارەکەی هێنا چوو بۆ قوتابخانە تا ببێتە کەسێکی قژداهێنەر. دوای مانگێك، ئەو سەرەتاییەکی مەزنی هەبوو لە کردنەوەی ئارایشتگای خۆیدا. ئەوەش بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی دەوروبەر و هەندێك قژداهێنەری زۆر زیرەکی تری هێنا بۆ ئارایشگاکە تا کاری بۆ بکەن.

کاتێك یەکەم هاوڕێی کچەکە گوێبیستی ئارایشتگاکە بوو، وتی، "چۆن ئەو کچە دەتوانێت ئارایشتگا بکاتەوە؟ ئەو کچە هیچ بەهرەیەکی نییە. کچەکە کەسێکی بەهرەمەند نییە. ئەو کچە وەکو من لە نیۆرك مەشقی پێنەکراوە. لەگەڵ ئەوەش، ئەو کچە هیچ ئەزموونێکی نییە. ساڵێکم بە کچەکە بەخشی بەڵام کچەکە شکستی هێنا."

لەوانەیە کچەکە شکستی هێنابێت: ئامارەکان ئەوە نیشان دەدەن لە پێنج ساڵی یەکەمدا ٩٠ لە سەدی هەموو بازرگانان شکست دەهێنن. لە لایەکی ترەوە، لەوانەیە ئەو کچە بەو شێوەیە نەبوو بێت. مەبەستەکە ئەوەیە کچەکە کارەکەی کردووە. کچەکە بوێری گرتنی کاریگەرییەکی هەیە کە شێوەی ژیانمان دیاریدەکات. بە بوێرییەوە ڕوویەڕوو ببەرەوە و بدۆزەرەوە، گەشە بکە و بلیمەتیت بە جیهان ببەخشە.

براوەکانی یاری بەختی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەوانەی بردنەوە بە دەست دەهێنن بە گشتی هەر یەکێکیان ٣ ملیۆن دۆلار دەباتەوە، ٨٠ لە سەدی ئەوانە لە ماوەی سێ ساڵدا ئیفلاس دەکەن. بۆ چی؟ لەبەر ئەوەی بە

تەنها پارە ناتوانێت دەوڵەمەندت بکات. ئەو کەسانە لەوانەیە ژمارە زیاد بکەن بۆ ژمێرەی بانکییان، بەلام بەتەنها ژمارە ئەوان دەوڵەمەند ناکات، لەبەر ئەوەی ئەوان چۆنییەتی بیرکردنەوەیان نەگۆڕییەوە.

بیرکرنەوەکانت بێسنوورن. ئەوە گوماناکانتن کە سنووردارن. ئاین ڕاند، نووسەری *ئەتلەس شرەگد*، دەڵێت،"سامان بەرهەمی قەبارەی توانای بیرکردنەوەی مرۆڤە. "کەواتە ئەگەر تۆ ئامادەی ژیانت بگۆڕیت، من ژینگەیەکت پێشکەش دەکەم تا ڕێگە بە مێشکت بدات بیربکەیتەوە__تا دەوڵەمەندتر گەشە بکەیت.

*دەتەوێت ببیت بە چی کاتێک گەورە بوویت؟*

کاتێک منداڵ بووم، باوکی ڕاستەقینەم زۆربەی کات پێی دەوتم برۆ بۆ قوتابخانە و ئاستێکی باش بە دەست بهێنە ئەو کات دەتوانم پارێزراو بم، ئاسایشی کار. باوکی ڕاستەقینەم بە شێوەیەک بەرنامەی کردبووم بۆ بازنەی ئی. دایکم دەیویست هانم بدات تا ببمە پزیشک یان پارێزەر. " بەم شێوەیە پیشەیەکت دەبێت تا لە داهاتووت دڵنیا بیت. " دایکم بە شێوەیەک بەرنامەی کردبووم بۆ بازنەی ئێس. باوکی دەوڵەمەندم پێی وتم کە ئەگەر ویستی ئەوەم هەبێت گەورە بووم ببمە کەسێکی دەوڵەمەند، ئەوا پێویستە ببمە خاوەن بازرگانی خۆم و بەڵێندەر بم. باوکی دەوڵەمەندم بە شێوەیەک بەرنامەی کردبووم بۆ بازنەی بی و بازنەی ئای، کاتێک لە ڤێتنام گەڕامەوە، دەبوو مێشکم بە ئاگا بێنمەوە کە ئامۆژگاریم بۆ خۆم ئەوە بوو گوێبگرم. ڕووبەڕوو دەبمەوە لەگەڵ هەمان بژاردە.

یەك هۆكار كە دەتەوێت خاوەن بازرگانی خۆت بیت بۆ گەڕانەوەی چارەنووستە. گرنگ ئەوەیە ئەم هۆكارە یەكەم وەرنەگریت. جیهان پڕە لە ماندوو بوون و بێزاری و كەسانی بیرتەسك، وە لەوانەشە ئەو كەسانە بەڕێوەبەرت بن، خاوەنكارت بن، دراوسێت بن، تەنانەت هاوڕێت بن، چیتر ناتەوێت ئەوانە پاڵ بە تۆوە بنێن. دەتەوێت خۆت جڵەوی ژیانی خۆت بكەیت. تۆ دەتەوێت بوێر بیت ئەوەك بایەخدار بیت كاتێك كەسانی بێزاركەر لە دەوری تۆن" ئازادیت دەوێت لە بیركردنەوەكانت وە دەتەوێت كردارەكانت بۆ خۆت بن.

### *بیركردنەوەی مازەراتی*

ئێستا دووبارە با دەست بكەینەوە بەم پرسیارە: ئایا لە كوێ دەژیت؟ ئێستا دەتوانیت نرخی ئەوە بزانیت كە چی شتێكە لە بازنەی پارەی نەختینەوە دەتگۆڕێت بۆ مانایەكی تر. ئەوە بە تەنها پێكهاتەیەكی جیاواز نییە. ئەوە بۆچوونێكی جیاوازە بۆ ژیان.

بەڵێ، ئەوە دەربارەی بازرگانییە، بەڵام لە هەمان كاتدا، لە ڕاستییدا ئەوە تەنها دەربارەی بازرگانی نییە__ئەوە بەتەنها ڕووكارێكی دەرەوەیە. دانانی جوتیارێكی ئەسپ لە پشتی تایەكانی مازەراتییەوە نەبووە هۆكارێك تا پێشبڕكێی ئۆتۆمبێل نەكات. ئەو پێویستی بە شارەزاییە، مەشقكردنە، وە، شتێكی زۆر گرنگ، ئەو پێویستی بەبیركردنەوەیەكی پێشبڕكێی ئۆتۆمبێلە.

هەمان شت بۆ ژیانی دارایی تۆ ڕاستە. تۆ پێویستت بە هەلگرتنەوەی بیرکردنەوەی بەڵێندەرێکە. ئەو بیرکردنەوەیە بەوە دادەبەزێت: کە بەڵێندەرەکە پشتبەستوو بێت بە خودی خۆی.

یەکێك لە جوانییەکانی بازرگانی لە سەدەی ٢١دا ئەوەیە کە هەمو ڕێکارەکانی بازرگانی بۆ تۆ جێبەجێکراون.

وابکە شتەکان ڕووبدان، مانای ئەوەیە کە سەرزەنشتی هیچ کەسێك یان هیچ شتێك لە دەرەوەی خۆدی خۆت ناکەیت.

نەوەك ئەوەی لەم سەر زەوییەدا خودی خۆت هەموو ئەم کارانە بکەیت، وەکو ئەوەی من لەگەڵ بازرگانییەکەی خۆمدا کردم. نەخێر، یەکێك لە جوانییەکانی بازرگانی لە سەدەی ٢١دا ئەوەیە کە هەموو ڕێکارەکانی بازرگانی بۆ تۆ جێبەجێکراون__تۆ دەگەیت بە ئەزموونی سەرکردەیەك کە ڕێنشاندەرت دەبن لە سەرکەوتنەکانتدا.

بەلام هیچ هەڵەیەك مەکە: ئەگەر ئەوە بۆ تۆ ڕوویدا، تۆ دەبیت بە یەکەم کەس کە وایکردووە ئەوە ڕووبدات. وە بۆ ڕوودانی ئەوە، دەبێت بیرکردنەوەی بەلێندەرێکت هەبێت. ئەگەر نەتبوو، کەواتە کێشەیەك نییە کە بازرگانییەکەت چەنێك باشە یان مامۆستاکانت چەندێك بە توانان، بازرگانییەکە لە کاتە سەختەکاندا ئەنجامی دەبێت.

بازرگانی سەردەمییانە لە بەشی دووەمی ئەم پەرتووکەدا دەدۆزینەوە کە مازەراتییە، بەلام تۆ یەکەم کەسی لە پشتی چەرخەکانییەوە. یەکەم و یەکەمینی، ئەمە دەربارەی تۆیە. ئایا ئامادەی ئەم چەرخە وەربگریت؟ ئایا ئەوەت هەیە کە وەریدەگریت؟

# بەندی شەشەم
# کاتی ئەوەیە کۆنترۆڵەکە وەربگریت!

ساڵی ١٩٨٥ بوو لەگەڵ خێزانەکەم، کیم، ماڵمان نەبوو. ئێمە دانەمەزرا بووین و تەنها برە پارەیەکی کەممان هەبوو" کرێدت کارتەکەمان هیچ نەبوو وە لە ناو تویێتایەکی کۆنی قاوەیدا ژیانمان دەکرد کە خۆمان بەسەر شوێنی دانیشتەکاندا دەدا وەکو خزمەتگوزاری نووستن وابوو بۆ ئێمە.لە کۆتایی هەفتەکەدا لە خەوتن لە ناو ئۆتۆمبێلەکەماندا، ڕاستی سەخت ئەوە بوو کە ئێمە کێ بووین، ئێمە چیمان دەکرد، وە لەو شوێنەی ئێمە دەستمان بەکار کردبوو تێیدا بەتەواوی نقووم بوو بووین.

لە دواتردا هاوڕێیەکمان بارودۆخی بێهیوایی ئێمەی هەست پێکرد، لە ژێر زەمینەکەی خۆیدا ژوورێکی پێشکەشکردین. کاتێک هاوڕێکانمان و خێزانمان لەم تەنگ و چەڵەمەی ئێمە ئاگادار کرانەوە، یەکەم پرسیاریان ئەمیشە، "بۆ چی بە تەنها تۆ کارێکت دەست ناکەوێت؟" لە سەرەتاوە هەوڵماندا تا ڕوونی بکەینەوە، بەڵام ئێمە کاتێکی سەخت و دژوارمان هەبوو کە باشترین هۆکار بوو بۆ ڕوونکردنەوەی هەموو شتێك. کاتێك قسە بۆ کەسێك دەکەیت کە نرخی هەبوونی کارەکەی دەزانێت، سەختە بتوانیت ڕوونکردنەوەی پێبدەیت بۆچی کارێکت دەست ناکەوێت.

جاروبار لێرە و لەوێ بڕێك دۆلار یان کارێکمان دەست دەکەوێت. بەڵام تەنها ئەوە دەکەین کە سکمان تێر بێت و گاز لە ماڵەکەماندا هەبێت__مەبەستم، ئۆتۆمبێلەکەمانە.

من دەبێت دان بەوەدا بنێم لە ساتی گومانێکی قووڵدا، بیرۆکەی پاراستن، ئاسایشی کارەکەت بپارێزە لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی بەدەستی دەهێنێت. بەڵام ئاسایشی کار ئەو کارە نییە کە ئێمە بۆی دەگەڕاین، ئێمە بەردەوام پاڵ بە خۆمانەوە دەنێین، ڕۆژ بە ڕۆژ ژیانمان لەسەر لێواری بنی دەریایی داراییە. ئێمە دەزانین کە دەبێت هەمیشە بۆ پارێزراوی بگەڕێین، ئاسایش، بەرزترین مووچەی کار. ئێمە هەردووکمان دەرچووی کۆلێژ بووین لەگەڵ ئەوەش شارەزاییەکی باشی کارکردنمان هەبوو. بەڵام ئێمە نەدەچووین بۆ کردنی کاری پاراستن. ئێمە دەچووین بۆ ئازادیی دارایی.

لەساڵی ١٩٨٩دا، ئێمە ملیۆنێر بووین.

زۆربەی کات گوێم لە خەڵك دەبێت دەڵێن، "ئەو پارە دەدات بۆ ئەوەی پارە پەیدا بکات." ئەوە قسەی بێمانایە__وە من مەبەستم بڕوانامەی بەکالۆریۆس نییە لە زانستدا! گەشتەکەی ئێمە لە نەبوونی ماڵەوە بۆ بوون بە ملیۆنێر لە ماوەی چوار ساڵدا، وە دواتر بۆ بلیمەتی ئازادی دارایی لە ماوەی پێنج ساڵی دیکەدا، پارەی بۆ ئێمە پەیدا نەکرد. کاتێك دەستمان پێکرد هیچ بڕە پارەییەکمان نەبوو__لە ڕاستییدا، ئێمە لە گوماندا بووین__وە بە درێژایی ڕێگەکە هیچ کەسێك هیچی پێنەدەداین، هەر یەکێك لەوانە.

Scanned by TapScanner

هەروەها ئەو پەروەردەیەکی ئاسایی وەرنەدەگرت. پەروەردەی کۆلێژ بۆ پیشە کۆنەکان گرنگە، بەڵام بۆ کەسانێك نا کە بە دوای دروستکردنی سامانداد دەگەرێن.

ئەگەر ئەو پارەیەك نەدات بۆ دەستکەوتنی پارە، ئەوە پەروەردەیەکی ئاسایی نابێت بۆ ئەوەی فێربێت چۆن ئازادی دارایی بەدەست بهێنێت، کەواتە ئەو چی شتێك وەردەگرێت؟ ئەو خەونێك وەردەگرێت، ئەو سووربوونی بەخت، مەیلێك تا بە خێرایی فێر ببێت، وە تێگەیشتنێك لەوەی کام بازنەی پارەی نەختینە بەکار دەخەیت.

*کارکردنی سەخت دەوڵەمەندت ناکات*

لە کەلتووری ئێمەدا بیرۆکەیەکی نامۆ هەیە کە دەڵێت، "ئەگەر بە ڕاستی کاری سەخت بکەیت، ئەوە باش دەبیت." چەند قسەیەکی بێمانایە! وە چی شتێك زۆر جێگەی داخە دەربارەی ئەو بیرۆکەیە، ئەوەیە زۆر کەس مێشکیان شۆردراوەتەوە تا بڕوا بە بیرۆکەکە بکەن، وە ئەوان بڕوای پێدەکەن، هەر چەندە ئێمە هەمووومان دەورووبەرمان بە دنیایەك بەڵگەی پێچەوانە گیرابێت.

چی بەڵگەیەك؟ تەنها سەیری دەورووبەری خۆت بکە. ئایا هیچ کەسێك دەناسیت کە هەموو ژیانی بە ڕاستی کاری سەختی کردووە، تەنها بۆ ئەوەی کۆتایی بەو ژیانە بهێنێت و خۆی ببینێتەوە ژیانێك دەژی لەسەرەوەی ــــ یان خوارەوەی ــــ بێڕێزیکردن و دڵشکاندن کە پێی دەڵێن "ئاستی گوزەران"؟

بێگومان تۆ کردت. ئێمە هەمووومان کردمان. جیهان پڕە لە کەسانێك کە کاری سەخت دەکەن و زۆربەیان بەدڵنیاییەوە باش نین. وە ڕەنگە

خراپترین بەش ئەوە بێت کە زۆربەی بەدبەختییەکانی خۆیان بخەنە پاڵ دەرەنجامەکە و بڵێن ئەوە هەڵەکە بووە، ئەوە شکستی تاکە کەسییە. ئەوان هەموو شتە ڕاستەکەیان کرد، ڕاستەکە؟ بەڵام هەر کاری نەکرد. لەوانەیە ئەوان بەتەواوی هەوڵیان نەدابێت، یان بەخت یاوەرییان نەبوو بێت. لەوانەیە ئەوان ئامانجیان نەبوو بێت سەرکەوتن بەدەست بهێنن. مانایەکی نییە. کێشەکە ئەوەیە ئەفسانەی کاری سەخت بەتەنها ئەوەیە: ئەفسانەیەکە. ئێستا، بەهەڵەکردنمدا مەبە. من نەموتووە دروستکردنی سامان و دارایی پێویستی بەکاری سەخت نییە" پێویستی پێیەتی، وە زۆریش پێوستی پێیەتی. هیوادارم ساویلکانە بڕوا بەم گەوجییە نەکەیت کە پێت دەڵێت ئەوان دەتوانن ڕێگەیەکت نیشان بدەن بۆ دەوڵەمەندی و سامان کە زۆر ئاسانە، ئەوە زۆر ڕێگەیەکی خێرایە، یان ئەوە بێئازار و زیانە. لەبەر ئەوەی ئەگەر تۆ، دەزانم بە ڕاستی دەتوانی پردێک بەنرخێکی کەم بکڕیت__هەروەها تەواوی سیستەمی کەمترین ڕەهن و ئاڵوگۆڕی داتراوی دانەپاڵدە لەوانەیە بەتەنها بۆتۆ باش بن.

نەخێر، ئەوە کاری سەختی دەوێت، زۆر باشە. پرسیارەکە ئەوەیە، کاری سەخت چی پێدەکرێت؟ دەتوانم گوێبیستی بیرکردنەوەکانت بم، "چی پێدەکرێت؟! پەیداکردنی پارە، بێگومان!" بەڵام زۆر بە خێرایی نییە، لەبەر ئەوەی لێرەدا ساردییەك هەیە، ڕاستییە سەختەکان خۆدەنێتە پشت بیرکردنەوە هەڵە خەمبارەکانی کەلتوورمان:

کارکردنی سەخت بۆ پەیداکردنی پارە هەرگیز نابێتە دروستکەری سەروەت و سامان.

ئەو کەسانەی کار دەکەن بۆ دەستکەوتنی داهاتێك سەخت و سەختتر کار دەکەن، تەنها بۆ ئەوەی زیاتر و زیاتر باج وەربگیرێت. کارکردنی سەخت بۆ پەیداکردنی پارە لە بیربکە: هەمووی ئەوەی تۆ دەیکەیت سەرفکردنییەتی، وە پاشان پێویستە دووبارە بە سەختی کار بکەیتەوە.

لەوانەیە پرسیار بکەیت، "باشە، کەواتە دەبێت من چی بکەم؟" دەبێت کۆنترۆڵ بکەم. کۆنترۆڵی چی بکەم؟ دوای هەموو ئەوانە، زۆربەی شتەکانی ژیان ناتوانیت کۆنترۆڵی بکەیت، کێشە نییە چەندێك بە سەختی هەوڵدەدەیت. ناتوانی کۆنترۆڵی بازاڕ بکەیت. ناتوانێت کۆنترۆڵی کارمەندەکان بکەیت. ناتوانیت کۆنترۆڵی ئابووری بکەیت. دەتوانی کۆنترۆڵی چی بکەیت؟ دەتوانی کۆنترۆڵی سەرچاوەی داهاتەکانت بکەیت.

کێشەکە

دروستکردنی بازرگانیەك ڕێگەیەکە کە زۆربەی دەوڵەمەندەکان لە ڕێگەیەوە دەوڵەمەند بوون. بیل گەیتس مایکرۆسۆفتی دروستکرد" مایکل دێل کۆمپیوتەری دێلی دروستکرد لە ژووری بەشە ناوخۆییدا (داخلی). هەتا ئێستاش، لە مێژوودا، خەڵکێکی زۆر، زۆر کەم هەیە کە بەڕاستی لە بازنەی بیدا دەژین. بازنەی بی باشترین شوێنە بۆ دروستکردنی سەروەت و سامانێکی بلیمەتانە، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەندێك بەربەست هەیە بۆ چوونە ژوورەوە کە خەڵکێکی زۆری لە دەرەوە هێشتۆتەوە.

لە بەر یەك شت، خەڵکێکی زۆر ئامادی نییە بڕە پارەیەك بدە لە پێناو دەستکردن بە کاری بازرگانی بۆ خودی خۆی. لەئەمڕۆدا تێچووەکەی بە تێکڕایی ٥ ملیۆن دۆلاری دەوێت بۆ دەستکردن بەکاری بازرگانی خۆت.

هەروەها لەبەر شتێکی تر، دروستکردنی بازرگانی خۆت لە شکست و ڕووخانەوە مەترسیدارترین ڕێگەیە بۆ بوون بە دەوڵەمەند. ڕێژەی شکستی بازرگانە نوێیەکان دەوروبەری ٩٠ لە سەدیان لە یەکەم پێنج ساڵدا تووشی شکست دەبن__ئەگەر مەترسییە نوێکانت شکست دەهێنێت، باشە هاوڕێیان کێ هەیە ٥ ملیۆن دۆلار شکستی هێنابێت؟ لە سەرەتای ساڵانی دەست بەکاربوونم لە بازرگانییە نوێیەکەدا، دووجار شکستم هێنا، وە ئەوەش هەرگیز نەبووە هۆکارێك بۆ ئیفلاس بوونم (وە هەرگیز حکومەتێکی بە بەرنامەم دەست نەکەوت!)، بووە هۆی شکستهێنانم بە ملیۆنان دۆلار.

بە شێوەیەکی گشتی کاتێك دەست دەکەیت بە کاری بازرگانی خۆت، پێوستە لە کرێکانت دڵنیا بیت، سوودەکانت، ئەو کرێیانەی دەبێت بەسەروو خۆتیان بدەیت، بە کارمەندەکانت دەدرێ، بە ژمێریارەکانت دەدەرێ، یاخود لە بازرگانییەکە دەردەکرێیت. کەواتە هاوڕێیان کێن ئەوانەی کرێ نادەن؟ تۆیت. لە کۆرسی دەستکردن بە بازرگانییەکی نوێ__وە من لێرە دەربارەی بازرگانییەکی سەرکەوتوو قسە دەکەم__دەتوانیت پێنج بۆ دە ساڵ بڕۆیت بە بێ پشکنینی ژمێرەی بانکەکەت.

من و کیمتان لە بیر دێت، لەناو تویۆتاکەمان دەنووستین؟ ئەوە گاڵتە نییە. ئێمە ئەو کارانەمان دەکرد کەلەوانەیە بە شێوەیەکی خێرا بە سەرماندا تێپەڕبوونایە، بەڵام زۆر بێزارکەر بوو (وە بڕوام پێبکەن، وابوو)، ئێمە نەبوونی ماڵمان هەڵبژارد بەسەر دامەزراندندا لەبەر ئەوەی

ئێمە بڕوامان بە خەونی بوون بە خاوەن بازرگان هەبوو وە لە بازنەی بیدا دەژیاین.

زۆربەی خەڵك مێشكیان نییە، هەستیان نییە، جووڵە ناكەن، یان خۆگریی دارایی نین تا لەگەڵ ئەم حاڵەتانەدا ڕەفتار بكەن. ئەو دەتوانێت دڕندە بێت، وە عادەتەن ئێمەش دەتوانین.

### چی دەربارەی مافی دەستوورێك؟

مافی دەستوورێك گەورەترین بەشی مەترسی بەر دەكەوێت. لەگەڵ مافێكی دەستووری دامەزراو وەك ماكدۆناڵد یان سەبوەی(میترۆ)، جیاوازییەكانت لە سەركەوتن سەلمێنەری گرنگییەكانتە، وە گەلێك بناغەی پتەویش لەم ڕووەوە بۆتۆ كراوە. بەڵام هەتا ئێستاش بەدەست كێشەی ژمارە یەكەوە گیرۆدەیت: پێویستە لەگەڵ پارەكانت هەستیتەوە. خەرجی كڕینی یەكێك لە مافە دەستوورییەكان لە نێوان ۱۰۰,۰۰۰ دۆلار بۆ ۵,۱ ملیۆن دۆلارە یان لەوانەیە زیاتریش بێت، وە ئەوەش بەتەنها بۆ مافە ڕاستییەكانی مافە دەستوورییەكانە. پاشان پارەدانی مانگانە هەیە بۆ بارەگای سەركردایەتی ڕاهێنان، ڕیكلام كردن، پشتگیریكردن.

هەروەها تەنانەت هەموو ئەم پشتگیریانە هێشتا مسۆگەری سامانێكی مەزن نین. هەندێكجار كەسێك پێویستە بەردەوام پارە بدات بۆ مافە دەستوورییەكانی یان بارەگای سەركردایەتی، تەنانەت ئەگەر ئەو مافە دەستوورییە تاكە كەسییانە شكستی پارەشی لێبكەوێتەوە. تەنانەت ئەگەر تۆ كەسێك بیت لە كەسانی سەركەوتووی مافە دەستوورییەكان،

بەختێکی زۆر باشت هەبێت لە مافە دەستوورییەکان لە کۆتاییدا هەر شکست دەهێنێت.

کاتێك باوکی هەژارم تەمەنی ٥٠ ساڵ بوو، ئەو بوێرییەی هەبێت تا خۆی بەریـزێر بکات بۆ پارێزگاری هاوایی__ پێویستە بەردەوام هەوڵبدان لەبەرامبەر ڕوودانی بوون بە بەڕێوەبەری خۆی. بەتەنها لەبەر ئەوە نا لە هەڵبژاردن شکستی هێنا، بەڵام بەڕێوەبەرەکەی باوکمی لە ناوبرد و پێی وت کە جارێکی تر هەرگیز ناتوانێت لە هەوایی کاربکاتەوە. هەموو پارە پاشەکەوتکراوەکانی هێنا و بەکاریهێنان لە پێناو کڕینی یەك مافی دەستووری بەناویانگدا، یەکێك لە لیستی حسابەکان ئەوە بوو هەروەك "مافی دەستووری هەرگیز وون نابێت."

مافی دەستووری ناتوانێت وونبووەکان وونبکات، وە باوکمی وونکرد. لە ڕاستییدا، ئەو هەموو شتێکی لە دەستدا.

بە کورتی، مافی دەستووری بیرۆکەیەکی گەورەیە، بەڵام لە ڕاستییدا، ئەوە قومارێکە__وە ئەوە قومارێکە لە ئەو شوێنەی پێویستە سامانەکەت دانێیت تەنها بۆ ئەوەی بچیتە سەر مێزەکە و یاری بکەیت.

#### *توانای داهاتی ناچالاك*

ئایا هەرگیز یەکێك لەوانە سپرینگ-لۆودد بۆری ئاو بەکارت هێناوە کە هەندێك لە شوێنە گشتییەکان بۆ پاراستن و پاك ڕاگرتنی ئاو بە کاری دەهێنن؟ کاتێك ئاوەکە دەکەیتەوە، دەبێت بۆری ئاوەکە بەرزبکەیتەوە، لەبەر ئەوەی کاتێك ڕێگەت پێدا بڕوات، بۆ دواوە و دوور لە شوێنەکەی خۆی هەڵدەگەڕێتەوە.

سەرچاوەی داهاتی زۆربەی خەڵك وەکو ئەو بۆربی ئاوە کار دەکات:
هەندێك پارەت لە بەلوعەیەکەوە دەست دەکەوێت، وە کاتێك ڕێگەت پێدا
بڕوات، ئەوە بەلەعوکە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ دواوە. هەرگیز بەم ڕێگەیە
ناتوانیت ئازادی دروستبکەیت. ئەوەی تۆ دەتەوێت بەلوعەیەکی پارەیە
کە دەتوانیت ڕێگە بدەیت بڕوات بۆ دووەم جار لەوەی کردووتەتەوە.
چونکە بەلوعەکە خۆی دەمێنێتەوە هەر لەسەر خۆی.

ئەوە بەتەنها دەربارەی داهاتێك نییە بۆ ئەمڕۆ، سبەینێ، وە هەفتەی
داهاتوو" ئەوە دەربارەی پاراستنی مانەوەی داهاتەکانتە. ئەمەیە داهاتی
نادیار، هەروەها پێی دەڵێن داهاتی پاشماوە. داهات بە بەردەوامی
بەدەست دەهێنیت، چەندین جار، زۆر لە دوای بە هەدەردانی هەوڵەکانت
و سەرمایەکانت ئەوان ڕوو دەکەنە دروستکردنی سەرچاوەی زیاتر بۆ
بەردەوامی داهات.

گۆڕینی خۆت بۆ ناو بازنەی بی هەنگاوێکی بەهێزە لەم ئارستەیەدا، بەڵام
هەموو بازرگانیەکان نابنە دروستکەری داهاتی ئاچالاك. ئەگەر
ڕێستۆرانتێك بکرێت، داهات بەدەست دەهێنیت تەنها کاتێك ژەم ئامادە
دەکەیت و دەیفرۆشیت. ئەگەر بازرگانیەکەت بازرگانی چاکردنەوەی
فێنککەرەوەی هەوا بێت، ئەوا تەنها کاتێك داهات پەیدا دەکەیت کە تۆ
ئەم خزمەتگوزارییە دەستەبەر بکەیت. تەنانەت پزیشکەکان و
پارێزەرەکانیش تەنها کاتێك پارە بەدەست دەهێنن نەخۆشەکان ببینن
یان کەیسێکیان هەبێت. ئەگەر هیچ نەخۆشێك یان کەیسێك کە پێویستی
بە زانیاری هەیە وە کارێکی تایبەت نەبێت، دووبارە بەلوعەی ئاوەکە
داخرێتەوە وە هیچ پارەیەکیش لە هەفتەکەدا بەدەست ناهێنیت.

چی شتێك خەڵك زۆر پێویستی پێیەتی ڕێگەیەکە کە داهاتێکی ناچالاك دروست بکات. بۆ زانینی ئەمە، من و دۆناڵد ترەمپ گروپێکمان پێکهێنا تا پێکهاتەی جۆرە جیاوازەکانی بازرگانی هەڵ بسەنگێنین کە دەتوانن داهاتی ناچالاك دروست بکەن، وە ئەنجامەکەمان لە پەرتووکێکدا بڵاوکردەوە، *ئێمە دەمانەوێت تۆ دەوڵەمەند ببیت.*

وە بەم بۆنەیەوە، ئەوە بەتەنها ناونیشانی کتێبەکە نەبوو. ئێمە دەمانەوێت تۆ دەوڵەمەند ببیت. سەروەت و سامان یارییەکی سەرجەم سفر نییە" وەکو ئەوە نییە ئەگەر دەوڵەمەند ببیت، ئەوە تۆ لە سەروەت و سامانەکەی من دەبەیت، یان دۆناڵد، یان هەر کەسێکی تر. ئەمە جیهانێکی سەرسامکەر و بێشومارە کە تێیدا دەژین، وە ڕێگەی زیاتر هەیە لەو بڕە وزەیە، ماددەیە، بەهرەمەندییە، داهێنان، و هیوا خواستن تا ڕێگە بدات هەر مرۆڤێکی تر لەسەر هەسارەکەی بتوانێت دەوڵەمەند ببێت.

کەواتە ئێمە چیمان دۆزییەوە؟ ئێمە ئەوەمان دۆزییەوە کە یەك مۆدێلی بازرگانی ماوە. ئەم بازرگانییە مۆدێلە دروستکەری داهاتی ناچالاکە، بەڵام تا ڕادەیەك پارەیەکی کەمی دەوێت بۆ دەستکردن بە وەبەرهێنان، ئەوە زۆر بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی هەیە، دەتوانرێت چارەسەر بکرێت لەسەر بنەمایەکی نیو دەوامی تاوەکو ئەو بڕە پارەیە بەس بێت بۆ بەڵێندەرەکە لە دەرەوەی کارکردنی دەوامی تەواو.

ئەم بازرگانییە مۆدێلە پێی دەڵێن شەبەکەی خستنەبازاڕ (نێتۆرك مارکێتینگ)، وە ئەوەی لە پەرتووکەکە ماوە هەمووی دەربارەی ئەوە دەبێت.

# بەشی دووەم

## یەك بازرگانی_ هەشت سەروەت و سامان_ دروستکەری سەرمایە

***هەشت هۆکاری شەبەکەی خستنەبازار (نێتۆرك مارکێتینگ) کە دەتوانێت داهاتووت بپارێزێت***

# بەندی حەوتەم
# ساڵەکانم لە بازرگانیدا

لێرەدا پێویستە دەست بکەم بە ئاشکراکردنی هەموو شتێك: لە ڕاستیدا هەرگیز لە کاری بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕدا نەبووم. من دابەشکەرێك نیم یان خاوەنی کۆمپانیایەکی شەبەکەی خستنەبازاڕ نیم، هیچ بەرژەوەندییەکی دارایی لە کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕدا نییە، وە بەتەنها هەر یەك کۆمپانیای دیاریکراو بەرەو پێش نابات. بەڵام بۆ ماوەی چەندین ساڵ لە بازرگانیدا کارمکردووە وەکو پاڵەوانێك و داکۆکیکارێك بە گشتی لە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕدا کارمکردووە، وە لەم بەشەدا دەمەوێت پێت بڵێم بۆ چی.

بۆ یەکمجار لە ساڵی ١٩٧٥دا بەرەو ڕووی کاری شەبەکەی خستنەبازاڕ بوومەوە، ئەوەش لە کاتێکدا بوو هاوڕێیەکم بۆ نمایشێك لەسەر دەرفەتی بازرگانی نوێ بانگهێشتی کردم. تاوەکو بۆم بوو بە نەریتێك بۆ لێکۆڵینەوەی بازرگانی و دەرفەتی وەبەرهێنان، قبووڵمکرد تا بڕۆم، هەرچەندە بیردەکەمەوە کەمێك سەیربوو کۆبوونەوەی بازرگانییەکە لە ماڵێکی تایبەتدا بوو وەك ئەوەی لە نووسینگەیەکدا بێت.

بۆ ماوەی سێ کاتژمێر گوێمگرت لە کاتێکدا ئەوە دەربارەی بەهای دروستکردنی بازرگانی بۆ خودی خۆت دەدوا لەجیاتی ئەوەی کارێك

بکەیت، زۆرێك لە خاڵەکانی ئەو باسی دەکرد منیش هاوڕای بووم. لە کۆتایی شەوەکەدا، هاوڕێکەم لێی پرسیم هەستت چۆنە دەربارەی ئەوەی گرنیبستی بوویت. منیش وتم "ئەوە گرنگ بوو"، "بەڵام ئەوە بۆ من نییە."

هەر ئێستا بەتەواوی بەشداریم پێکرا لە کرداری بنیاتنانی بازرگانییەکەدا. بۆ چی پێویستە لەگەڵ کەسانی دیکە کاری دروستکردنی بازرگانی بکەم؟ وە لەگەڵ ئەوەشدا، بازرگانییەکە شەبەکەی خستنەبازاڕ بوو. بەڕاستی هیچ بیرۆکەیەکم نەبوو کە ئەوە مانای چییە، بەڵام هەستم دەکرد دەمزانی ئەوە مانای چییە، هەروەها دڵنیابووم ئەوە هیچ بەهایەکی بۆ من تێدا نییە.

ماوەیەك دوای ئەوە یەکەمین چاوپێکەوتنی شەبەکەی خستنەبازارم هەبوو، لەگەڵ دوو هاوڕێم بازرگانی وەرزشی جزدانمان دەستپێکرد و گەشەی سەند. لە دوای دوو ساڵ بە سەختی کارکردن وەرنەگرتنی پارە دەستپێنکرد. سەرکەوتن، ناوبانگ، وە بەخت وای نیشان دەدا کە من و دوو هاوڕێکەم شکست دەهێنین. ئێمە بەڵێنمان بەیەکتری دابوو ئێمە لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا دەبینە ملیۆنێر، بەناو کاری سەخت و قوربانیدانمان، ئێمە بەئامانجەکەمان گەیشتبووین. (وە ئەمە لە ١٩٧٠کاندا بوو، کاتێك ملیۆنێك دۆلار لە ڕاستییدا بەهادار بوو.) کۆمپانیاکەمان و بەرهەمەکانمان لە هەندێك گۆڤاردا نووسرا بوون وەك *سێرفەر، ڕەنەرێس وێڵد*، وە *جێنتڵمێنس کوارتەرلی*. ئێمە لە پۆشینی جیهانی کاڵادا شتێکی نوێی گەرم بووین، وە بازرگانی لەهەموو گۆی زەوییەوە ڕووی تێکردین. من بەتەواوی سەرکەوتوو بووم.

هەرگیز شەبەكەی خستنەبازارم بە بیركردنەوەیەكی تر نەدا__بەلای كەمەوە، بۆ دە ساڵی داهاتوو نا.

## مێشكێكی كراوە

دوای چەند ساڵێكی تر، مێشكم دەستیكرد بە كرانەوە، لە دوای چەند ساڵێك دەستپێكردن بازرگانییە سەركەوتووەكە بە شێوەیەكی باوەڕپێنەكراو شكستی هێنا. ئەوە ئەزموونێكی سەخت و دژوار بوو، وە زۆر ئەرێنیانە بوو، لەبەر ئەوەی بووە هۆكارێك تا بە شێوەیەكی وردتر سەیری جیهانی دەوروبەرم بكەم و پرسیار لە خۆم بكەم. زیاتر باوكی دەوڵەمەندم فێری چیكردبووم تا دەست بكەم بە نقووم بوون، وە تێڕوانینم گەشە بسەنێت. زۆری پێنەچوو پێش ئەوە من بازرگانییەكی سەركەوتووترم بنیات نابوو، وە دواتر دانەیەكی تر، وە یەكێكی تریش__هەروەها وەكو بازرگانی یەكەم نەبوو، ئەمانە بەردەوام بوون.
هاتم ئەوە ڕوونبكەمەوە كاتێك كەسێك سەركەوتنێك بەجێدەهێنێت، كاتێك یارمەتی ئەوانی تر دەدات دەتوانێت زۆر زیاتر بەجێبهێنێت هەروەها یارمەتیان بدات خۆیان سەركەوتنی خۆیان بەجێبهێنن.
لە دوای ئەو ساڵانە، هەروەها بە بەهێزییەوە بیرۆكەیەكم بۆهات، بیرۆكەی تەنها دەوڵەمەندی بۆ خودی خۆت نا، بەڵكو هەروەها دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ یارمەتی دەوڵەمەندبوونی ئەوانی تریش. هاتم ئەوە ڕوونبكەمەوە كاتێك كەسێك سەركەوتنێك بەجێدەهێنێت، كاتێك یارمەتی ئەوانی تر دەدات دەتوانێت زۆر زیاتر بەجێبهێنێت هەروەها یارمەتیان بدات خۆیان سەركەوتنی خۆیان بەجێبهێنن.

لە ٥٠ ساڵی داهاتوودا، بەردەوام گوێبیستی شتی نەرێنی دەبووم دەربارەی شەبەکەی خستنەبازاڕ، بە تایبەت لە لایەن ئەو کەسانەوە کە دەمناسین. لە کۆتاییدا، بڕیارمدا ئەوە بپشکنمەوە بۆ خودی خۆم.

لە سەرەتاکانی ١٩٩٠کاندا، چووم بۆ لای هاوڕێیەکم بەناوی بیلْ کە کەسێکی خانەنشینی زۆر دەوڵەمەند بوو. ئێمە قسەمانکرد، سەیرکە و ببینە، بیلْ پێی وتم کە بەشداریکردووە لە بنیاتنانی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕدا!

بیلْ زۆر بەپرتاوە، زۆر کارایەکی لێزانە. دەمزانی تازە بە تازە پرۆژەیەکی بازرگانی زەوی و زاری ڕاستەقینەی تەواوکردبوو کە مەزەندە دەکرا بە زیاتر لە یەك بلیۆن دۆلار. لێم پرسی باشە بۆچی لەم سەر زەوییەدا بەتەنها تۆ بەشداریت پێکراوە لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا.

"ساڵانێك،" ئەو پێی وتم، "خەڵك پرسیاریان لێکردووم تاوەکو ڕوونکردنەوە بدەم لەسەر وەبەرهێنانی زەوی و زاری ڕاستەقینە. ئەوان دەیانویست بزانن کە ئایا دەتوانن لەگەڵ من بەشداری بکەن. بەڵام ئەوان نەیادەتوانی، چونکە زۆربەیان ٥٠,٠٠٠ دۆلار یان ١٠٠،٠٠٠ دۆلاریان نەبوو بۆ ئەوەی بتوانن بێنە ئاستی منەوە لە وەبەرهێنانی زەوی و زاری ڕاستەقینە.

"لە ڕاستییدا،" ژمارەیەك لەوانە بەتەواوی هیچ بڕە پارەیەکیان نەبوو. هەندێکیان دوو مووچەیان مابوو دوور لە ئیفلاسییەوە. کەواتە ئەوان بۆ مەرزان دەگەڕان، بیرۆکەی کەمکردنەوەی پارە زۆربەی جار وەبەرهێنانێکی زۆر خراپ دەبێت. لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا، لە ڕاستییدا دەتوانم یارمەتی خەڵك بدەم لە پێدانی جۆرێك لە پارەدا بۆ

هەندێك وەبەرهێنانی گەورە و تامەزرۆییانە.تا زیاتر یارمەتی خەڵکم بدایە لە کردنی ئەو کارەدا، وەبەرهێنی زیاترم دەبوو!

"لەگەڵ ئەوەشدا،" بیلّ بەردەوام بوو، "بە ڕاستی کارکردنم لەگەڵ ئەو کەسانەی کە برسین بۆ فێربوون و گەشەکردن خۆشدەوێت. ئەو ڕاکێشانێکە کارکردن لەگەڵ کەسانێك کەوا بیردەکەنەوە هەر ئێستا هەموو ئەوانە دەزانن؛ ئەمەش ئەوەیە کە زۆرجار لە کۆتایی بیرۆکەی زەوی و زاری ڕاستەقینەدا ڕوویداوە بەسەر خۆمدا. ئەو کەسانەی لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا کارم لەگەڵ دەکردن بەڕاستی دەوروژان دەربارەی بیرۆکەی نوێ."

لە دوای زیاتر لە چەند خولەکێك لە گفتوگۆکردن، من دەبوایە بەخێرایی بڕۆیشتمایە بۆ فڕۆکەخانە، بەلّام لەدوای چەند مانگێك، ئێمە لەسەر گفتوگۆکەمان بەردەوام بووین؛ وە ئێمە کردمان، هەروەها ڕێزی من بۆ شەبەکەی خستنەبازاڕ و ئەوەی نوێنەریەتیکرابوو گەشەی سەند.

لە سالّی ١٩٩٤دا، دەستمکرد بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەك دەربارەی پیشەسازی ڕاستی. دەڕۆیشتم بۆ هەر نمایشێك کە دەربارەی نمایشەکە گوێبیست بوومایە و بەوردی گوێمدەگرت لە هەموو شتێك کە گوێبیستی دەبووم. بلّاوکراوەی کۆمپانیاکەمان خوێند یەك لە دوای یەك، تەماشای تۆمارەکانیانم کرد، لە نزیکەوە سەرنجی هەموو ئەوانەمدا، ئەوەی دەمویست بیکەم هەوڵی چاوەڕوانکراوی خۆم بوو بۆ ڕەچاوکردنی هەر مەترسییەکی بازرگانی وەبەرهێنان. تەنانەت لە گەڵ چەند کۆمپانیایەك بەشداریمکرد، ئەگەر ئەوەیان پێخۆشبوایە کە بینیبووم، تەنها دەتوانم

زۆر زیاتر دەربارەی ئەوانە فێربیم و ببینم کە چی ئەزموونێکیان لە ناوەوەی خۆیاندا حەشارداوە.

لە کۆتاییدا، دەستمکرد بە چاوپێکەوتن لەگەڵ هەندێک سەرۆکی کۆمپانیاکان، وە سەرسامبووم بە دۆزینەوەیان کە هەندێک لەوانە لە زیرەکترین بوون، میهرەبان، بە ڕەوشت، بە ئەخلاق، بە گیان و ڕۆح، وە خەڵکانی پیشەگەر بوون کە لە ماوەی ساڵانی کارکردنی بازرگانیمدا چاوم پێیانکەوتووە. هەر کە لایەنگری خۆمم دەستکەوت وە چاوم بە کەسانی ڕێزدار و پەیوەندیدار کەوت، بۆم دەرکەوت کە من دڵی پیشەسازییەکەم دۆزیبووەوە__وە سەرسام بووم کە من چیم دۆزیووەتەوە.

لە یەکەم کۆبوونەوەی دەرفەتی لە ساڵی ١٩٧٥دا کاتێک یەکەم هەڵەمکرد لەسەر چەمکەکە، مێشکم بەتەواوی داخرابوو لە بەرامبەر ئەو بیرۆکەیەدایە. ئێستا، پاش تێپەڕینی بیست ساڵ، تێڕوانینم بەتەواوی گۆڕابوو.

خەڵک هەندێک کات لێم دەپرسن، "بۆچی شەبەکەی خستنەبازاڕ بۆ خەڵک پێشنیار دەکەیت وەکو ڕێگەیەک کە دەتوانن سەروەت و سامان بنیات بنێن، کاتێک دەوڵەمەند نەبوویت ئەوە ڕێگەکەی خۆتە؟"

لە ڕاستییدا، ئەوەیە چونکە بەختی خۆمم لە ڕێگەی شەبەکەی خستنەبازاڕەوە دەست نەکەوت کە دەتوانم هەندێک ئامانجی زیاترم هەبێت دەربارەی پیشەسازییەکە. من هاتووم تا ئەم بازرگانییە بەرز بنرخێنم وەکو بیانییەک، تەنها لەدوای ئەوەی سامانی خۆمم بنیات نابوو هەروەها ئازادی دارایی خۆمم دامەزراندبوو.

هەمووی وەکو یەك وایە، ئەگەر ئەمڕۆ وابێت کە هەموو ئەوانە دووبارە بکەمەوە و لە داڕووخانەوە دەست پێبکەمەوە، زیاتر وەك ئەوەی لە بنیاتنانی شێوازە کۆنەکەی بازرگانییەوە دەست پێبکەمەوە، ئەوە دەمەوێت لە بنیاتنانی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕەوە دەست پێبکەمەوە.

***کەواتە بەتەواوی شەبەکەی خستنەبازاڕ چییە؟***

من وتم کە لە ڕاستییدا هەرگیز وەکو بەشداربوویەك لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا بەشداریم نەکردووە، بەڵام کەسێك دەناسم کە ئەوەیکردووە، وە ئەو کەسەم بانگهێشتکرد تا ببێتە بەشێك لەم لاپەڕانە بۆ تێگەیشتنی زیاتر لە ڕێگەی ئەزموون و زانیارییەکانییەوە.

هاوڕێکەم جۆن فلێمینگ لەسەرەتای ژیانیدا وەك تەلاسازێك دەستیپێکرد (وە یەکجار بۆ ئەفسانەی ڤانی مایز دێر رەو کاریکرد)، ئەوەش یەکێك لە هۆکارەکانی سەرسام بوونم بوو تا پەیوەندی ببەستێت بە شەبەکەی خستنەبازاڕەوە: ئەو هەمان سۆزی لەگەڵ خۆیداهێنا بۆ کرداری دیزاین و فرمانی دروستکردن لە بازرگانیدا. ئەو پیاوێکە، بەواتایەکی دیکە، کەسێکە کە بەهای بەردەوامی پێکهاتەی بنیاتنان بەرز دەنرخێنێت.

جۆن ئەزموونی نزیکەی چل ساڵی کارکردنی لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا بۆ ئەم لاپەڕانە زیادکرد. ئەو خاوەن کۆمپانیا بووە و خۆی بەکاریخستووە هەروەها زۆر شوێنی بەڕێوەبەری جیاوازی لە ئەوانی دیکە گرتووە، لە ناو ئەوەنەشدا پازدە ساڵ خاوەنداریتی لە یەکێك لە گەورەترین پیشەسازییەکاندا و زۆربەی کۆمپانیا هەرە باشەکان وەك

جێگری سەرۆکی هەرێم و پاشان جێگری سەرۆکی پلانی فرۆشتن، ڕاهێنان، و گەشەکردن. هەروەها بە چالاکی بەشداریکردووە لە گروپی پیشەسازی بازرگانی جۆراوجۆردا" لە ١٩٩٧دا ڕاستەوخۆ فرۆستن بناغەی پەروەدەیە بەخشرا بە جۆن لەگەڵ گەورەترین شانازی، مەدالیای شانازی پێبەخشرا. ئەمڕۆ، جۆن وەك دەزگای پەخشکردن و سەرنووسەر لە دەنگ و باسی گەورەی *دایرێکت* ستێلینگ نیوز خزمەت دەکات، بلاوکراوەیەکی بازرگانی ڕێزلێگیراوە لە فرۆشتنی ڕاستەوخۆدا و لە بەڕێوەبەرایەتی شەبەکەی خستنەبازاڕدا خزمەت دەکات.

ڕۆبێرت: جۆن، بۆ ئەو خوێنەرانەی تاوەکو ئێستاش لەوانەیە نەزانن، بەتەواوی شەبەکەی خستنەبازاڕ چییە، وە چی وەیکردووە بەم شێوەیە بێت؟

جۆن: شەبەکەی خستنەبازاڕ لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابردووەوە لە دەورویەری شێوەی جیاوازدا بووە. بیرۆکە سەرەکیەکە ئەوەندە سادەیە وەکو ئەوەی بلیمەتیەك بێت: لەجیاتی خەرجکردنی تەنێك پارە بریکاری هەمەجۆری پیشەگەر و کەناڵ دەکاتە بازارەوە تا بەرهەم یاخود خزمەتگوزاری بەرەو پێش ببەن، بۆچی ئەو پارەیە نادەیتە کەسانێك کە ئەوەیان زۆر خۆشدەوێت دەربارەی ئەوانە باس بکەن بۆ کەساتی دیکە؟ ئەمە بەتەواوی ئەوەیە کە شەبەکەی خستنەبازاڕ دەیکات: ئەوان لەهەر دۆلارێك فرۆشتن کە دەگەڕێتەوە بۆ نوێنەری ڕاستەوخۆ پشکێك دەدەن، ئەوانەی کە بەشێوەیەکی نموونەیی بەرهەمەکانیان ئەنجامداوە و بەکاربەری بەپەرۆشن.

ڕۆبێرت: ڕێگەم بدا بۆ ساتێك وەك داكۆكیكاری شەیتان ڕۆڵ ببینم. بە ڕاستی ئەوە چۆن كار دەكات؟ من مەبەستمە، كۆمەڵێكی ئاسایی خەڵك ئەوانەی لە ڕاستییدا هیچ ئەزموونێكی پێشبڕكێی بازاڕكردنیان نییە و ئاستێكی بەرزو نایابیان نییە دەتوانن فرۆشتن بكەن؟

جۆن: بەڕاستی، ئەوە جوانییەكەیەتی ئەم كارە. هەر ئەوانەی پیشەگەری خستنە بازاڕ، بەرهەمهێنی هۆلیوود، و كۆمپانیا زەبەلاحەكان ئەوە دەزانن، بەهێزترین شێوازی بەرەو پێشبردنی تاك لە جیهاندا كەسایەتییەكە كە توانای ئامۆژگاری لە ڕێگەی نووسین و قسەكردنەوە هەیە. تەلەفیزیۆنە بازرگانییەكانیش لەبەر ئەوەیە ملیۆنان دۆلار خەرج دەكەن تا كەسێك بەكرێ بگرن بتوانێت وەكو دایكت، خوشك و براكانت، باشترین هاوڕێكەت، یان منداڵەكانت قسە بكات: ئەوان كەسایەتی ئامۆژگاری لە ڕێگەی قسەكردن و نووسینەوە دووبارە دەكەنەوە.

لە شەبەكەی خستنەبازاڕدا، ئێمە شتە ڕاستەقینەكان بەكار دەهێنین: توانای ڕاستەقینەی سەردەمەكە__ئەوەی كە تۆ دەربارەی قسە دەكەیت، ڕۆبێرت، هەروەك ئەوەی بەهێزی دەكات__ئەوەیە هەروەكو نوێنەرێك، تۆ هیچ شتێك نادەیت بە شاندەكە بەتەنها لەبەر بەكارهێنانی بەرهەمەكان لەلایەن خەڵكەوە كە ئاماژە دەكەیت بۆ كۆمپانیاكە، بەڵام نەقدجار لەبەرامبەر كڕینی بەرهەمەكان لەلایەن خەڵكەوە ئەوان ئاماژەی بۆ دەكەن، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت، ئەوان بە ڕاستی دەتوانن زیادبكەن.

كەواتە، ئەمە كاری كرد؟ وەڵامی ئەوەیان دەزانیت: فرۆشتنی ڕاستەوخۆ/شەبەكەی خستنەبازاڕ ئەمڕۆ لە فرۆشتنی ساڵانەیدا بەباشی

دەگاتە سەرووی ١١٠ بلیۆن دۆلارەوە، کە بەنزیکەیی دەکاتە قەبارەی ئابووری نیوزلاند، پاکستان، یان فلیپینز. (زۆرجار ئەم بازرگانییە سەردەمییە باس دەکەم لەگەڵ دوو زاراوەدا "فرۆشتنی ڕاستەوخۆ" و "شەبەکەی خستنەبازاڕ" چونکە ئەمڕۆ، زۆربەی کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ شەبەکەی خستنەبازاڕ دادەمەزرێنن و بایەخی پێدەدەن. هەرچۆنێك بێت، لەبەر مەبەستی ئەم پەرتووکە، لەسەرچاوەکانمدا تەنها زاراوەی "شەبەکەی خستنەبازاڕ" بەکار دەهێنم.)

یەك هۆکار کە سەرجەمی فرۆشتن لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا بەردەوام گەشە دەسەنێت ڕێکخستنە ئەوە ڕاستییەکەیە. کۆمپانیاکە ئاستێکی سەرسامکەری چوونە ناوەوەی بازاڕ و هۆشیاریی کڕیاری دەست دەکەوێت کەلەوانەیە زۆر سەخت بن و زۆر گرانبەها بن تا دەست دەکەون و دەخرێنە بازاڕی ئاساییەوە. وە فرۆشیاری سەربەخۆ دەرفەتی هەیە بۆ دروستکردنی پاشەکەوتی پارەیەکی زۆر باش.

چۆن؟ لەلایەن سوودوەرگرتن لە هێزی ئامۆژگاری پێدان لە ڕێگەی قسەکردن و نووسینەوە ___پەیوەندی ڕووبەڕوو___تا شەبەکەیەکی گرنگ بنیاتبنێن کە هێڵی کۆمپانیای بەرهەم و/ یان کۆمپانیای خزمەتگوزاری نوێنەرایەتی دەکات.

ڕۆبێرت، تۆ دەربارەی بازرگانی بازنەی بی قسە دەکەیت کە تێیدا کەسێك بەلایەنی کەمەوە ٥٠٠ کارمەندی هەیە. لە نێتۆرك مارکێتینگدا، تۆ کارمەند بەکرێ ناگریت، تۆ خەرجی تاکە کەسەکان دابین دەکەیت کە هەموویان نوێنەری سەربەخۆن. بەڵام هەمان جوولەی دارایی جێبەجێدەکەن: بە تێپەڕبوونی کات نوێنەرە سەربەخۆکانی شەبەکەکەت

گەشە دەسەنێن بۆ ٣٠٠، ٤٠٠، یان ٥٠٠ بەهێز دەبن، تۆش داهاتێکی بەجێماوی زۆرت لە ڕێکخراوێکی گرنگەوە دەست دەکەوێت.

*ئەوانی تر دەربارەی شەبەکەی خستنەبازاڕ چی دەڵێن*

کەواتە جۆن وتی، سەردەمیانەکە بەهێزە چونکە کار دەکات___وە ئێمە یەکەم کەس نین کە ئەوە دەڵێین.

تۆم پیتەرس، شارەزای بەڕێوەبردنی ئەفسانەیی و نووسەری کلاسیکی پرفرۆشی *گەڕان بەدوای نایابدا*، بەم شێوەیە شەبەکەی خستنەبازاڕ دەناسێنێت "یەکەم گۆڕانی شۆڕشی ڕاستەقینەیە لە بازاڕکردندا تا کاتی گەیشتن بە بازاڕکردنی "سەردەمیانە" پەنجا ساڵ پێش ئێستا لە قوتابخانەکانی بازرگانی پرۆکتەر و گامبڵ و هارفەردا."

دەرکەوتنی سەرکەوتنەکانی شەبەکەی خستنەبازاڕ لە هەندێك ڕۆژنامەی وەکو *فۆربێز، فۆچەن، نیوزویك، تایم، یو.ئێس. نیوز وێڵد ریپۆرت، یو ئێس ئەی توودەی، زە نیویۆرك تایمز، هەروەها زە وۆڵ ستریت جۆرنەل* دەنووسرا. پەنجا ساڵ لەمەوبەر، توانای دەستکەوتنی بەتەنها یەکێك لەو ڕۆژنامەت نەبوو تا ئەم بازرگانییەی ڕۆژگاری ئەمڕۆی پێبدەی. ئێستا، تەماشا بکە چەند پێشهاتێکی ئەم دواییانەی فۆچەن دەربارەی شەبەکەی خستنەبازاڕ وتی:

ئەمڕۆ، شەبەکەی خستنەبازاڕ لەلایەن زۆر کەسی شارەزا و بازرگانی سەردەمیانە لە جیهاندا.

بەتوانا دەناسرێتەوە وەکو یەکێك لە خێراترین بازرگانی گەشەکردووی

"خەونی وەبەرهێنێك ... باشترین نهێنی پارێزی جیهانی بازرگانی ... لەگەڵ گەشەکردنی پیشەسازییەکی ساڵانەی جێگیر، بەدەستهێنانی پاشەکەوتێکی تەندروست، گەڕانەوەی بەرزترین سامانی وەبەرهێنراوە، وە دیمەنی درێژخایەن بۆ فراوانبوونی جیهان."

ڕۆژەن بەفیت و ڕیچار برانسەن نەیانتوانی لەوە زیاتر جیاواز بن. بەفیت شۆفێری پیکابێك و لە ئەومەها دەژی" برانسەن فرۆکەوانە لە هێڵی ئاسمانی خۆیدا و لە دوورگەی خۆی دەژی لە بریتش ڤێرجن ئایلەندن. بەڵام سێ شتیان بە شێوەیەکی هاوبەشی هەیە. ئەوان هەردووکیان بلیۆنێرن. ئەوان هەردووکیان پیاوی کردارین. وە هەروەها ئەوان هەردووکیان خاوەن کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ بوون.

هەندێك شتی ترت پێ بڵێم؟

ستیتگرۆوپ، جۆوکی، ئێل ئۆریل، مارس، ڕێمینگتەی، و یوونیلیڤە: پێشبینی دەکەیت بە شێوەیەکی هاوبەش ئەوان چیان هەبێت؟ ئەوان هەموویان پەنجەی پێیان لە سەر ناوی شەبەکەی خستنەبازاڕ دادەنێن ـــ لە هەندێك حاڵەت، بەرزی دەکەنەوە تا سەر ڕانەکانیان.

ئەمڕۆ، شەبەکەی خستنەبازاڕ لەلایەن زۆر کەسی شارەزا و بازرگانی بەتوانا دەناسرێتەوە وەکو یەکێك لە خێراترین بازرگانی گەشەکردووی سەردەمیانە لە جیهاندا.

# بەندی هەشتەم

## ئەوەیان دەربارەی داهات نییە__ئەوە دەربارەی سامانە کە داهات دروست دەکەن

ئەوە سەرسام بوونی ناوێت کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵك تێناگەن لە بەهای شەبەکەی خستنەبازاڕ: ژمارەیەك لەوانە کە بەڕاستی بەشدارییان تێداکردووە بە تەواوە بەهاکەی ناگرن وەك ئەوەی بە دەستەکانیان گرتوویانە.

کاتێك خەڵك گوێبیستی چاوپێکەوتنی شەبەکەی خستنەبازاڕ دەبێت، زۆرجار پرسیارە سەرەکیەکە ئەوەیە، "ئەگەر بەشداری لەم بازرگانییەدا بکەم، لێرەدا دەتوانم چەندێك دهاتم دەست بکەوێت؟" وە هیچ سەرسامییەکی ناوێت، کاتێك تۆ گوێناگرێت بۆ خەڵك کە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ بەرەو پێش دەبەن، زۆرجار بەتەواوی ئەوەیە کە ئەوان دەربارەی قسەی لەسەر دەکەن و تۆش گوێبیستی دەبیت: بۆ هەر مانگێك چەندێك دەتوانیت بە دەست بهێنیت.

هۆکاری ئەوەی کە خەڵك دەیانەوێت بزانن لەهەر مانگێکدا دەتوانن چەندێك بەدەست بهێنن ئەوەیە کە ئەوان بیردەکەنەوە بە گوێرەی ژیان لە بازنەی بیدا یاخود لە بازنەی ئێسدا. ئەوان بیردەکەنەوە دەربارەی زیادکردن یان لەجیاتی دانانی ئەو بازنەیەی ئێستا هەیە کە بازنەی ئییە لە بازنەی داهاتی ئێسدا.

بەڵام ئەوەش ئەو شوێنە نییە کە بەهای ڕاستەقینەی شەبەکەی خشتەبازاڕ درۆبکات.

کێشەی بەدەست هێنانی داهات ئەوەیە کە یەکجار زۆر سنووردارە، کردارێکی هێڵییە. کاتژمێرێك کار بکە، دۆلارێك بەدەست بهێنە" دوو کاتژمێر کار بکە، دوو دۆلار بەدەست بهێنە. ئەوە پشت بە تۆ دەبەستێت، ئەوەش مانای ئەوەیە هەرگیز ناتوانیت بوەستیت. وەکو پێشتر وتم، ئەوە داوێکە. زۆربەی خەڵك بە شێوەیەکی غەریزی هەستی پێدەکەن؛ بەڵام ئەوان وا بیردەکەنەوە ڕێگای ڕزگاربوون لە داوەکە پەیداکردنی داهاتێکی زیاترە. بەڵام بەدەست هێنانی داهاتی زیاتر ئەو ڕاستییە بنەڕەتییە ناگۆڕێت کە دهاتەکەت لە سست بووندایە. لە ڕاستییدا، زۆرجار بە پەیداکردنی داهاتی زیاتر تەنها خزمەتێك دەکەیت تاوەکو داهاتەکەت سستر ببێت.

بازنەی بی و بازنەی ئای دەربارەی بەدەست هێنانی داهاتی زیاتر نییە" دەربارەی بوون بەخاوەنی سامانە کە داهاتەکەت زیاتر دەکات.

***ڕاستی دەربارەی خانووەکەت***

ئەو شتەی زۆربەی خەڵك بیریلێدەکەنەوە هەروەك سامان بەهیچ شێوەیە سامان نییە" لە ڕاستییدا، ئەوانە بەرپرسیارێتین.

چۆن دەتوانین پێناسەی شتێك بکەین کەئایا سامانێکە یان بەرپرسیارێتییەك لە نەمانی پارەی پاشەکەوتکراوە، ناڕێکی و ناتەریبی بەهایە. بەواتایەکی دیکە، ئایا ئەوە پارە پەیدا دەکات و دەڕوات بۆ گیرفانەکانت، یاخود ئەو پارەیەی لە گیرفانتایە دەریدەهێنێت؟ هەموو شتێك کە ئایا پارەت بۆ پەیدا دەکات یاخود پارەت لێدەکێشێتەوە.

ئەگەر پارەت بۆ پەیدا نەکات، ئەوە سامان نییە، بەڵکو ئەوە بەرپرسیارێتییەکە.

لە ساڵانی ئێستادا، خەڵک خانووەکانیان وەک ئەی تی ئێم س بەکاردەهێنا، خواتسن لە دژی ئەوان تا پارەی پاشکەوتکراویان بەرزبکەنەوە و بتوانن لە کریدت کارتەکانیاندا بەکاری بهێنن، پشوویەک وەربگرن، کڕینی ئۆتۆمبێلێک لە جۆری ئێس یو ڤی، هەرچییەک بێت. لەوانەیە ئەم کارەت بۆ خودی خۆت کردبێت. ئەگەر کردووتە، هۆکاری کردنی ئەو کارە ئەوەیە کە خانووەکەت سامانێک بووە و تۆش هێڵێکی سادەت کڕی، نەک ئەوەی لەڕاستییدا ئەوە چییە: کریدت کارتێک لەگەڵ چەوی کەنار (ئاو) و ڕێگەی ئۆتۆمبێلی نێوان ماڵێک و شەقامێک.

ڕێگەم بدا ڕوونیبکەمەوە ئەم سامانە چییە.

زۆربەی خەڵک ئەوەندە سەر لێ دەشێوێنرێن دەربارەی ئەوەی هەیانە ئەوە دواکەوتووە. ئەوان ڕادەکەن بۆ لای فەرهەنگەکە و وشەی سامان دەدۆزنەوە کە شتێکە وەکو "شتێکی بەهادار." باشە، لەوانەیە. کێشەکە ئەم وشە ئاڵۆزەیە، *بەها*. ڕێگەم بدا پرسیارێکت لێبکەم:

*بەهای خانووەکەت چییە؟*

پێش ئەوەی وەڵام بدەیتەوە، ڕێگەم بدا هەمان پرسیار بە ڕێگەیەکی جیاوازتر لێت بپرسمەوە:

*خانووەکەت چەندێک داهاتت بۆ دەهێنێت، مانگێک دەیهێنێت و مانگێک نایهێنێت؟*

بەختەکان باشن وەلامەکەت ئەوەیە، "باشە، هیچ کام لەوانە نییە__لە ڕاستییدا، هەموو مانگێک پارەیەکی زۆر باش خەرج دەکەم بۆ گۆڕینی خانووەکەم، دەیپارێزم، چاکی دەکەمەوە، وە هەروەها.."

بەتەواوی وایە. ئەوەیە چونکە *خانووەکەت سامانێک نییە* بەلکو *بەرپرسیارێتییەکە*.

"بەلام خولەکێک بوەستە،" تۆ وتت، "بەهای خانووەکەم دووسەد هەزارە!"

تۆ، بەڕاستە؟ کەی؟ کاتێک ئەوە دەفرۆشیت، لە هەندێک خالی کرداریدا لە داهاتوودا؟ بەلام باشە دەتەوێت لەکوێ بژیت؟ لەوانەیە داهاتی فرۆشتنەکەت ببەیت و خانوویەکی تر بکڕیت و تێیدا بژیت؟ بێگومان وادەکەیت. کەواتە بەهاکەی لە کوێیە، بەهایەکی دلخوازی ڕاستەقینە کە بتوانیت لە دەستەکاندا بیگریت و بەکاریبهێنیت لە کڕیندا و وەبەرهێنان لەهەر شتێکدا بکەیت کە حەزت لێیەتی؟ هیچ کام لەوانە نییە. *خانووەکەت سامانێک نییە" بەلکو ئەوە چالێکە لە زەویدا و تۆش پارە دەکەیتە ئەو چالەوە.*

*چۆن بزانیت سامانەکەت لە چالێکدایە لەناو زەوییەکەد*

بۆ ساتێک ناساندنی فەرهەنگی لە بیربکە. با قسە لەسەر جیهانی ڕاستەقینە بکەین. سامان شتێکە کە کارت بۆ دەکات، کەواتە تۆ پێویست ناکات بۆ هەموو ژیانت بەردەوام بیت لەکارکردن. باوکی هەژارم هەمیشە دەلێت، "کاربکە بۆ کارێک." باوکی دەولەمەندم دەلێت، "سامانێک بنیاتبنێ."

بەهێزترین شت دەربارەی ژیان لەبازنەی بیدا ئەوەیە کاتێک بازرگانییەک بنیات دەنێیت، ئەوە سامانێکت بنیاتناوە.

لە بازرگانیەکەی باوکی دەوڵەمەندمدا، لە هەموو شوێنێکی جیهاندا نووسینگەمان هەیە. ئەگەر کاربکەم یان نووستبم یاخود یاری گۆلف بکەم، داهات بەردەوام بەدەست دەهێنم. ئەوەش داهاتی ناچالاک: داهاتی پاشماوەیە. کاتێک بە سەختی کارناکەم بۆ کارێك، ئەوە بەڕاستی کار دەکەم بۆ بنیاتنانی سامانێك، زۆر بەسادەیی چونکە وەکو کەسێکی دەوڵەمەند بیردەکەمەوە، وەکو کەسێکی چینی کرێکار بیر ناکەمەوە.

لەبەر ئەوەی بوون بەخاوەنی بازرگانی بوون بەخاوەنی سامانێکە، کاتێك بازرگانیەکی شەبەکەی خستنەبازاڕ بنات دەنێیت، نەك بەتەنها ژیانێکی گرنگی کارامەیی فێردەبیت، بەڵکو هەروەها تۆ سامانێکی ڕاستەقینە بنیات دەنێیت بۆ خودی خۆت. لەکارێکدا، داهات بەدەست دەهێنیت. لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا، لەجیاتی بەدەست هێنانی داهات، سامانێك بنیات دەنێیت___بازرگانیەکەت___و *سامانەکەت داهاتێك* دروست دەکات.

بەتەنها وەبەرهێنانم لەو شتانەدا کردووە کە پارەم بۆ دروست دەکەن. ئەگەر پارەم بۆ دروست بکەن، ئەوە سامانێکە" ئەگەر پارەشی لێکێشامەوە، ئەوە بەرپرسیارێتییێکە. دوو ئۆتۆمبێلم لەجۆری پۆرش هەیە. ئەوانە بەرپرسیارێتین. ئەوانەم بە شێوەیەکی ئازاد و ڕوون بوومەتە خاوەنیان، بەڵام ئەوانە پارە ناکەنە ناو گیرفانەکانمەوە" بەڵکو ئەوانە پارە لە گیرفانەکانم دەردەکەن. ئەوا مووشەکی نازانستییە.

بۆ ئەو کەسانەی تێدەگەن، ژمارە یەکی سامان عادەتەن بازرگانییە، وە ژمارە دووی سامان بە شێوەیەکی نموونەیی زەوی و زاری ڕاستەقینەیە.

وە لەگەڵ زەوی و زاری ڕاستەقینەدا، دەبێت لە جیاوازی نێوان ڕۆیشتنی پارەی پاشکەوتکراو و دەستکەوتنی سامان تێبگەیت. زۆربەی خەڵك لەم جیاوازییە تێناگەن. کاتێك ئەوان وەبەرهێنەرن، وەبەرهێنان دەکەن بۆ دەستکەوتنی سامان. ئەوان دەڵێن، "خانووەکەم بەهاکەی لە دەستدا، ئۆتۆمبێلەکەم بەهاکەی لە دەستدا." ئەوە دەستکەوتنی سامانە، نەوەك ڕۆیشتنی پارەی پاشکەوتکراو.

هۆکاری بوون بەخاوەنی زەوی و زاری ڕاستەقینە ئەوەیە تا بیهێڵیتەوە هەروەك سامانێك، نەوەك بیفرۆشێت بۆ قازانجێك. ئەگەر زەوی و زارێکی ڕاستەقینە بکڕیت بە ١٠٠،٠٠٠ دۆلار دواتر بیفرۆشیتەوە بە ٢٠٠،٠٠٠ دۆلار. ئەوە پێی ناوترێت سامان" تۆ تەنها ١٠٠،٠٠٠ دۆلارت بۆ سامانەکەت زیادکرد. تۆ دەبێت لە سامانەکەت بدەیت تاوەکو ئەو پارەیەت دەست بکەوێت. تۆ سامانەکەت کوشتووە. وەکو ئەوە وایە مانگاکەت بفرۆشیت بۆ دەستکەوتنی پارە. من مانگاکە دەکڕم و دەبمە خاوەنی هەروەها شیرەکەشی دەفرۆشم.

ئەوەش گەورەترین کێشەیە لەگەڵ هەبوونی کاردا: کارێك بەمانای سامانێك نایەت. ناتوانیت کارەکەت لە بازاڕی ئیبای بفرۆشیت" ناتوانیت لەدەرەوە بە کرێی بدەیت" ناتوانیت قازانج لە ئەوەوە بەدەست بهێنیت. بۆچی دەیان ساڵی تەمەنت بەسەر دەبەیت، هەموو ئەو ژیانەی هەتە، کارکردنە بۆ بنیاتنانی شتێك کە سامان نییە؟ یان، تا زۆر وردتر پێت بڵێم، بۆ بنیاتنانی *سامانە بۆ کەسێکی تر*، بەڵام بۆخۆت نییە؟

لەبەرئەوە هیچ هەڵەیەك دەربارەی ئەوە مەکە: کاتێك کارێك دەکەیت، ئەوە تۆ سامانێك بنیات دەنێیت__کە تەنها ئەو سامانە بۆتۆ نییە.

ئەم بیرۆکەیە کونکرابوو بۆ ئێمە لە هەبوونی کارێکی باشدا جۆرێکی بەهایی خۆیی هەیە، بەلام بەتەواوی هیچ بەهایەك لە ئەودا هەیە ــ سفر. وە تا بێ بەهاکردن زیاد بکات بۆ بریندارکردن، ڕێژەیەکی زۆر بەرزی باج لە داهاتی کارەکەتەوە وەردەگیرێت زیاتر لە هەر جۆرێکی تری داهات کە خاوەنی بیت.قسە بکە دەربارەی پشتی کەشتییە زەبەلاحەکە کە دژی تۆیە! سەرباری ئەو نرخە هێشتا خەلکەکە ڕازین و پارە دەدەن بۆ "سەلامەتی و ئاسایشی" بازنەی ئی.

*شەبەکەی خستنەبازاڕ دەربارەی فرۆشتنی بەرهەمەکان یان دەستکەوتنی داهات نییە!*

خراپترین تێگەیشتنی بەناوبانگ دەربارەی شەبەکەی خستنەبازاڕ ئەوەیە کە وادەزانرێت بارزگانییەکی فرۆشتنە. بەلام ڕاستە دەفرۆشێت تا داهاتی زیاتر پەیدا بکات. کێشەکە ئەوەیە، ئەگەر تۆ چالاکییەکان بوەستێنیت، داهاتەکە دەوەستێت.

فرۆشیارێك کارێکی هەیە. ئەگەر لە بەشی کۆگایەك لە پشتی ژمێرەر کاربکەیت، ئەوە تۆ لەناو بازنەی ئیدایت" ئەگەر لەناو بازرگانی خۆتدا کاربکەیت، پارێزەر یان خانوو یاخود ئالتوون بفرۆشیت، ئەوە تۆ لەناو بازنەی ئێسدایت. بەلام هەر یەکێك لەوانە بێت، تۆ کارێکت هەیە، وە کارەکەت بۆ فرۆشتنە.

ئەوەش نابێتە بنیاتنەری سامانەکەت یان ئازادییەکات.

ئەوەی تۆ دەتەوێت کارێکی دیکە نییە" بەلکو تۆ *ناونیشانێکی دیکەت* دەوێت، یەکێك زیاتر بەسەر بازنەی بیدا.

جۆن: ڕۆبێرت، ئەوە بەتەواوی ڕاستە. خەڵک زۆرجار وابیردەکەنەوە سەرکەوتن لەم بازرگانییەدا بە مانای "باشترین فرۆشتن دێت." بەڵام خاڵی سەرەکی شەبەکەی خستنەبازاڕ بوون بە باشترین فرۆش نییە لە بەرهەمە تایبەتەکاندا یان خزمەتگوزارییەکاندا، چونکە کێشە نییە چەندێك باشی لەکردنی ئەو کارەدا___وە با ڕاستگۆ بین، ئەگەر وەکو زۆربەی خەڵك دەبێت، ئەوا بیرمەکەرەوە کە زۆر باش دەبێت لەو کارەدا___تەنها ڕێژەیەکی زۆر داهات هەیە کە دەتوانیت لە فرۆشتندا پەیدای بکەیت.

لە دوای هەموو ئەوانە، لە ڕۆژدا کاتێکی زۆرمان هەیە، ڕاستە؟

لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا، خاڵی تەواو ئەوە نییە بەرهەمێك بفرۆشیت بەڵکو بنیاتنانی شەبەکەیەکە، سوپایەك لە خەڵك کە هەموان نوێنەرایەتی هەمان بەرهەم یان هەمان خزمەتگوزاری دەکەن تا لەگەڵ ئەوانی دیکە هاویە۱شی پێبکەن.

ئامانجەکە ئەوە نییە کە تۆ یان هەر کەسێکی تر زۆرترین بەرهەم بفرۆشێت" بەڵکو بۆ ژمارەیەکی زۆر خەڵکە کە ببنە خاوەن کڕیاری خۆیان، فرۆشتن و خزمەتگوزاری ژمارەیەکی گونجاوە بۆ کڕیارەکان، وە ناونووسکردن و نیشاندانی بۆ زۆر خەڵکی دیکە تاوەکو چۆن هەمان شت بکەن.

هەروەها لێرەدا ئەوە هۆکارێکە تۆ دەتەوێت نوێنەرایەتی بنیاتنانی سوپایەك لە خەڵکی سەربەخۆ بکەیت: کە ئەو کارەتکرد، دەزانیت کە چی شتێکت هەیە؟ سامانەکە داهاتێك دروست دەکات بۆتۆ___داهاتی ئاچاڵاک.

لە بەندی سیانزەدا، پرسیار لە چۆن دەکەم بۆ تەواو ڕوونکردنەوەی ئەوەی بۆچی شەبەکەی خستنەبازاڕ دەربارەی فرۆشتن یان بوونی بەکەسێکی فرۆشیار نییە، وە هیوادارم بە ڕاستی سەرنجێکی وردی پێبدەیت، چونکە ئەوە کلیلی بابەتەکەیە___ئەوەی کە زۆرێک لە خەڵک دەستیان ناکەوێت. چونکە ئێستا، لێرەدا کلیلی بزمار هەیە کە دەمەوێت بە خانووەکەدا بیکوتم: *شەبەکەی خستنەبازاڕ دەربارەی بە دەست هێنانی بڕێکی زۆر لە داهات نییە" بەڵکو دەربارەی بنیاتنانی سامانێکە.*

لە ڕاستییدا، ئەوە دەربارەی بنیاتنانی هەشت سامانە، هەموویان لە هەمان کاتدا. وە لە بەندی داهاتوودا، بە وردی لە هەر یەک لەوانە دەدوێین.

# بەندی نۆیەم

## سەرمایەی ژمارە #یەك: پەروەردەیەكی بازرگانی جیهانی ڕاستەقینە

من دەبێت دانپیانانێك بكەم: من خوێنەرێكی لەسەرخۆم. زۆر دەخوێنمەوە، تەنها ئەوەیە زۆر لەسەرخۆ دەخوێنمەوە. وە زۆر بۆ ئەوەی باشتر تێبگەم پێویستە پەرتووكێك دوو یان سێ جار بخوێنمەوە هەروەها ئەوەی دەیخوێنمەوە لەڕاستییدا لێی تێدەگەم. چی تر هەیە، رە من نووسەرێكی زۆر هەژارم" لە ڕاستییدا، لە قوتابخانەی ئامادەیی دووجار لە نووسیندا شكستم هێنا.

كەواتە دەتەوێت شتێكی گاڵتەئامێز بزانیت؟ ئەو خوێندكارەی سی، ئەوەی لە كۆرسی نووسین لە قوتابخانە شكستی هێنابوو وە ئێستاش نووسەرێكی زۆرباش نییە، سێ پەرتووكی هەیە كە لە لیستی پڕفرۆشترین كتێبەكانی زە نیۆرك تایمزە.

مەبەستەكەم؟ نمرەی باش هەموو شتێك نییە.

بەهەڵەدا مەبە: من ئاستی پەروەردە ناهێنمە خوارەوە. من بڕوام بە پەروەردە هەیە" لە ڕاستییدا، من بڕوام پێیەتی لەگەڵ ئەوەی سۆزێكم بۆی هەیە. من بە زۆری بڕوام بە پەروەردەیەك هەیە كە بەڕاستی ئەوەت فێردەكات كە پێویستە فێربیت تاوەكو لە ژیاندا سەركەوتوو بیت.

كاتێك من ڕادەسپێرن كە خەڵك خۆیان بنیاتی شەبەكەی خستنەبازاڕ بنێن، هۆكاری ژمارە یەك ئەوەیە من هەمیشە دەبەخشم بۆ ئەوەش نا كە

زۆر نایاب بم، تەنانەت بەرهەمەکانی گۆڕانی ژیان کە لەوانەیە تۆ نوێنەرایەتی بکەیت، وە ئەوەش بۆ ئەوە نییە تا پارە بەدەست بهێنیت یان ئابووریەکی ئازاد کە خۆت دروستی بکەیت.

بەڵێ، بەرهەمەکان زۆربەیجار نایابن. هەروەها، بەڵێ، من زۆر بەهای توانام لەبەرکرد تا ڕێچکەیەکی ڕاستەقینە بدەم بەتۆ و سامانێك بنیات بنێیت. بەڵام ئەمانە گرنگترین سوود نین کە تۆ لە ئەزموونێك دەستت دەکەوێت. ژمارە یەك لە ئەزموونەوە بەهات دەست دەکەوێت ک *پەروەردەیەکی بازرگانی جیهانی ڕاستەقینەیە*.

*سێ جۆری پەروەردە*

ئەگەر دەتەوێت داراییانە سەرکەوتوو بیت، ئەوە سێ جۆری جیاوازی پەروەردە هەیە کە تۆ پێویستت دەبێت: خوێندن، پیشەگەری؛ وە پەروەردەی دارایی.

خوێندنی *پەروەردە* فێرت دەکات چۆن بخوێنیتەوە، بنووسیت؛ وە بیرکاریت فێردەکات. ئەوەش پەروەردەیەکی زۆر گرنگە، بە تایبەتی لە جیهانی ئەمڕۆدا. کەسایەتی خۆم، باش نەبووم لەگەڵ ئەم ئاستەی پەروەردەدا. هەروەك وتم، من هەموو ژیانم خوێندکاری سی بووم، زۆد بەسادەیی چونکە من ئارەزوومەند نەبووم لەوەی کە چی فێردەبم.

*پەروەردەی پیشەیی* فێرت دەکات چۆن کاربکەیت بۆ دەستکەوتنی پارە. بە واتایەکی دیکە، ئامادەت دەکات بۆ ژیانێك لە بازنەی ئی د بازنەی ئێسدا. لە سەردەمی گەنجیمدا، زیرەکترین منداڵەکان دەبوون بە پزیشك، پارێزەر، وە ئەندازیار. ئەوانی تر دەچوون بۆ قوتابخانە

پیشەییەکان کە فێردەکران ببنە یاریدەدەری پزیشک، بۆریچی، دروستکار، کارەباچی، و میکانیکی ئۆتۆمبێل.

من لێرە باشتر نەبووم، هەرچی بێت. لەو کاتەوەی باش نەبووم لە خوێندنی پەروەردەدا، هانیان نەدام تا ببمە پزیشکێك، پارێزەر، یان ئەندازیار. لەجیاتی ئەوە، بووم بە فەرمانبەری کەشتی و پاشان فرۆکەوانی هەلیکۆپتەر؛ فڕین بۆ دەستەی دەریایی لە ڤێتنام. بە تێپەڕبوونی کات تەمەنم بوو بە ٢٣ ساڵ، دوو پیشەم هەبوو، یەکێکیان فەرمانبەری کەشتی بوو ئەوەی تریان فرۆکەوانی بوو، بەڵام هەرگیز بەڕاستی نەمتوانی هیچکام لەوانە بۆ دەستکەوتنی پارە بەکاربهێنم.

پەروەردەی *دارایی* ئەو شوێنەیە کە فێردەبیت پێویستە *پارە کار بۆ تۆ بکات* وەك ئەوەی پێویستە *تۆ کاربکەیت بۆ پارە*. لەوانەیە وابیربکەیتەوە کە دەگەیت بە پەروەردەی دارایی لە قوتابخانە بازرگانییەکاندا، بەڵام بە گشتی، ئەوە نییە کە چی ڕوودەدات. بە گشتی قوتابخانە بازرگانییەکان چی دەکەن زیرەکترین منداڵ وەردەگرن و دەیکەنە بەڕێوەبەری بازرگانی بۆ دەوڵەمەند بوون. بە واتایەکی دیکە، ئەوان خوێندکارەکان دەگوێزنەوەی بۆ ژیانێك لە ڕیزەکانی سەرەوەی بازنەی ئی_ بەڵام ئەوە هێشتا بازنەی بییە.

دوای ئەوەی لە ڤێتنام گەڕامەوە، بڕیارمدا بگەڕێمەوە بۆ قوتابخانە بۆ ئەوەی ئم بی ئەی بەدەست بهێنم، بەڵام باوکی دەوڵەمەندم پێی وتم واز لەو کارە بهێنم. ئەو وتی، "ئەگەر ئم بی ئەی لە قوتابخانە بەدەست بهێنیت، ئەوە ڕادەهێنرێیت بۆ ئەوەی ببیتە کارمەندی دەوڵەمەندێك. ئەگەر دەتەوێت خودی خۆت دەڵەمەند بیت، ئەوە چیتر پێویستت بە

خوێندنی پەروەردە نییە، پێویستت بە پەروەردەیەکی دارایی جیهانی ڕاستەقینەیە."

*کارامەیی گرنگ*

بوون بە بەڵێندەر و بنیاتنانی بازرگانی لەبازنەی بیدا کارێکی هێندە ئاسان نییە. لە ڕاستییدا، بڕوام وایە بنیاتنانی بازرگانی لە بازنەی بیدا یەکێکە لە سەختترین بەشداریکرنی کەسەکە کە بتوانێت ڕووبەڕووی ببێتەوە. هۆکاری ئەوەی کە ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵک لە بازنەی ئی و بازنەی ئێسدان ئەوەیە کە ئەو دوو بازنەیە کەمتر داوا دەکەن بەراورد بە بازنەی بی. ئەگەر ئەوە ئاسان بووایە، ئەوە هەموو کەسێك لەوانەیە بیکردایە.

ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتوو بیت لە بازرگانیدا، ئەوە کارامەیی تەکنیکی هەیە پێویستە فێرببیت کە لەوانەیە لە قوتابخانە فێریان نەکرد بیت.

بۆ نموونە، توانای خۆڕێکخستن و ڕێکخستنی کارنامەی خۆت.

ئەوەش گەورەتر دەردەکەوێت بەراورد لەگەڵ ئەوەی لەوانەیە دیاربێت. خەڵك کە دەچنە ناو گۆڕەپانی شەبەکەی خستنەبازارەوە هەندێك کات ئەزموون وەك جۆرێك لە شۆکێکی کەلتووری دەردەکەوێت، چونکە ئەوان ڕادەهێنرێن و پێیان دەوترێت پێویستە چی بکەن و چی شتێك نەکەن. تۆ لەوانەیە زۆر، زۆر بە سەختی کاربکەیت لە بازنەی ئیدا، هێشتا بەتەواوی هیچ ئەزموونێکت نییە لە دانانی ئامانج، ڕێکخستنی پلانێکی کار، دانانی کارنامەت، بەڕێوەبەری کاتەکانت، و ڕیزبەندییەکی ڕوونی کارویاری بەرهەمدار جێبەجێ بکەیت.

ئەوە شۆکە کە چەندێك خەڵك ئەم کارامەییە سەرەکییەی نییە. شۆك بوون، بەڵام هیچ سەرسامکەر نەبوو. دوای هەموو ئەوانە، لەناو بازنەی ئێدا، بەڕاستی پێویستت بە هیچ کام لە ئەوانە نابێت. بەڵام ئەگەر بچیتە ناو بازنەی بییەوە، ئەوانە نابنە بژاردەیەك. هەموو ئەوانە یەك بە یەك کارامەیی زۆر گرنگن وەك زانینی ئەوەی چۆن چەکی بانك هاوسەنگ بکەیت، پلانێکی دارایی بنووسیت، و ڕاپۆرتێکی ساڵانە بخوێنیتەوە.

*سوودەکانی باج ـــوە ئەو وانەیەی ئەوان فێرت دەکەن*

خەڵك ئەوانەی کە نوێن لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا زۆرجار زۆر سەرسامن تا لە گرنگی سوودی باج فێردەبن کە لەدامەزراندنی بازرگانی خانووەکەی خۆتەوە دێت.

زۆربەی خەڵك بە لایەنی کەمەوە بیرۆکەیەکی نادیاریان هەیە کە کەسانی دەوڵەمەند لە هەموو جۆرێکی باج چێژ وەردەگرن کە ئەوان خۆیان ئەو باجە نادەن، بەڵام ئەوان تەواوی ژیانیان لەناو بازنەی ئێدا ژیاون، لە ڕاستییدا ئەوان بە شێوەیەکی گشتی هیچ چەمکێکیان لەسەر ئەو سوودانە یان چۆنییەتی کارکردنیان نییە. بۆیە، خەڵك زۆرجار تووشی شۆك دەبن کە بۆیان دەردەکەوێت بەو شێوەیەن، هەروەها، دەتوانن هەمان چێژی ئەوان لە سوودی باج وەربگرن و بڕێك پارەی گرنگ لە گیرفانەکانیان دەربکەن لە ڕۆژە زۆر خێراکانی بازرگانی نوێدا.

لەگەڵ گۆڕانی بەم دواییە لە سیاسەتی باج و زیاتر دڵنیایی لە بەرنامە ڕێژی بۆ بازرگانی بچووك وەك خاوەنکاری خۆت، لە هەموو کاتەکانی رابردوو ئاسانتر بووە دروستکردنی پاکێجی سوود کە دەتوانێت ڕکابەر و

ئەنانەت هەر شتێکی گەورەی کۆمپانیای پێوانەیی تێبپەڕێنێت. لەلایەن دەستکردن بە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ کە کاتی زیاتر وکارە ئاساییەکەت دەهێڵێتەوە، دەست پێدەکەیت بۆ ئەوەی سوودی باجێکی دەوڵەمەندت دەست بکەوێت. کەسێك لەگەڵ بازرگانی نیوو دەوام دەتوانێت باجێکی کەمتر بدات بەراورد بە فەرمانبەرێك.



ئەوانەی سەرەوە بەتەنها هەندێك نموونەن بۆ ئەو شتانەی پارەیان بۆ سەرف دەکەیت کە لەوانەیە کەمکردنەوەی باج ڕەوا ببینێت تاوەکو لە ماڵەکەی خۆتدا دەست دەکەیت بە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ.

تێبینی: ئەو لیستەی لێرە دراوە تەنها بۆ مەبەستی ڕوونکردنەوەیە: بۆ ئامۆژگاری باج لەسەر بارودۆخی خۆت، تۆ دەبێت لەگەڵ پیشەی باجت ڕاوێژ بکەیت.

بۆ نموونە، تۆ لەوانەیە بە توانا بیت تا خەرجی ئۆتۆمبێل، بەنزین، هەندێك ژەم، و ڕابواردن کەم بکەیتەوە. بە ئاشکرا، پێویستە سی پی ئەی بپشکنی بۆ فەرمانڕەوایی دروست لەسەر بارودۆخت. وە کاتێك تۆ ئەوەتکرد، بۆت دەردەکەوێت کە تێچووی ئەو سەردانەت بۆ سی پی ئەی کەمکردنەوەی باجە، هەروەها! بە واتایەکی دیکە، لە ڕاستییدا حکومەت بچڕانێکی باج دەدات بەتۆ بۆ خەرجییەکی بەردەوام و پیشەی ئامۆژگاری چۆن بڕێکی کەمتر بدەیت بە حکومەت وەك لە باج.

یەکێک لە جوانییەکانی شەبەکەی خستنەبازاڕ ئەوەیە ڕاتدەکێشێت تا نهێنی دووریکە وە هەروەها دەست پێدەکات بۆ ئەوەی ژیانت نیشان بدات لە نێو بازنەی بیدا.

مەبەستی من لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ئەوە نییە بەتەنها دەربارەی کاریگەری گرنگی ئابووری بزانیت کە لە ڕێگەی پاشەکەوتکردنی باجەوە لە یەکەم ڕۆژی بازرگانییە نوێکەتدا دێت. زیاد لەوە مەبەستمە، ویستم ئەم خاڵە تا ماڵەوە لەگەڵم بێت: زۆربەی خەڵک هیچ بەڵگەیەکیان، ڕاستییەکیان لەسەر ئەوە نییە بوونت لەناو بازنەی بیدا وەک چی شتێک وایە!

هۆکاری ئەوەی کە زۆربەی خەڵک شۆک دەبن کاتێک فێری سوودەکانی باج دەبن لێرەدا هۆکارەکە بەردەستە ئەویش ئەوەیە، بۆ ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵک، بازنەی بی لەوانەیە هەروەکو دوورگەیەکی ئەفسانەیی ونبوو بێت لە کیشوەرێکدا کە گوایە لە دەریای ئەتڵەسیدا بووە و نووقوم بووە.

یەکێک لە جوانییەکانی شەبەکەی خستنەبازاڕ ئەوەیە ڕاتدەکێشێت تا نهێنی دووریکە وە هەروەها دەست پێدەکات بۆ ئەوەی ژیانت نیشان بدات لە نێو بازنەی بیدا.

بەخێربێیت بۆ پەروەردەی بازرگانی جیهانی ڕاستەقینە.

## کارامەیی ژیان

کاتێک دێتە سەر دروستکردنی بازرگانییەکی سەرکەوتوو، ئەوە بابەتێکی سادەی تەکنیکی کارامەیی نییە. تەنانەت زۆر لەوە گرنگتر کارامەیی ژیانە کەبە سەرکەوتوویی ڕوودەکاتە بازنەی بی و دانووستان ئەنجام

دەدات. کلیلی درێژخایەن بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا پەروەردەی تۆ و کارامەییی تۆیە، ئەزموونەکانی ژیانت، وە لە هەمووی زیاتر، کارێکتەری کەسایەتی تۆیە.

بۆ نموونە، من دەبوایە فێر ببم چۆن بەسەر گومانی خۆمدا، شەرمکردن، ترسی ڕەتکردنەوەدا زاڵ ببم. کارامەییەکی تری گەشەکردنی کەسی کە دەبوایە فێر ببم ئەوە بوو کە چۆن لە دوای شکست و سەرنەکەوتن بەردەوام ببم و هەڵبستمەوە و خۆم بپارێزم. ئەمانە تایبەتمەندی کەسێکە کە پێویستە گەشەبکات ئەگەر ئەوان مەبەستیان سەرکەوتن بێت لە بازرگانی ناو بازنەی بیدا، بە بێگوادنە ئەوەی کە ئایا ئەوە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازارە، مافی دەستوورێکە، یان دامەزراوەیەکی بەڵێندەرایەتییە.

ئەگەر هەموو ئەوانە لە قوتابخانە فێر نەبوویت، وە لە شوێنی کارەکەت هەر نەتتوانی فێری ئەوانە ببیت، هەروەها کاتێک لە ماڵەوە گەورە دەبوویت و گەشەت دەکرد هەر ئەوانە فێر نەبوویت، ئەی لە کوێ دەتەوێت فێری ئەوانە ببیت؟ لەسەر کام شوێنی زەوی بازرگانیەک دەتوزیتەوە لە پەروەردەت و گەشەکردنی کەسێتیدا کات وەبەربهێنێت وە بەڕاستی یارمەتیت بدا لە بنیاتنانی بازرگانی بۆ خودی خۆت؟

لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا، ئەوە ئەو شوێنەیە.

جۆن: ئەوە زۆر سەرنجڕاکێشە، رۆبێرت، هەمیشە بازرگانی پەروەردە وەکو ژمارەی یەکی سوود دەبینیت لە بازرگانیەکەدا، وا پێم وابێت زۆر گرنگی ترمەیە بۆ ئەو خالە. زۆرجار، خەڵك کارامەیی و گەشەکردنی

شێوەکانی خۆیان فێردەبن لە ڕێگەی شەبەکەی خستنەبازاڕەوە بە بێچەوانەوە لەوانەشە هەرگیز فێر نەبن.

شەبەکەی خستنەبازاڕ خەڵك فێر دەکات چۆن بە سەر ترسەکاندا زاڵ بن، چۆن پەیوەندی بکەن، چۆن لە دەروونی کەسانی تر تێبگەن کاتێك پێیان دەڵێن "نەخێر"، وە چۆن بەردەوامی بهێڵنەوە لەبەرامبەر ڕەتکردنەوە و گرفتی دیکەی جیهانی ڕاستەقینە.

ئەمانە هەندێك کارامەیی گرنگە کە پەروەردەی جیهانی ڕاستەقینە بۆ شەبەکەی خستنەبازاڕ فێرت دەکات:

- هەڵوێستێکی سەرکەوتوو
- پۆشینی سەرکەوتن
- زاڵبوون بەسەر ترسی کەسی، گومان، و نەبوونی متمانە
- زاڵبوون بەسەر ترسی ڕەتکردنەوە
- کارامەیی پەیوەندی
- کارامەیی خەڵك
- کارامەیی بەڕێوەبردنی کات
- کارامەیی بەرپرسیارێتی
- ڕێکخستنی کرداری ئامانجەکانت
- کارامەیی بەڕێوەبردنی پارە
- کارامەیی وەبەرهێنان

کۆمپانیـای باشـی شـەبەکەی خستنەبازاڕ بەرنامەیـەکی پتـەوی ڕاهێنان دەستەبەر دەکەن لە هەموو ئەم ڕووبەرانەدا. وە منیش قبوولی دەکەم؛ ئەم جۆرەی پەروەردە بەتەواوی گرانبەهایە.

لە ڕاستییدا، بۆ تۆ زۆر سەخت دەبێت بارودۆخێکی تـر بدۆزیتـەوە لەهـەر شـوێنێك بێـت کـە شـوێنێك بێـت بتوانیـت پارەیـەکی بـاش بـدەیت بـۆ دەستکەوتنی هەموو ئەو ڕاهێنانـە__ رێگە بەتـەنها بارودۆخێك بـدە ک شوێنێکە پارەت پێدەدەن بۆ ئەوەی فێربیت.

ئێمە دەربڕینێکی باومان هەیە لـە شـەبەکەی خستنەبازاڕدا، کـە ئـەوە بازرگانییەکە "ئەو شوێنەیە پەیدای دەکەیت تا ئەو کاتەی فێر دەبیـت." ئەوە وتەیەکی مەزنە، چونکە ئەو خاڵە سەرەکییە هێڵ بـەژێردا دەهێنێت کە دەربارەی بازرگانیەکەیـە: تـۆ فێـر دەبیت بگـەیت بـە کـردنـی ئـەوە، نەوەك دانیشتن بـۆ چـەندین سـاڵ لـە پۆلێکدا کاتێـك کەسێك دەربـارەی ئەوە قسە دەکات و گوێبیستی دەبیت.

شەبەکەی خستنەبازاڕ قوتابخانەیەکی بازرگانیـە لـە جیهانی ڕاستەقینەدا بـۆ ئـەو کەسـانەی دەیانـەوێت کارامەیـەکانی بەڵێنـدەرێك لـە جیهـانی ڕاسـتەقینەدا فێـربن، زۆر زیـاتر لـەوەی کارامەیـەکانی کارمەنـدێکیان مەبەست بێت.

لە شـەبەکەی خستنەبازاڕدا، ڕاهێنـان زیـاترە لـە بـیردۆز" ئـەوە شـتێکی تایبەتیە بۆ خۆی. بە بێگومانە ئـەوەی کـە ئایا دەگـەیت یـاخود نـا بـە لوتکەی بەرنامە تایبەتەکە تـۆ لـە ناویدایت یـاخود بیرۆکەیـەکی گـەورەی پارە دروست دەکەیت، ڕاهێنانەکە خۆی بەهایەکی مەزنی هەیە لە مـاوەی ژیانتدا. ژمارەیەك خـەڵك لەڕاستییدا دەکشێنەوە لـە بازرگانیـەکانی تـردا

لەو شوێنەی کە زۆر سەرکەوتوو بوون بەهۆی ئەو ڕاهێنانە بازرگانی و ئەزموونانەوە کە یەکەمینجار لە ئەزموونی شەبەکەی خستنەبازاڕ وەریاندەگرێت.

هەروەها خاڵی ڕاستەقینە لێرەدایە، وە گەورەترین هۆکار کە من ئەم بازرگانیەم بۆ ماوەی دە ساڵ پێشنیار دەکرد بۆ خەڵك. کاتێك بەشداری کۆمپانیایەکی باشی شەبەکەی خستنەبازاڕ دەکەیت، ئەوان تەنها هێڵێکت پێنادەن ڕێبکەیت لەسەری، ئەوان هەروەها پشتگیریت دەکەن لە گەشەکردنی کارامەیی و چۆنیەتیی کە پێویستت دەبێت بۆ سەرکەوتن.

شەبەکەی خستنەبازاڕ قوتابخانەیەکی بازرگانییە لە جیهانی ڕاستەقینەدا بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت کارامەیەکانی بەڵێندەرێك لە جیهانی ڕاستەقینەدا فێربن، زۆر زیاتر لەوەی کارامەیەکانی کارمەندێکیان شایەست بێت.

# بەندی دەیەم

# سارمایەی ژمارە #دوو: ڕێچکەیەکی قازانجبەخشی پەرەسەندنی کەسی

دەزانم کە لەوانەیە بتەوێت دەربارەی چی قسە بکەیت. "کیۆساکی، تا ئێستا بە نەرمی ڕۆیشتووی؟ هەموو ئەم قسە جوان و باشانە چیین دەربارەی "ڕێچکەی پەرەسەندنی کەسی؟" دەیکەیت من پێوستم بە گروپێکی ڕووبەڕووبوونەوە نییە" من پێویستم بە دیدەنی کۆتابیە، من دەمەوێت سامان بنیات بنێم، ئەوەك گۆرانی "کومبایە" بلێم!"

زۆر خێرا نا، من بە نەرمی لەگەڵ تۆ نەڕۆیشتووم: من تەنها کەسێکی ڕاستەقینەم. دەوڵەمەند بوون ئەوە نییە نیوو دۆلاری بەختت بکەیتە ناو بەشی ڕاستی ئامێرێکەوە. تۆ بە سادەیی تەماشای ڕێگەیەکی نوێ ناکەیت تا داهاتێکی زیاتر پەیدا بکەیت. لە ڕاستییدا تۆ گۆڕانێك دەکەیت لە بەهای ناوکت. بەتەنها دەربارەی ئەوە نییە چی دەکەیت تا ئەوە بگۆڕێت" لە هەستێکی زۆر ڕاستەقینەدا، دەربارەی ئەوەیە کە تۆ بگۆڕێیت.

هاوڕێکەم دۆناڵد ترەمپ لەمڕۆدا سامانەکەی بە بلیۆنان دۆلار دەخەمڵێنرێت، بەڵام ئەوە کاتێك بوو کە هەمووی لەدەستدا لە کاتی بەرکەوتنی لەگەڵ مامەڵەی زەوی و زاری ڕاستەقینەدا. ترەمپ دەربارەی ئەزموونێك قسە دەکات کە ٩,٢ بلیۆن دۆلار قەرزار بووە: "لەسەر شەقام بە لای دەرۆزەکەرێکدا تێپەڕیم هەستمکرد ئەو شایانی

۲،۹ ملیۆن دۆلار لە من زیاتر بوو!" هێشتا، لە ماوەیەکی کەمدا، دووبارە دۆناڵد گەیشتەوە لووتکە. بۆچی؟ بەهۆی ئەوەی کە ئەوە__بان زیاتر بە وردی، ئەوەی کە ئەو بوو.

منیش هەمان ئەزموونم هەیە. لەتەمەنی ۳۰ ساڵیدا، ملیۆنێر بووم. لەدوای دوو ساڵ، کۆمپانیاکەم تێکشکا. لەدەستدانی بازرگانیەک ئەزموونێکی خۆش نەبوو، بەڵام پەروەردەیەکی گەورە بوو. لەو چەند ساڵەدا زۆر فێربووم__زۆر دەربارەی بازرگانی، بەڵام تەنانەت زیاتر دەربارەی خۆم فێربووم.

لەدوای تێکشکاندنەکە، باوکی دەوڵەمەندم پێی وتم، "پارە و سەرکەوتن دەنکاتە کەسێکی لووت بەرز و گەمژە. ئێستا، لەگەڵ هەندێك هەژار و بێفیزی پشت خۆتەوە، دەتوانیت دووبارە ببیتەوە بە خوێندکار." ئەو راست بوو. ئەو وانانەی لە ئەزموونەوە فێربووم بە تێپەربوونی کات سەلماندی کە چەندێك گرانبەهان. بنیاتنان و پاشان لەدەستدانی بازرگانیەکی جیهانی منی دەستەبەرکرد لەگەڵ پەروەردەیەکی جیهانی راستەقینە کەلە کۆتاییدا کردمی بە کەسێکی دەوڵەمەند. تەنانەت لەوە گرنگتر، ئەوە پەروەردەیەك بوو کە ئازادیکردم. وە گرنگترین شتێك لە ماوەی ئەو پەروەردەیەدا فێربووم دەربارەی پارە و بازرگانی نەبوو__ئەوانە دەربارەی من بوون.

رێگەم بدە پرسیارێك لە جۆن بپرسم دەربارەی ئەوە، وە ئەگەر وەڵامەکەی وەك ئەوە بوو بیری لێدەکەمەوە، ئەوە دەبینیت کە مەبەستم چی بووە.

ڕۆبێرت: جۆن، بەتەواوی هەر کەسێك کە چووە نێو بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ هەمان ئاستی سەرکەوتنی هەیە نەخێر بەو شێوەیە نییە. ل ئەزموونتەوە، هۆکاری ژمارە یەك چییە کە هەندێك کەس شکست دەهێنن تا بگەنە ئاستی سەرکەوتن کە هیوایان بۆ دەخواست لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا؟

جۆن: سەرکەوتن پێناسەی جیاوازی بۆکراوە لە لایەن کەسی جیاوازەوە. ئەو شتەی لەوانەیە گرنگ بێت بۆ کەسێك لەوانە نییە بۆ کەسێکی تریش هەمان شت بێت. هەندێك کەس بەزیادبوونی داهاتی ئێستایان ڕازین، ل کاتێکدا ئەوانی تر بەڕاستی بەدوای دەرفەتێکی بازرگانیدا دەگەڕێن ک دەتوانێت بیانگۆڕێت، بەگوێرەی توانای شاراوەی داهات و ئامانجی شێوازی ژیان. تۆ پێویستە شکست پێناسە بکەیت لە مانایەکی زۆر فراواندا. توانای پەیداکردنی ١،٠٠٠ دۆلار لە مانگێکدا لەوانەیە وا دەربکەوێت مایەی شکستییە بۆ کەسەکە کە هەوڵی دەدا بازرگانیەکی گرنگ بنیات بنێت، بەڵام گەورەترین سەرکەوتن بۆ دایك کە ئامانجی ئەوە بووە بە گرنگییەوە داهاتی خێزان بەهێزبکات.

بێگوێدانە ئامانجەکە، ئێمە دەزانین کە ئەوانەی درێژە دەکێشن لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا تەنها بۆ ئەوەیە باشتر و باشترین دەست بکەوێت. لەڕاستییدا، تاك ڕێگە کە بڕوام پێیەتی خەڵك شکست دەهێنێت تا واز بهێنێت. بەڵام ئەوەش کەمێك پێویستی بە ڕوونکردنەوەی زیاتر دەبێت تا بەتەواوی ڕوون بێت. ئەوە بە سادەیی تەنها کێشەیەك نییە کە ئایا یاخود نا یەکێك واز لە کۆمپانیاکە دەهێنێت__ئەوە، یەکێکی دابەشکەر دەست لەکار دەکێشێتەوە و بە شێوەیەکی ڕەسمی

Scanned by TapScanner

رایدەگەیەنێت، "من کۆتایم هات." کێشەکە لێرەدا دەربارەی وازهێنان لە بازرگانیەك نییە" بەلکو دەربارەی *وازهێنانە لە خۆت.*

ئەوەش بەتەواوی ئەوە بوو بیرم لێدەکردەوە. دەگەڕێمەوە بۆ ئەوەی چیم باسکردووە لە سەرەتای پەرتووکەکەدا: ئەوەش بەتەنها دەربارەی گۆڕانی جۆری بازرگانیەکە نییە کە تۆ کاری لەگەلْ دەکەیت" بەلکو هەروەها دەربارەی گۆڕانی تۆیە، دەتوانم تەواو باشترین بازرگانیت نیشان بدەم، بەلام بۆ ئەوەی بازرگانیەکەت گەشە بکات، ئەوە دەبێت تۆش بەهەمان شێوە گەشە بکەیت.

*براوە لە تۆدایە ــــ وە دۆڕاویش لە تۆدایە*

دوو وشەمان هەیە بۆ ئەوەی چۆن تەنها وەسفیکرد. یەکێکیان زوو وازهێنەرە، ئەوەی تریان *دۆڕاوە.*

هەریەکێك لەوانە براوەیەك و دۆڕاوێکی هەیە لەناو ئێمەدا. ئەوە بە شێوەیە، هەروەها" براوەیەك لە مندا هەیە وە دۆڕاوێکیش لە مندا هەیە، ئەوانە زۆرجار پێشبڕکێ دەکەن بۆ کاتی هەوا. هۆکاری زۆربەی خەلك "تەنها لەلایەن دەست بکەوە" لەجیاتی بەڕاستی سەربکەون لە ژیاندا ئەوەیە ئەوان ڕێگە بە دۆڕاوەکەی ناو خۆیان دەدەن زالْ ببێت. من ڕێی پێنادەم. من پێداگری دەکەم براوەکە بباتەوە.

چۆن دەزانیت کاتێك دۆڕاوەکە قسە دەکات؟ "ئۆه، من ناتوانم ئەوە بلێم." "ئۆه، ئەوە زۆر مەترسیدارە." یان، "چی ئەگەر شکست بهێنم؟" براوەکە ئامادەیە بۆ مەترسیکە، بەلام دۆڕاوەکە تەنها بیر لەوە دەکاتەوە پارێزراو بێت و لە ئاسایشدا بێت.

ئەوە گاڵتەیە. دۆڕاوەکە هەوار دەکات و دەقیژێنێت دەربارەی ئاسایش و سەلامەتی___وە واز دەهێنن و بە پیشەیەکەوە دەنووسن و ژیانێک کە هەرگیز بەڕاستی سەلامەت و پارێزراو نییە. دەربارەی سەلامەتی کارکردن چییە کە بیست و چوار کاتژمێر لە هەفتەیەکدا کاریکەیت بۆ کۆمپانیایەک کە لەوانەیە لە ساڵی داهاتوودا لەکار دوورت بخاتەوە؟ یان لەرو لاوازییەکی کەمت پێوە دەنووسێنن بۆ دەستکەوتنی ٤٠١(کەی) کە ئەوەش دواتر لە لایەن سندووقێکی دوولایەنەی تانکەوە دەمژرێت، یان بۆ سندوقێك بەڕێوەی بەرد لەلایەن ئامۆژگاریکەرێکی داراییەوە کەوا دەردەکەوێت ببێتە بێرنی مادۆف؟

لەناو هەر یەکێك لە ئێمەدا براوەیەك و دۆڕاوێك هەیە، کەسێکی دەوڵەمەند و کەسێکی هەژار هەیە، کەسێك کە خەریکی کارکردنە لە دەرەوە و کەسێکیش کە لەسەر قەنافە دانیشتووە. ئەوەیە جەنگەکە. هۆکاری ئەوەی تۆ دەتەوێت بەشداری بکەیت لە کۆمپانیایەکی شەبەکەی خستنەبازاڕ ئەوەیە ئەوان پشتگیری کەسە دەوڵەمەندەکەی ناو تۆ دەکەن تا هەستێتە سەر پێ و بژمێرێت. هاورێ دۆڕاوەکەت دەیەوێت لەسەر قەنەفەکە بتهێڵێتەوە، ئەوان دەیانەوێت تۆ بە سەلامەتی ئەوە بکەیت و بیست و چوار کاتژمێر کار بکەیت، چونکە ئەگەر ئەوە بکەیت، ئەوا تۆ لە ڕکابەریدا نابیت لەگەڵ ئەوان تا هەر شتێکی جیاواز بکەیت. نەك ئەوەی شەبەکەی خستنەبازاڕ خەرجیدەر بێت. گروپی شەبەکەی خستنەبازاڕی خۆت دەیانەوێت بتبینن کە باشتر دەبیت، تا هەنگاو بنێیت لە پشتی ئەو کارەوەی خەریکی کردنیت، تا دوای مێژووی تۆ بکەون د

هەروەها زۆر باشتریش بین، لە تۆ ناوازەتر بین، لەجیاتی بیرکردنەوە لە کەسێکی ئاسایی وەك تۆ.

ئەوە ئاسانە کە بڵێیم، "من ناتوانم ئەوە بڵێیم،" یان، "ئەوە تەنها زۆر گرانە،" یان، "من بەتەنها سوودی خۆم دەوێت" من نامەوێت بەو شێوەیە پێویست بێت بە سەختی کاربکەم یان ئەو مەترسیانە بکەم." ئەوانە قسەی دۆڕاوەکانە.

هەروەها پێویست ناکات هەست بە بێتاقەتی بکەیت دەربارەی ئەوە. ئێمە هەمووومان یەکێك لەوانەمان دەستکەوتووە. وە یەك دانە هەیە لە منیشدا، وە زۆربەی کات ئەو دەستی سەرەوەی دەست دەکەوێت__ بە لایەنی کەمەوە بۆ ماوەیەکی کورتیش بێت. هەموو بەیانیەك، ئەو بژاردەیە بۆ خۆم دەکەم: کێ ئەم بەیانییە بەخەبەر هاتووە، منی دەوڵەمەند یان منی هەژارم؟ براوەکەم یان دۆڕاوەکەم؟ ئەوە جەنگەکەی ئێمەیە.

لە ڕاستییدا، لە ناوەوەی هەر یەکێك لە ئێمەدا قاڵبێکی تەواوی کارەکتەرێك (کەسێتیەك) هەیە، شەبەنگێکی تەواوی ئەوەی کە ئێمە بەشێوەیەکی شاراوە دەتوانین وا دەربکەوین کە بوونمان هەیە. کەسێکم دەوێت کە بە دڵخۆشییەوە هاوسەرگیری کردبێت، کەسێك بەشداری کردبێت لە هەسارەکەدا، وە کەسێك بێت گیانی بەخت کردبێت لە پێناو ئازادیدا.

هەموو کاتێك ڕێگە بە ترسەکانمان دەدەین، گومانەکانمان، یان کەمبوونەوەی متمانە بەخۆبوونمان، دۆڕاوەکە دەردەکەوێت و لاردەبێتەوە. فێربوونی بڵاوکردنەوەی بینینەکانت و بە تواناکانت بڵەیت،

چیرۆکی قایلکەر فێر دەبیت تا دۆڕاوەکەی ناوەوەی خۆر هەڵبوەشێنیتەوە و ڕێگە بە براوەکە بدەیت بەرزبیتەوە بەرەو ڕوو فێرببیت چۆن بە چیرۆکێکی بەهێز بڵەیت چۆن فێربێت خۆی نیشان بدات وەك ئەوەی براوەکە تۆیت.

زۆربەی خەڵك ئەو توانایان نییە تا بەردەوام بن، تا نائومێدیان چارەسەر بکەن و هەرگیز بینینی خەونەکەیان ون نەکەن بۆ ئەو شوێنەی کە ئەوان بۆی دەچن. زۆر بەسادەیی ئەوان ڕاهێنانی کارامەییان نەبووە. بەلام ئەوە بەڕادەیەکی زۆر گرنگە. ئەوە کارامەیی ڕاستەقینەی کەسێکە ک شارەزایی لە بازنەی بیدا هەیە. ئەوە بیرکرنەوەیەکە وەکو بەڵێندەرێك__ئەوەش تاکە سیفەتێکی گرنگە تۆ دەتوانیت فێرببیت لە بنیاتنانی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازارەوە.

ئەوەش بەتەواوی دوو ساڵی منی برد، کاتێك بۆ یەکەمجار ڕۆیشتم کار بۆ کۆمپانیای لەبەرگرتنەوە (استنساخ) بکەم، بۆ ئەوەی دەست بکەم بە هەنگاونان بەرەو تواناکانی خۆم و وە ڕێگە بە براوەکە بدەم لە مندا دەربکەوێت. من لەسەر لێوارەکەدا بووم کە لە کۆتایی ئەو دوو ساڵەدا کۆتایی هات، بەلام خۆشبەختانە بۆ من، ئەوە بوو لە کۆتاییدا متمانە بەخۆبوونم دەستیکرد بە گەشەسەندن. فرۆشتەکانی من باشتربوون؛ وە لە ماوەی دوو ساڵی دیکەدا، بە شێوەیەکی بەردەوام ژمارەی یەکەم یان ژمارەی دووەمی نووسینگەکەم بووم.

شەبەکەی خستنەبازاڕ دەرفەتت پێدەدات تا ڕووبەڕووی ترسەکانت ببیتەوە، مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، بەسەریاندا زاڵ ببیت، وە ئەو براوەیەی لە ناو تۆدا دەژی بیهێنیتە دەرەوە.

بەرزبوونەوەی متمانە بەخۆبوونم زۆر گرنگتربوو لەو پارەیەی پاشەکەوت دەکرا بۆم. دووبارە بنیاتنانەوەی بڕوا بەخۆبوونم و متمانە بەخۆبوونم زۆر گرانیەها بوو. وە ئەوەش یارمەتیدام بە ملیۆنان دۆلار بەدەست بهێنم. لەبەر ئەوە، من هەمیشە زۆر سوپاسگوزاری کۆمپانیای لەبەرگرتنەوە و ستافەکەیان دەبم کە فێریانکردم چۆن بەسەر تەحەدیەکانی خۆمدا، گومانەکانم، وە ترسەکانمدا زاڵ ببم. ئەمڕۆ، زۆر بە بەهێزییەوە پێشنیاری شەبەکەی خستنەبازاڕ دەکەم چونکە پیشەسازیەکە هەمان دەرفەتی بەهێزبوون و دووبارە بنیاتنانەوەی بڕوا بەخۆبوونیت پێدەدات کە کۆمپانیای لەبەرگرتنەوە پێی دابوویت.

شەبەکەی خستنەبازاڕ دەرفەتت پێدەدات تا ڕووبەڕووی ترسەکانت ببیتەوە، مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت، بەسەریاندا زاڵ ببیت، وە ئەو براوەیەی لە ناو تۆدا دەژی بیهێنیتە دەرەوە.

هەروەها دەربارەی ئەوە هەڵە مەکە__تەنها لەبەر ئەوەی بەشداریت کردووە لەگەڵ کۆمپانیایەکی شەبەکەی خستنەبازاڕدا و دەستتکردووە بە بنیاتنانی بازرگانی خۆت مانای ئەوە نییە دۆڕاوەکەت لە پشتی خۆتەوە جێهێشتووە. ئەوە ساڵانێکی دەیەوێت تا بنیاتی ئازادییەکی ڕاستەقینە بنێیت. ئێمە قسەی زۆرمانکرد لەسەر ئازادی لەم وڵاتەدا. بەڵام بەڕاستی ئازادیت نابێت هەتا ئەو کاتەی ئازادی دارایت دەبێت. وە ئەوەش کاتی دەوێت بۆ دروستکردنی.

من لەگەڵ هیچدا لەدایك نەبووم، وە دروستمکرد و سامانەکەشم بۆ چەند جارێك لە دەستدا بە درێژایی ڕێگەکە، کەواتە دەزانم ئەو هەستە وەکو چی وایە کە هەموو شتێك لەدەست بدەیت: ئەوە ئاسانە، لە کاتە

سەختەکاندا، بۆ دۆڕاوەکە کە واز لەهەموو شتێك بهێنێت. لەوێ کاتە دەبێت کاتێك هەستت بە تاقیکردنەوە کرد" کاتێك هاوڕێکانت پێت دەڵێن، "کەواتە من پێم وتی،" وە ئەندامانی خێزانەکەت دەچپێنن لەگەڵ تۆدا، "بیرت نەکردەوە کە ئەوە باشتر دەبێت ئەگەر تەنها هەندێك وزەی ترت بکردایەتە سەر کارە بچووکەکەت و بتهێشتایە شتەکانی ئەو شەبەکەیە بڕۆیشتایە؟"

من پەیمانت دەدەمێ، لەوێ کات دەبێت کاتێك هێندە فریودان دەبێت ک ڕێگە بدات بە دۆڕاوەکە نواندنەکە بەڕێوە ببات، ئەوە مەکە.

بیەوە!

*قوتابخانەی فڕین*

هەموو کرمێکی پەپوولە قۆزاخە دەکەن پێش ئەوەی ببنە پەپوولە. قوتابخانەی فڕین قۆزاخەکە بوو بۆ من. من وەك دەرچوویەکی کۆلێژ چوومە ناوەوە هەروەها وەکو فڕۆکەوانێکی ئامادە دەرچووم تا بڕوات بۆ ڤێتنام.

ئەگەر بچوومایە بۆ قوتابخانەی فڕینی مەدەنی، گومان دەکەم کە بمتوانیایە ئامادەبم بۆ جەنگ، هەر چەندە من فڕۆکەوانێك بووم. دەبوو چی فێربیبین وەك فڕۆکەوانی سەربازی زۆر جیاواز بوو لە فڕۆکەوانی مەدەنی کە پێویست بوو ئێمە فێربیبین. کارامەییەکان جیاوازن، توندی ڕاهێنان جیاوازە، وە ڕاستی ئەوەی کە دەبوو لە کۆتایی ڕاهێنانەکە بچین بۆ جەنگ شتەکانی تەواو جیاواز دەکرد.

نزیکی دوو ساڵ ڕوومکردە قوتابخانەی بنەڕەتی لە فلۆریدا. من باڵەکانی خۆمم وەرگرت، پاشان گوازرامەوە بۆ ڕاهێنانی فڕینی پێشکەوتوو لە

کامپی پێندلیتۆن، لە کالیفۆرنیا. توندی ڕاهێنانەکە لەوێ زیادیکرد: لە کامپی پێندلیتۆن، ئێمە ڕاهێنانمان پێدەکرا بۆ شەرکردن وەك ئەوەی ڕاهێنانمان پێبکرێت بۆ فڕین.

دوای ئەوەی ئێمە قوتابخانەی فڕینمان تەواوکرد و بووین بە فڕۆکەوان، ماوەی یەك ساڵمان ویست تا ئامادە بین بۆ ڕۆیشتن بۆ ڤێتنام. ئێمە بە بەردەوامی دەفڕین؛ زۆرجار لە ژێر بارودۆخێکدا بووین کە مێشکیانە، هەستیانە، جەستەییانە، وە ڕۆحیانە ئێمە تاقیدەکراینەوە.

لە دوای ٨ مانگ لە بەرنامەکردن (ڕاهێنان) لە کەمپی پێندلیتۆن، هەندێك شت لە ناوەوەی مندا گۆڕان. لە دوای تەنها یەك ڕاهێنانی فڕیندا، لە کۆتاییدا بووم بە فڕۆکەوانێك کە ئامادەی ڕۆیشتن بوو بۆ جەنگ. لەگەڵ ئەو خاڵەی سەرەوەدا، من مێشکیانە، هەستیانە، وە جەستەیانە دەفڕیم. هەندێك خەڵك پێیان دەگوت "فڕینی مێکانیکیانە." لەگەڵ ئەو ئەرکی یەکەمی ڕاهێنانەدا، من ڕۆحییانە گۆڕام. ئەرکەکەم ئەوەندە سەخت و ترسێنەر بوو، لە ناکاو، هەموو گومانەکانم وە ترسەکانم چوونە دەرەوەی ڕێگاکە، وە ڕۆحی مرۆڤی من دەستیان بەسەرداگرت. فڕین بوو بە بەشێك لە من. لەناو فڕۆکەکەدا هەستم بە ئاشتی دەکرد هەستم دەکرد لەناو ماڵی خۆمدام. فڕۆکەکە بەشێك بوو لە من. من ئامادەی ڕۆیشتوون بووم بۆ ڤێتنام.

ئەوەش بە شێوەیەك نەبوو کە من هیچ ترسێکم نەبێت. بە هەمان شێوە ترسم هەبوو دەربارەی چوونم بۆ جەنگ__ترس لە مردن یان، تەنانەت لەوەش خراپتر، سەقەت بوون. جیاوازیەکە ئەوە بوو کە من ئێستا ئامادە بووم بچم بۆ جەنگ. متمانە بەخۆبوونم زۆر گەورەتر بوو لە ترسەکانم.

کرداری گۆڕانم بۆ کەسێکی بازرگان و بوون بە بەڵێندەر شێوێ هەمان کردارە گۆڕانکارییەکانی بوون بە فڕۆکەوان کەوت بۆ چوونە ناو جەنگەوە. ئەوەش بۆ دووەمجار بووە هۆی شکستم لە بازرگانیدا پێش ئەوەی لەناکاو ئەو تایبەمەندییە بدۆزمەوە کە زۆرجار پێیان دەگوت رۆحی *بەڵێندەرایەتی*. ئەو رۆحە بوو کە بووە پارێزەری من لە نەخشەی پاشەکەوتکراوی ناو بازنەی بی و ئایدا، کێشە نەبوو شتەکان چەندێک سەخت دەبن. من لەبەشی بازنەی بی و ئایدا دەمێنمەوە ئەوەک هەڵخلیسکێم و بگەڕێمەوە دواوە بۆ سەلامەتی و ئاسوودەیەکەی بازنەی ئی و بازنەی ئێس.

لەوانەیە بڵێم ١٥ ساڵ سەرقاڵ بووم تا متمانەم دەست کەوت بۆ ئەوەی هەست بە ئاسوودەیی بکەم لەناو بازنەی بیدا. تۆ بە بەختتری لە من: تۆ پێویست ناکات ئەو ماوە درێژە بەڕێبکەیت یان بەناو شکستەکان و ئازارەکاندا بڕۆیت وەك ئەوەی من کردم. هەر ئێستا لە قوتابخانەی فڕینەکەی خۆت دەتوانیت هەمان جۆری پەروەردەی گۆڕانی ژیان بەدەست بهێنیت: شەبەکەی خستنەبازاڕ.

### *چۆن کارامەییەکانی بازرگانیم بوونە هۆی گۆڕانی ژیانم*

ئێستا دەربارەی ئەوە ڕاهێنانی سەربازی و فێربوونی فڕین لە ژێر هەلومەرجی جەنگدا لە جەنگەڵەکانی ڤێتنام باسکرد، دەمەوێت چیرۆکێکی زیاترت پێ بڵێم دەربارەی کارێکتەرێکی هاندراو__ کە ئەم کەسەیان لە ناو جەنگدا نییە، بەڵکو لە مەیدانی خۆشەویستیدایە.

ئەگەر نەڕۆیشتووم بەناو شێوەیەکی خۆم لە قوتابخانەدا بۆ فێربوونی کارامەییەکانی جیهانی ڕاستەقینە، گومان دەکەم لەوانەیە بە گوێرەی پێویست خۆشبەخت بووبێتم بۆ هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی خەونەکانم.

بەڵام من کردم___وە من کردم.

کاتێك بۆ یەکەمجار چاوم بە کیم کەوت، هەستمکرد کچەکە جوانترین ئافرەتی جیهانە. من لاڵ بووم و بەتەواوی ترسام لە بیرۆکەی چوونم بۆ قسەکردن لەگەڵ ئەو کچەدا. هەر چۆنێك بێت، ڕاهێنانەکانی بازرگانی فێریانکردووم کە بەسەر ترسی شکستهێنان و ڕەتکردنەوە زاڵ ببم___وە ئەو ڕاهێنانە دەربارەی ئەوە بوو بڕوات بەخۆت هەبێت، کاتی زۆرت هەیە. لەجیاتی لە پشتی ژوورەکەدا خۆت حەشار بدەیت و لە دوورەوە لە کچەکە بڕوانیت، ئەوەش بەتەواوی ئەوەیە کە لەوانەیە چەند ساڵێك پێش ئێستا کرد بێتم، زۆر مەردانە هەنگاومنا و وتم، "سڵاو."

کیم ڕووی سوڕان و نیگایەکی کردم لەگەڵ خەندە جوانەکەیدا___ وە من لە خۆشەویستیدا بووم. کچەکە ڕاست بوو لە دەرەوەی خەونەکانی من بوو. بەڵام کاتێك لە دەرەوە پرسیارم لە کچەکە کرد، ئەو وتی، "نەخێر."

لەسەرەتادا ڕۆبێرت کیۆساکی لەوانەیە خۆی دزیبێتەوە و دانی بە خۆدزینەوەی خۆیدانا. بەڵام من لەلایەن ڕاهێنانی بازرگانیەوە بەهێز دەبم: خۆم کۆکردەوە و دووبارە بۆ چوونە دەرەوە پرسیارم لە کچەکە کردەوە. دووبارە کچەکە وتی، "نەخێر." ئێستا متمانە بەخۆبوونی من و منی تێر ڕووشێنرا، بەڵام بۆ جارێکی تریش پرسیاری چوونە دەرەوەم لە کچەکە کردەوە___وە دووبارە وەڵامەکە "نەخێر" بوو.

بەم شێوەیە بۆ شەش مانگ بەردەوام بوو. هەموو کاتێك کچەکە دەیگوت، "نەخێر،" من ڕۆیشتم تا برینەکانی خۆم بلێسمەوە، من لە ناخەوە نارازی مەبوو. ئەگەر فێرنەبوومایە چۆن زاڵ ببم بەسەر گومانەکانمدا، ئەوە هەرگیز توانای ئەوەم نەدەبوو بۆ ماوەی شەش مانگ پرسیار بکەم___بەڵام من کردم. وە لە کۆتاییدا، ڕۆژێکیان، کچەکە وتی، "بەڵێ." وە بۆ هەمیشە ئێمە پێکەوە بووین.

ئەم چیرۆکەم بۆ باسکردن تەنها لەبەر ئەوە نا کە چیرۆکێکی گەرم و لێلە کە چۆن ڕۆبێرت و کیم چوونە ئەو ژیانەوە" بۆم باسکردن چونکە ئەوە خاڵێکی گرنگ دەدات: ئەوە بەتەنها دەربارەی بازرگانی و پارە نییە. ئەوە ژیانی تۆیە کە ئێمە قسەی لەسەر دەکەین. چۆن پارە بەدەست دەهێنیت و پیشەیەك بنیات دەنێیت چۆن چارەنووست بەدەست دەهێنیت و کاریگەریت بنیات دەنێیت.

# بەندی پانزەیەم

## سەرمایەی ژمارە #سێ: بازنەیەکی هاوڕێکانت کە بەشداری خەونەکانت و بەهاکانت دەکەن

لەوانەیە بیستنی ئەمە سەخت بێت، بەڵام ئەگەر دەتەوێت ئابوورییەکی جیاواز دروست بکەیت لە ژیانتدا، لەوانەیە زیاتر پێویستت بە ناسینی هاوڕێی نوێ بێت وەك ئەوەی پێویستت بە دەستکەوتنی کارێکی نوێ بێت، بۆچی؟ چونکە هەرچەندە ئەوان تۆیان خۆشدەوێت، وە هەرچەندە ئەوان مەبەستیان تۆ بێت، هاوڕێکانت کە ئێستا تۆیان بەرزکردۆتەوە ڕەنگە ڕۆژێك تزمت بکەنەوە.

لەوانەیە گوێبیست بووبیت کە داهاتەکەت چاودێری دەکات بۆ ئەوەی دەوروبەری یەکسانی تێکڕایی داهاتی پێنج لە هاوڕێ نزیکەکانت بێت. وە هیچ گومانێکت نییە کە گوێبیستی ئەوە بوویتە دەڵێن، "باڵندەکانی باوکێك هەموویان لە یەك پۆلن." ئەوەش هەمان ڕاستی هەلگرتووە بۆ خەڵکی دەوڵەمەند، وە خەڵکی چینی ناوەڕاست. بە واتایەکی دیکە، شەبەکەیەکی دەوڵەمەند لەگەڵ دەوڵەمەندێکە، شەبەکەیەکی هەژار لەگەڵ خەڵکە هەژارەکەی دیکەدایە، وە چینی ناوەڕاستیش لەگەڵ چینی ناوەڕاستدان.

باوکی دەوڵەمەندم زۆرجار دەیگوت، "ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند ببیت، پێویستە شەبەکە (پەیوەندی) لەگەڵ کەسانی دەوڵەمەند هەبێت یان ئەو کەسانەی دەتوانن یارمەتیت بدەن بۆ ئەوەی دەوڵەمەند ببیت."

زۆربەی خەڵك کاتەکانی ژیانیان بەسەر دەبەن و پەیوەندی دەبەستن لەگەڵ ئەو کەسانەی داراییەکەیان دەگەڕێننەوە بۆ دواوە. لە ناو بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕدا، کاتەکانت لەگەڵ ئەو کەسانە بەسەر دەبەیت کە لەوێن و یارمەتیت دەدەن تا دەوڵەمەندتر ببیت. ئەمە لە خۆت بپرسە: "ئایا ئەو کەسانەی کاتەکانم لەگەڵیاندا بەسەر دەبرد دەوڵەمەند بوونیان بۆ پێشکەش کردووە؟ یان ئایا ئەوان زۆر بایەخیان بە من دەدا بەردەوام بم هەروەك کرێکارێکی سەخت؟

لە تەمەنی ١٥ساڵیدا، دەمزانی کە دەمەوێت ئابوورییەکی ئازادم هەبێت، وە تەنها ڕێگەش بۆ کردنی ئەو کارە چۆنییەتی فێربوونی پەیوەندی بوو لەگەڵ ئەو کەسانەی دەیانتوانی یارمەتیم بدەن بۆ ئابوورییەکی ئازاد. من بڕیارمدا لەواتەیە بە دوای دۆستایەتی هاوڕێیەکدا بگەڕێم کە بایەخم پێبدات بۆ ئەوەی ببمە کەسێکی دەوڵەمەند، وەك لەوەی کارمەندێکی گوێڕایەڵ بم و کاربکەم بۆ کەسێکی دەوڵەمەند.

ئەوە ساتەکانی گۆڕانی ژیانە. ئەوەش بڕیارێکی ئاسان نییە، چونکە لەتەمەنی ١٥ساڵیدا، دەبوو زۆر وریابم دەربارەی ئەوەی لەگەڵ کێ کاتەکانم بەسەر دەبەم وە کام مامۆستا دەمەوێت گوێبیلێگرم. ئەگەر بڕیارتداوە بازرگانی خۆت بنیات بنێیت، پێویستە زۆر زیرەك بیت لەگەڵ ئەو کەسەی کاتەکانت تێیەڕێنیت لەگەڵی وە مامۆستاکەت کێیە. ئەوە بڕیارێکی گرنگ.

سەختترین شت دەربارەی جێهێشتنی لەبەرگرتنەوە (استنساخ) ئەوەیە کە دەبوو هەندێك لە دۆستایەتیەکانم وازبهێنم. زۆربەی هاوڕێکانم د خێزانەکەم لەناو بازنەی ئێدا بوون، وە ئەوان بەهایەکی جیاواز لەبەهای

منیان هەبوو. ئەوان سەلامەتی و بڕێکی کەمی مووچەیان لا بەهادار بوو، وە منیش ئازادی و سەربەخۆیی داراییم لا بەهادار بوو. ئەوەش وایکرد بڕیارەکەم ئەزموونێکی ئازاراوی بێت، بەڵام ئەوە بڕیارێکی پێویست بوو بۆ دروستکردنی ئەوەی ئەگەر مەبەستم بێت گەشە بکەم.

بۆ لەوانەیە ئەزموونی هەندێك شتی وەکو ئەزموونەکانی منتکرد بێت لە شەبەکەی خستنەبازاڕ. لەوانەیە لەو شوێنە هاوڕێ و هەندێك لە ئەندامەکانی خێزانەکەت دۆزیبێتەوە کە تێناگەن یان دڵسۆزبن لەگەڵ بڕیارەکەتدا کە بچیتە نێو شەبەکەی خستنەبازاڕەوە، یان ئەوانەی لەوانەیە چالاکانە هەوڵیان دابێت بێهیوات بکەن. لەوانەیە هاوڕێت هەبێت پێت بڵێن تۆ شێتیت، تۆ گێلیت، یان تۆ هەڵەیەکی گەورە دەکەیت. تەنانەت لەوانەیە هاوڕێکانت لەدەست بدەیت. بە نیگەرانییەوە ئەو ڕستەیە دەنووسم، چونکە وادیارە ئەوە سەخت بێت. بەڵام ئەوە لەبەر ئەوەیە کە سەختە. ئەوە ڕاستییە.

وە مێشکی تۆش، هیچ شتێك نییە بیکات لەگەڵ شەبەکەی خستنەبازاڕدا. ئەوەی بەڕاستی ڕوو دەدات لێرەدا ئەوەیە تۆ گۆڕانێکی بوومەلەرزەیی دەکەیت لە ژیانتدا، لە ژیانی ناو بازنەی ئییەوە یان بازنەی ئێسەوە بۆ ژیانێك لە بازنەی بیدا. ئەوەش بە سادەیی وەرگرتنی کارێکی جیاواز نییە؛ ئەوە زیاتر وەکو گواستنەوە بۆ وڵاتێکی جیاواز وایە. گۆڕینی ئایینەکەت، یان گۆڕینی پارتێکی سیاسی.

شەبەکەی خستنەبازاڕ نەك بەتەنها پەروەردەیەکی بازرگانی گەورە دەستەبەر دەکات، ئەو هەروەها جیهانێکی تەواو نوێی هاوڕێیەتی

دەستەبەر دەکات__ئەو هاوڕێیانەی لەسەر هەمان ئاڕاستەی تۆ دەڕۆن وە بەشداری هەمان ناوکی بەها دەکەن وەکو ئەوەی تۆ کردوتە.

شاعیری ئینگلیز جۆن دۆن نووسیویێتی، "هیچ پیاوێك دوورگەیێك نییە، تەواوی خۆی" هەر پیاوێك بەشێکی کیشوەرەکەیە، بەشێکی سەرەکی." لە کۆتابیەکانی ١٦٢٣دا ئەوەی وتووە، وە ئەوەش هەزارجار ڕاستترە لەو جیهانە بێ متمانەییە پێکەوەبەستراوەی ئەمڕۆ. تۆ ناتوانیت لەو کەنارگرتنەدا دەوڵەمەند ببیت" تۆ تەنها کەسێکی پەیوەندیەکی باشت لەگەڵ کەسانی تردا، قسەکردن لەگەڵیان، کارکردن لەگەڵیان، وە یاریکردن لەگەڵیان درووستکردووە.

جۆن: ئەوە لە هەموو شوێنێکی ژیاندا ڕاستە، بەڵام ئەوە بەتایبەتی ڕاستە وە بەتایبەتی پەیوەندی هەیە لەگەڵ شەبەکەی خستنەبازاڕ، چونکە کاتێك تۆ بنیاتی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ دەنێیت، ئەوە لەڕاستییدا هێزێك لە دەوروبەی خۆتدا بنیات دەنێیت، جۆرێکی پەیوەندی نوێی هاوڕێتی لەگەڵ ئەوانەی کە هەمان جۆری بەهای تۆ و هەمان کارامەییەکانی بازرگانی جیهانی ڕاستەقینە فێربوون.

ئەوەش یەکێکە لەگەورەترین سوودەکانی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ: زیاتر لەوەی دەورە درابیت لەلایەن خەڵکەوە ئەوانەی لەگەڵ تۆ پێشبڕکێ دەکەن بۆ بەرەو پێشبردنی داهاتوو، لێرەدا بازرگانیەکەت پڕکراوە لە خەڵك ئەو خەڵکانەی هەمان سەرکەوتنی تۆ ئەنجام دەدەن، چونکە سەرکەوتنی تۆ سەرکەوتنی ئەوان دڵنیا دەکات. بۆ هەندێك لەوان دەرفەتەکان باشن بۆ ئەوەی ببنە باشترین هاوڕێت.

Scanned by TapScanner

لەڕاستییدا، بە گوێرەی کۆمەڵەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ (دی ئێس ئەی)، ژمارەیەکی گرنگ لە خەڵك ئەوانەی پەیوەندی دەبەستن لەگەڵ کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ و کاری لەگەڵدا دەکەن پلەی شەبەکەی خستنەبازاڕی ئەوان زۆر بەرزتر دەبێت بە بەراورد لەگەڵ ئەو داهاتەی بەدەستی دەهێنن.

لێرەدا تۆ ئەوەت هەیە: شەبەکەی خستنەبازاڕ نەك بەتەنها پەروەردەیەکی بازرگانی گەورە دەستەبەر دەکات، ئەو هەروەها جیهانێکی تەواو نوێی هاوڕێیەتی دەستەبەر دەکات__ئەو هاوڕێیانەی لەسەر هەمان ئاڕاستەی تۆ دەڕۆن وە بەشداری هەمان ناوکی بەها دەکەن وەکو ئەوەی تۆ کردوتە. بۆ من، جۆری دۆستایەتی کە جۆن دەربارەی ئەوە قسەیکرد هەر مسقالێك لەوە زۆر گرانبەهاترە لە باشترین ڕاهێنانی بازرگانی. ئەمڕۆ هاوڕێم هەیە لەناو هەموو بازنەکانندا، بەڵام هاوڕێی باشترینم__ئەوانەی کە بەڕاستی کات بەسەر دەبەم لەگەڵی، ئەوانەی کە زۆربەی کات ڕێنگاکە بۆ من دادەنێنەوە__ئەوانەی لەناو بازنەی بی و بازنەی ئایدان.

هەروەها بەم بۆنەیەوە، ئەو هاوڕێیانەی لە پشتی لەبەرگرتنەوە (استنساخ) جێم هێشتن؟ ئەوانە تا ئەمڕۆش هاوڕێی گەورەن لە لام. ئەوان هەمیشە بە گەورەیی دەمێننەوە لە لام، چونکە ئەوان لە قۆناغێکی کاتی ژیانم لەو شوێنە لەگەڵم بوون. بەڵام بۆ من، ئەوە کاتی جووڵەکردن بوو. ئەگەر ئەوە کاتی جووڵەبوو بۆ تۆ وە بازنەی بی بانگی دەکردی، لەوانەیە تۆ پەیوەندی بە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕەوە بکەیت و چاوت بە هاوڕێی نوێ بکەوێت.

# بەندی دوازدەهەم

## سەرمایەی ژمارە #چوار: هێزی شەبەکەی خۆت

یەکەم شت کە حەزی منی بزواند دەربارەی بازرگانی سەردەمییانە لە کاتێکدا بوو کە بەڕاستی سەیری ئەو کارەم کرد ئەوەش لە ساڵەکانی ١٩٩٠ بوو ئەوە ڕاستییەکی سادە بوو بەکارهێنانی ئەو وشەیە شەبەکە. لە بیرمە کە باوکی دەوڵەمەندم زۆر بە ڕێزەوە لەم زاراوەیەی دەڕوانی. تۆماس ئەدیسۆن یەکێك بوو لە پاڵەوانەکانی باوکی دەوڵەمەندم. خەڵکی ئەمڕۆ بەزۆری وابیر دەکەنەوە لە ئەدسۆن کە داهێنەری کارەبا بووە، بەڵام ئەوە ڕاست نییە. ئەدیسۆن کارەبای دانەهێناوە" ئەوەی ئەو کردی باشتر کردن و تەواوکردنی ئەوە بوو. تەنانەت لەوەش گرنگتر، ئەدیسۆن چۆنییەتی هێنانی ئەو کارەی کرد بۆ نێو بازرگانی.

لەدوای ئەوەی لە قوتابخانە دەرکرا (چونکە مامۆستاکانی وابیریاندەکردەوە کە ئەدیسۆن تەواو زیرەك نییە تا سەرکەوتوو بێت لێرەدا)، هەر لەو ماوەیەدا ئەدیسۆن دەستیکرد بەکاری فرۆشتنی شیرینی و گۆڤار لەسەر ڕێگای ئاسنین، ئەو دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی خۆی، وە لە ماوەی ساڵێکدا، گروپێکی لە کوران بەکرێ گرت تا شیرینیەکانی بۆ بفرۆشن لەگەڵ ڕۆژنامەکاندا. ئەو لە فەرمانبەرێکەوە بووە خاوەن بازرگانی خۆی.

هێز لەبەرهەم هێناندا نییە" هێز لەناو نێتۆرکدایە (شەبەکەدایە). ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند ببیت، باشترین پلان ئەوەیە ڕێگایەك بدۆزیتەوە بۆ



Scanned by TapScanner

ئەوەی بەهێزییەوە بنیات بنێیت، پشت بەخۆبەستوو بیت، شەبەکەت گەشە بکات.

ئەدیسۆنی گەنج بێئارامانە گەشەی سەند لە فرۆشتنی ڕۆژنامەدا، وە فێربوو چۆن تەلەگراف بنێرێت و وەریبگرێت کەواتە ئەو دەتوانێت کارێکی دەست بکەوێت هەروەك کارپێکەری تەلەگراف. دوای ماوەیەك بووە باشترین کارپێکەری تەلەگراف لە دەوروبەردا ــــ وە ئەوەش ئەو شوێنە بوو کە فێری نهێنییەکە بوو کە لەوانەیە ئەو بکاتە کەسێکی ملیۆنێر. وەکو کارپێکەری تەلەگرافێك، ئەو بینی چی شتێك ئەو گۆڕانەی داهێناوە تا ئەو سەرکەوتنەی هەبێت: ئەوە سیستەمێك بوو پێکهاتبوو لە هێڵ، ستوون، خەڵکی کارامە، وە وێستگەی گواستنەوە. ئەو هێزی شەبەکە بوو.

ئەو کاتەی ئەدیسۆن بەناوبانگ بوو بۆ تەنەکەچێتی لەگەڵ ڕووناکی کارەبادا و تەواوکردنی کرداری دەزوولەی ڕووناکی کارەباکە، جەڵتەی ڕاستی ئەدیسۆن ئەوە بوو کۆمپانیایەك دروست بکات کە هێڵی کارەبای درێژ دەبێتەوە و ڕێگە دەدات ڕووناکی کارەبا بە کۆمەڵگادا بڵاو ببێتەوە. ئەو کۆمپانیایەی ئەدیسۆن دۆزییەوە لەوانەیە ئەو بکاتە ملیۆنێر. کە ئێستاش پێی دەڵێن کارەبای گشتی.

چی شتێك وایکرد بازرگانیەکەی ئەدیسۆن بەتەنها شۆڕشێك نەبێت لە لە ڕووناکی کارەبادا بەڵکو سیستەمێك بێت لە کۆمەڵێك هێڵی کارەبایی و وێستگەی گواستنەوە کە هێز دەدات بەڕووناکی کارەباکە، ئەو شتە شەبەکە بوو.

باوکی دەوڵەمەند پێی وتم، "دەوڵەمەندترینەکانی خەڵکی جیهان شەبەکەیان دروستکردووە. هەموو ئەوانی تر بۆ کارێك دەگەڕێن."

لە پیشەگەری کەشتییەکانەوە و بارۆنی ڕێگەی ئاسنین بۆ سام والتۆن، بیل گەیتس، وە جێف بێزۆس، گەورە سەرمایەدارەکانی جیهان لەوانەیە بەو شێوەیە دروست بووبێتن کە چۆنییەتی دروستکردنی شەبەکە فێربوون. سام والتۆن پیشەسازی باشی بۆ خەڵك نەکرد" ئەو بلاوکردنەوەی شەبەکەی دروستکرد کە باشییەکان دەگەیەنێت. بیل گەیتس کۆمپیوتەری دروست نەکرد" ئەو سیستەمێکی بەڕێوەبردنی دروستکرد کە لەسەر کۆمپیوتەرەکانمان کاری پێدەکرێت. جێف بێزۆس ئەو نەچووە ناو کاری بلاوکردنەوەی پەرتووکەوە" ئەو هێلێکی بەردەوام کارای شەبەکەی دروستکرد ئەمازۆن کە پەرتووکەکان دەگەیەنێت بە ئێمە.

هێز لەبەرهەم هێناندا نییە" هێز لەناو نێتۆرکدایە (شەبەکەدایە). ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند ببیت، باشترین پلان ئەوەیە ڕێگایەك بدۆزیتەوە بۆ ئەوەی بەهێزییەوە بنیات بنێیت، پشت بەخۆبەستوو بیت، شەبەکەکەت گەشە بکات.

بێگومان، زۆربەمان تۆماس ئەدیسون نین، سام والتۆن نین، یان بیل گەیتس نین، وە هەرگیز ئەوانیش نابین. بەڵێ، ژمارەیەکی زۆر کەمی سەرنجراکێش لەهەموو نەوەیەکدا پێشەنگی داهێنەرانە دەبن لە کارێکدا کە بە بلیۆنان دۆلار لە دروستکردنی شەبەکەیەکی نوێدا بەدەست بهێنن بێگومان شەبەکەیەك لە ڕووخانەوە مەبەستمە، هەر وەك ئەم پیاوانە

کڕیان، بەڵام ئەوەش ئاواتێکی بەجێ (مەعقول) نییە بۆ دەیان هەزار کەس، ئەخوازە بۆ ملیۆنانێك.

بەر ئەوەیە کە شەبەکەی خستنەبازاڕ زۆر زیرەکە. ئەو کۆمپانیایانەی کە پیشەسازی شەبەکەی خستنەبازاڕ دروست دەکەن لە ئێستادا بە ملیۆنان دەرفەتیان هەیە بۆ خەڵك هەروەکو تۆ کە دەرفەتت هەیە شەبەکەی خۆت بنیات بنێیت وەك لەوەی هەموو ژیانت لەکارکردن لە شەبەکەی کەسێکی تردا بەسەر ببەیت.

*یاسای مێتکالف*

ڕۆبێرت مێتکالف، دۆزەرەوەی (۳کۆم) وە یەکێك لە دروستکەرانی (ئێسەنێت) بووە، هەروەها دەدرێتە پاڵ دروستکردنی هاوکێشەیەك کە بەهای شەبەکەیەك پێناسە دەکات:

$$V = N^2$$

بە واتایەکی دیکە، بەهای ئابووری شەبەکە یەکسانە بە دوو ئەوەندەی ژمارەی بەکارهێنەرانی شەبەکەکە.

داتانی یاسای مێتکالف لە زاراوەیەکی سادەتردا، مانای ئەوەیە کاتێك بەکارهێنەر زیاد دەکەیت، ئەوە بەهاکە بە شێوەیەکی ئەندازەیی زیاد دەکات.

بیر لە نێتۆرك (شەبەکە)ی تەلەفۆن بکەرەوە. ئەگەر تۆ بەتەنها یەك تەلەفۆنت هەبێت، تاکە تەلەفۆنێك بەهایەکی ڕاستەقینەی ئابووری نییە. ئەگەر تۆ تەنها کەسێك بیت لەگەڵ تەلەفۆنێکدا. ئەوە پەیوەندی بە

کێیەوە دەکەیت؟) ئەو ساتەی ژمارەیەک زیاد دەکەیت، بەپشت بەستن بە یاسای مێتکالف، بەهای ئابووری شەبەکی تەلەفۆنەکە دووجا دەکرێت. بەهای ئابووری شەبەکەکە لەوانەیە لە سفرەوە بڕوات بۆ دوو دووجا، یان چوار. ژمارەی سێیەم زیاد بکە، وە بەهای ئابووری شەبەکەکە ئێستا بووە نۆ. بە واتایەکی تر، بەهای ئابووری شەبەکەی بیرکارییانە دەڕوات، نەوەک ژمارەیی.

### *شەبەکە دەهێنن بۆ جیهانی بازرگانی*

سەردەمی بازرگانی پیشەسازی کلاسیک سەردەمیانە بەکار دەخرا هەروەک ئیمپراتۆرێک. کە ئەوەش کۆنترۆڵ کرابوو لەلایەن ناوەندێکی بەهێز "حکومەت" سەرەڕای ئەوەی چەق دەگرێت توانی بە بەهێزی ئەو بهێڵێتەوە کێشە نەبوو چەندێک بەگەورەیی گەشە دەکات.

بۆ چەندین ساڵ، تەنانەت لەدوای ماوەیەکی درێژ کە ئێمە توانیمان توانای کڕینمان زیاتر بکەین، من و کیم بەردەوام بووین لە ژیان لە نێو خانووە بچووکەکەدا لەگەڵ ڕەهنێکی مانگانەی دەوروبەری ٤٠٠ دۆلارێك وە بەکارهێنانی تەنها ئۆتۆمبێلێك بۆ هەردووکمان. هاوکات، ئێمە هەرچی پارەیەکی زیادەی دەستکەوتوومان هەبوو بەکارمان هێنا بۆ بنیاتنانی بازرگانیەکەمان و وەبەرهێنان لە زەوی زاری ڕاستەقینەدا.

ئەمڕ ئێمە لە خانوویەکی گەورەدا دەژین وە لەنێوان خۆماندا شەش ئۆتۆمبێلی نایابمان هەیە__بەڵام ئێمە ئەو خانووە یان ئۆتۆمبێلانەمان نەکڕیووە. سامانەکی ئێمە ئەوانەی کڕیووە" ئێمە تەنها خۆشی لەوانە دەبینین.

کاتێك دەڵێم "نایاب،" مەرج نییە مەبەستم ئەوە بێت شتێکی نابەجێ یان خۆدەرخەر بڵێم. مەبەستم ئەوەیە شتێکە کە تۆ دەتەوێت و چێژی لێدەبینیت، وە ئەوە هەیە لەدوای ئەوەی کە تۆ چیت "پێویستە."

من نموونەیەکت پێدەدەم. بیر لەهەر کەسێك بکەرەوە کە دەزانیت کار دەکات بۆ ئەوەی بژی بەڵام ئەو کەسانە کارەکانیان خۆش ناوێت. ئەگەر بەوانە بڵێیت__ "هێی، تۆ حەزت لە کارەکەت نییە، تۆ تەنها پێویست بکشێیتەوە لەو کارە!"__ ئەوان دەبێت چی بڵێن؟

*منیش حەز دەکەم__ بەڵام هیچ خۆشگوزەرانییەکی ترم نییە.*

ئەوا ڕاستە: بۆ زۆربەی خەڵك، بەسادەیی نەبوونی کارێك یەکێکە لە یەکەم خۆشگوزەرانیەکان کە ئەوان دەیانەوێت. ئایا چۆن گەیشتی بەم خۆشگوزەرانییە؟ هەمان شتە هەروەك ئەوانی تر: تۆ ڕێگەدا بە بازرگانیەکەت یان زەوی و زاری ڕاستەقینەی سامانەکەت کە ئەوانە بکڕن بۆ تۆ. بۆ ئەوەی ئەوە ڕووبدات، پێویستە ئەو جۆرە سامانە بنیات بنێیت بۆ ئەو شوێنەی کە ئەوان دەتوانن ئەوەت بۆ بکڕن.

بینیت ئەوە چۆن کار دەکات؟

پێویست ناکات داهاتەکانت بەکار بهێنیت بۆ کڕینی خۆشگوزەرانی خۆت: تۆ داهاتەکانت بەکار دەهێنیت بۆ بنیاتنانی سامانەکەت__ بازرگانیەکەت و وەبەرهێنانی زەوی و زاری ڕاستەقینەت__ وە پاشان، هەر کە ئەوان بە پێویستی بنیات دەنرێن بۆ ئەوەی بەتوانا بن بۆ کردنی ئەوە، ئەوە تۆ ڕێگەیان پێدەدەیت خۆشگوزەرانیت بۆ بکڕن.

کامەیە ئێمە دەهێنێت بۆ بابەتی خەونەکانمان.

## بەندی شانزەیەم

### سەرمایەی ژمارە #هەشت: خەونی گەورە و تواناکەی تا ئەوان بژین

یەکێک لە بایەخدارترین شت دەربارەی کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ ئەوەیە ئەوان گرنگی ڕۆیشتن بۆ خەونەکانت دووپات دەکەنەوە. تێبینی، من نەمگوتووە "گرنگی هەبوونی خەون." ئەوان تەنها نایەنەوێت کە خەونت هەبێت" ئەوان تۆیان دەوێت تا لە نێو ئەو خەونانەت بژی.

چی زیاتر، ئەوان تۆ هاندەدەن تا خەونی گەورە ببینیت. یەکێك لە نوێترین شت کە ڕوویدا بۆ من کاتێك دەستمکرد بە تەماشاکردنی شەبەکەی خستنەبازاڕ ئەوە بوو من خۆمم دۆزییەوە کە خەونی گەورە دەبینم گەورەتر لەو خەونانەی هەمبووە.

بازرگانییە ئاساییەکان زۆرجار زۆر پەرۆش نین لەسەر تۆ کە خەونی گەورەت هەبێت. ئەوان باشتر بەکار دەخەن ئەگەر تۆ خەونی بێفیزت هەبێت: پشوویەکی کورتی هاوین، لەوانەیە بەشێکی کاتی بچووك، ئارەزوویەك کە تۆ چێژی لێوەردەگریت، یارییەکی باشی گۆڵف لە پاش نیوەڕۆیەکی یەکشەممەدا. ئەوە جۆرێکە لەو شتە.

من نەمگوتووە کە هیچ شتێکی هەڵە هەیە لەگەڵ هەبوونی خەونگەلێکی بچووکدا. هەموو ئەوەی من دەیڵێم ئەوەیە، ئەوە ژیانێکی بچووکە.

گەورە بووە، زۆرجار لە خێزانەکەمەوە ئەو دەستەواژەیەم بیستووە، "ئێمە ناتوانین توانای کڕینی ئەوەمان هەبێت." باوکی دەوڵەمەندم، لەگەڵ ئەوەشدا، بە وتنی ئەو وشانە کوڕەکەی و منیش قەدەغە دەکات،

وە لەجیاتی ئەوە پێداگریکرد کە ئێمە لەخۆمان بپرسین، "چۆن بتوانم توانای کڕینی ئەوەم هەبێت؟"

جیاوازی زۆر بچووك لە نێوان ئەو دوو ڕستەیەدا لەوانەیە وا دەربکەوێت، کە ئەوە هەموو جیاوازییەکە بکات. ئەو گۆڕنکارییە بچووکە لە بیرکردنەوە، زیاد بوو بە هۆی ئەزموونەکانەوە، درك پێکردن، و بڕیاردان بۆ تەمەنێك، بۆ شوێنێکت دەبات کە بە ملیۆنان میل دوورە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆتەوە بەبێ ئەو گۆڕانکارییە.

کاتێك ئەوەت کرد بە خویەك کە لەخۆت بپرسی، "چۆن بتوانم توانای کڕینی ئەوەم هەبێت؟" تۆ خۆت ڕادەهێنیت لەسەر خەونی گەورەتر و گەورەتر، وە نەوەك بەتەنها ئەو خەونانەت هەبێت بەڵکو وا لە ئەوان بکەیت تا بڕوا بەتۆ بکەن کە دەتوانیت ئەوان بهێنیتە ڕاستەکە. وتنی "من ناتوانم ئەوە بکرم؟" لە لایەکی ترەوە، خەونەکانت دەخنکێنێت هەروەکو پشتەماڵێکی تەڕ لەسەر گڕی مۆمێك. هەر لە ئێستادا خەڵکێکی زۆر هەیە لە جیهاندا ئەو کەسانەی کە هەوڵ دەدەن تا خەونەکانی تۆ بخنکێنن، بەبێ زیادکردنی دەنگی تۆ بۆ تێکەڵەکە! ئۆه، ئەوان مەبەستیان نییە، لەوانەیە، بەڵام مەبەستیان بێت یاخود نا، وشەکانیان کوشندەن.

*"تۆ ناتوانیت ئەوە بکەیت."*

*"ئەوە زۆر ترسناکە. ئایا دەزانیت چەند کەس شکستیان هێناوە لەهەوڵدان بۆ کردنی ئەو کارە؟"*

*"گەمژە مەبە. ئایا لەکوێ هەڵدەستیت لەگەڵ ئەم بیرۆکانەدا؟"*

"ئەگەر ئەوە بیرۆکەیەکی ئەوها باشە، کەسێکی تر هەیە پێشتر ئەوەی کردبێت؟"

"ئۆه، هەوڵی ئەوەمدا ساڵانێك پێش ئێستا. ڕێگەم پێبدە پێت بڵێم کە بۆچی ئەو کار نەکەیت."

هەموو ئەو وشانە بکوژی خەونەکانن، هەروەها شتێکی سەرنجڕاکێشم تێبینیکردووە دەربارەی ئەو کەسانەی کە دەڵێن: ئەوانە هەروەك هەمیشە ئەو کەسانەن کە دەستبەرداری خەونەکانیان بوونە.

ئەوە هەوڵدەدات، فێردەبێت، وە باشترین دەبێت بۆ گەشەکردنی توانای تاکە کەسی بۆ ئەوەی بتوانێت خانوویەکی گەورە بکڕێت و ببێتە کەسێك لە نێو پرۆسەکەدا کە بەبایەخ بێت و گرنگ بێت.

کاتێك من و کیم تووشی شکست بووین، ئێمە بە یەکترمان وت کە کاتێك ئێمە لە یەك ملیۆن دۆلار زیاترمان بەدەستهێنا، ئێمە دەتوانین خانوویەکی گەورە بکڕین. ئێمە کردمان، وە ئێمە زۆر دڵخۆش بووین کە بچینە نێو خانووە نوێکەمانەوە، بەڵام خانووەکە خۆی بۆ ئێمە گرنگ نەبوو، وە تەنانەت توانای کڕینی خانوویەك بۆ ئێمە گرنگ نەبوو. ئەوە چی بوو بۆ ئێمە گرنگ بوو ئەوە بوو کە ئێمە دەبینە کێ لەم پرۆسەیەدا. ئەوە هەوڵدەدات، فێردەبێت، وە باشترین دەبێت بۆ گەشەکردنی توانای تاکە کەسی بۆ ئەوەی بتوانێت خانوویەکی گەورە بکڕێت و ببێتە کەسێك لە نێو پرۆسەکەدا کە بەبایەخ بێت و گرنگ بێت.

"خەڵك ئەوانەی خەونی بچووك دەبینن،" باوکی دەوڵەمەندم پێی وتم، "بەردەوامبە لە ژیانکردن ژیانێك هەروەك ژیانی خەڵکە بچووکەکە."

Scanned by TapScanner

هەموو کەسێك خەونی هەیە، بەڵام هەموو کەسێك بەهەمان ڕێگە هەمان خەونی نییە. باوکی دەوڵەمەندم فێریکردم کە پێنج جۆر خەونمان هەیە:

– ئەو کەسانەی کە خەون بە ڕابردووەوە دەبینن

– ئەو کەسانەی کە خەون دەبینن بەتەنها خەونی بچووکەوە

– ئەو کەسانەی کە خەونێك بەدەست دەهێنن، وە پاشان بە بێزارییەوە دەژین

– ئەو کەسانەی خەون دەبینن خەونی گەورە، بەڵام لەگەڵ نەبوونی پلانێکدا لەسەر چۆنییەتی ڕۆیشتن دەربارەی دەستکەوتنی ئەوانە، وە کۆتاییان دێت لەگەڵ هیچ شتێکدا

– ئەو کەسانەی خەونی گەورە دەبینن، ئەو خەونانە بەدەست دەهێنن، وە بەردەوام دەبن لەسەر خەونەکانیان تەنانەت خەونی گەورەتریش!

*ئەوانەی خەون بە ڕابردووەوە دەبینن*

ئەمانە ئەو خەڵکانەن کە بڕوایان وایە گەورەترین دەستکەوت لە پشت ئەوانەوەیە. ئەو کەسانە تۆ دڵخۆش دەکەن لەگەڵ چیرۆکەکانی ڕۆژانی کۆلێژیان، ڕۆژانی سەربازی، ڕۆژانی دووگۆڵی دواناوەندی، ژیانی نێو کێڵگە ئەو شوێنەی لێی گەورە بوون" بەڵام هەوڵبدە ئەوان ناچاری گفتوگۆیەك بکەیت دەربارەی داهاتوو، وە ئەوانە لەوانەیە سەر بهێنن و ببەن (وەك ئەوەی هیچ نەزانن) و بڵێن، "ئاه، جیهان ڕۆیشتووە بۆ دۆزەخ لە سەبەتێکی دەستدا."

کەسێك کە خەون بە ڕابردووەوە دەبینێت کەسێکە کە ژیانی کۆتایی هاتووە. ئەوانە لەوانەیە نەمرد بێتن، بەڵام ئەوان چیتر ژیانێکی

ڕاستەقینە ناژین__وە تەنها ڕێگەیەك كە ئەوان بتوانن بگەڕێنەوە نێو ژیان ئەوەیە خەونێك نوێبكاتەوە.

*ئەو کەسانەی خەون دەبینن بەتەنها خەونی بچووکەوە*

هەندێك خەڵك خۆیان سنووردار کردووە کە تەنها خەون بە خەونی بچووکەوە ببینن، چونکە ئەوە بەتەنها ڕێگەیە کە ئەوان هەست بە دڵنیایی بکەن کە دەتوانن ئەوانە بەدەست بهێنن. شتە ئاڵۆزەکە لێرەدا ئەوەیە، لە کاتێکدا ئەوان دەزانن دەتوانن خەونە بچووکەکان بەدەست بهێنن، ئەوان زۆربەی کات هەرگیز ئەوە ناکەن. بۆ نا؟ کێ دەزانێت؟ لەوانەیە لەبەر ئەوە بێت کە ئەوان دەزانن ئەگەر هەموو ئەوانە بەدەست بهێنن، ئەوان هیچ شتێك جێناهێڵن تا بۆی بژین__تاوەکو ئەو کاتەی ئەوان تەحەدای خۆیان دەکەن کە خەونی گەورە بدۆزنەوە.

بە واتایەکی دیکە، ئەوان لەوانەیە ژیانێکی بچووك بژین وەك ئەوەی ڕووبەڕووی مەترسی و مووچڕکی ژیانی گەورە ببنەوە. پاشان لە ژیاندا، تۆ گوێت لێیان دەبێت کە دەڵێن، "تۆ دەزانیت، من پێویست بوو چەند ساڵێك پێش ئێستا ئەوە بکەم، بەڵام من لەم دەورووبەرەدا هەرگیز دەرفەتم نەبوو بۆ کردنی ئەوە."

من جارێك پرسیارم لە پیاوێك کرد کە چاوم پێکەوتبوو، "ئەگەر هەموو پارەی ئەم جیهانە هی تۆ بێت، بۆ چی شوێنێك دەتەوێت گەشت بکەیت؟"

پیاوەکە وتی، "دەمەوێت بڕۆم بۆ کالیفۆڕنیا بۆ سەردانیکردنی خوشکەکەم. من خوشکەکەم نەبینیوە بۆ ماوەی چواردە ساڵ دەبێت،

وە من حەز دەکەم بڕۆم و خوشکەکەم ببینم، بە تایبەتی پێش ئەوەی منداڵەکەی گەورەتر ببێت. ئەو گەشتەش دەبێتە خەونی من."

لەو کاتەدا، ئەو گەشتە تێچووەکەی بۆ ئەو پیاوە دەوروبەری ٥٠٠ دۆلار دەبوو. من ئەوەم بە دیاریکراوی پێ وت، وە پرسیارم لێکرد بۆچی تا ئێستا ئەو گەشتەت نەکردووە. ئەو پێی وتم، "ئۆه، گەشتەکەم دەکرد، بەڵام لە ئێستادا بەتەنها سەرقاڵم." بە واتایەکی دیکە، ئەوەیە "خەونی پشوو وەرگرتن" کە ئەو لەڕاستییدا دەیەوێت ئەو خەونەی هەبێت وەک ئەوەی بەئاگا بێتەوە و خەونەکە بکاتە ڕاستی.

باوکی دەوڵەمەندم پێی وتم کە ئەو کەسانەی ئەو خەونانەیان هەیە لە هەرە کەسە مەترسیدارەکانن.

"ئەوان دەژین هەروەک کیسەڵ،" باوکم وتی، "بە بێدەنگی هەموو ئەوانەی خۆی دەپێچێتەوە، پشتی لە ژوورەکەدا دانا. ئەگەر تۆ لە توێکڵی پشتی کیسەڵەکە بدەیت و بە دزییەوە سەیری بکەیت، ئەوان لەوانەیە تەکانێک بدەن و بێنە دەرەوە و گازت لێبگرن."

ئەو وانەیە: ڕێگەبدە خەونەکانت خەونی کیسەڵ بن. زۆرێک بۆ هیچ شوێنێک ناڕۆن، هەروەها وا دەردەکەون کە بەتەنها لەگەڵ ئەوانەدا باش بن.

***ئەو کەسانەی کە خەونێک بەدەست دەهێنن، وە پاشان بە بێزارییەوە دەژین***

هاوڕێیەکی گیانی بە گیانم جارێکیان پێی وتم، "بیست ساڵ پێش ئێستا، خەونم دەبینی ببمە پزیشکێک. باشە بووم بە پزیشک. وە من خۆشحاڵ

بووم بەبوون بە پزیشك، بەڵام ئێستا بێزار بوومە لەگەڵ ئەو ژیانەدا. بیری هەندێك شت دەکەم."

بێزاری عادەتەن نیشانەیەکە کە بە واتای کاتێکی نوێ دێت بۆ خەونێکی نوێ. باوکی دەوڵەمەندم پێی وتم، "ژمارەیەکی زۆر خەڵك هەیە ئەوانەی کە لە پیشەی خۆیاندا کار دەکەن و پێشتر لە دواناوەندی خەونیان ئەوە بووە بەم شێوەیەی ئێستا پیشەی خۆیان هەبێت. کێشەکە ئەوەیە، ئەو کەسانە بۆ چەند ساڵێك دەرکراون لە دواناوەندی. ئەوەش کاتێکی نوێ بووە بۆ سەرکێشییەکی نوێ."

*ئەو کەسانەی خەون دەبینن خەونی گەورە، بەڵام لەگەڵ نەبوونی پلانێکدا لەسەر چۆنییەتی ڕۆیشتن دەربارەی دەستکەوتنی ئەوانە، وە کۆتاییان دێت لەگەڵ هیچ شتێکدا*

بیر دەکەمەوە کە هەر یەکێك لە ئێمە کەسێك دەناسێت لەم ڕیزبەندییەدا. ئەو کەسانە دەڵێن، "من پێشکەوتنێکی سەرەکی گەورەی نوێم هەبوو. ڕێگەم بدە دەربارەی پلانە نوێکەمت پێ بڵێم." یان، "لەم کاتەدا شتەکان جیاواز دەبن." یان، "من دەسووڕێمەوە بەسەر گەلاّیەکی نوێدا." یان، "من دەچم کاری سەختتر دەکەم، حسابی پرۆژەکانم بدەم، هەروەها وەبەرهێنانەکانم." یان، "من تەنها گوێبیستی کۆمپانیایەکی نوێ بووم کە دێت بۆ شارەکەی ئێمە، وە بۆ کەسێك دەگەڕێن کە لەگەڵ تایبەتمەندی مندا بگونجێت. ئەمەش دەتوانێت ببێتە شکاندنی گەورەی من."

باوکی دەوڵەمەندم دەڵێت، "خەڵکانی لەم جۆرە زۆرجار هەوڵدەدەن زۆرترین بەدەست بهێنن، بەڵام ئەوان هەوڵدەدەن ئەوە بکەن لەسەر حسابی خۆیان. بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەمی خەڵك خەونەکانی خۆیان بەدەست دەهێنن. ئەم کەسانە پێویستە خەونە گەورەکانیان بپارێزن، پلانێکیان هەبێت، وە پاشان گروپێك بدۆزنەوە کە یارمەتی ئەوان بدات تا خەونەکانیان ببێتە ڕاستی و بێتە دی."

*ئەو کەسانەی خەونی گەورە دەبینن، ئەو خەونانە بەدەست دەهێنن، وە بەردەوام دەبن لەسەر خەونەکانیان تەنانەت خەونی گەورەتریش!*

وا بیر دەکەمەوە کە زۆرێك لە ئێمە حەز دەکەن ببنە جۆرێك لەو کەسانە.

من دەزانم کە دەمەوێت. تۆش ناتەوێت؟

باوکی دەوڵەمەندم ئەوەی بەم شێوەیە وت: "خەڵکانی گەورە خەونی گەورەیان هەیە وە خەڵکانی بچووك خەونی بچووکیان هەیە. ئەگەر تۆ دەتەوێت ئەوە بگۆڕیت کە تۆ کێیت، لە گۆڕینی قەبارەی خەونەکانتەوە دەست پێبیکە."

وەك ئەوەی دەزانیت، من تێکشکام___بە تەواوی، تەواو تێکشکام، لەنێو ئۆتۆمبێلەکەمدا دەژیام لەگەڵ بووکەکەمدا. دەزانم ئەوە وەکو چی وایە. بەڵام تێکشکان حاڵەتێکی کاتییە. هەژاری جیاوازە. هەژاری شتێکە لەنێو هۆشدا. تۆ دەتوانیت تێکیبشکێنیت و هێشتا دەوڵەمەند بیت لە ڕۆحدا، دەوڵەمەند بیت لە ئاواتەکانتدا، دەوڵەمەند بیت لە بوێریدا، دەوڵەمەند بیت لە سووربووندا. هیچی تێناچێت بۆ ئەوەی خەونی گەورە ببینیت، وە ئەوە زیاتر لە یەك سەنتی تێناچێت تا خەونی گەورە ببینیت. هیچ

گێڵەیەک نییە کە چۆنییەتی تێکشکاندنەکەت هەر چۆنێک بێت، بەتەنها ڕێگایەک کە تۆ هەژار دەبیت ئەو ڕێگەیە کە دەستبەرداری خەونەکانت بیت.

بەهاوتاترین شت دەربارەی ژیانی شەبەکەی خستنەبازار ئەوەیە کە بۆ خەونەکانت چوارچێوەیەک ناکەیت وەکو شتێک کە تەنها لەدوای چل ساڵ پێی دەگەیت، یان تەنها بۆ چەند هەفتەیەک لە دەرەوەی ساڵنامەکە، یان بەتەنها لەپاش نیوەڕۆی ڕۆژی یەکشەممەدا. کاتێک تۆ دەست دەکەیت بە بنیاتنانی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازار، تۆ دەست دەکەیت بەژیانکردنی خەونەکانت، هەرچەندە لەسەرەتاوە ڕێگەکە بچووکە، لە یەکەم ڕۆژەوە.

ئەوە گۆڕانێکە لە بیرکردنەوەدا، لە "ناتوانمەوە" بۆ "دەتوانم"" لە بارودۆخێکی میهرەبانییەوە بۆ دەستگرتنە بەسەر ژیاندا" لە کۆیلەبوونەوە بۆ ئازادیی.

لە دەرەنجامەکەی وۆڵدەنەوە، ڕامان لەسەر سووربوون لە ژیاندا، سۆریوو نووسی:

*من ئەوە فێربووم، بەلایەنی کەمەوە، لە ئەزموونی خۆمەوە: کە ئەگەر یەک پێشکەوتن بە ئاراستەی خەونەکان بیٚ، وە ئەگەر هەولبدات ئەو ژیانە بژی کە خەیاڵی دەکرد پێوەی، ئەوە ئەوکەسە لەچەند کاتژمێرێکی هاوبەشدا تووشی سەرکەوتنێکی چاوەڕواننەکراو دەبێت.*

من نەمتوانی ئەوە باشتر لەخۆم بڵێم.

## بەندی حەڤدەیەم

# بازرگانیەک لە شوێنێک کە ئافرەت تێیدا باشتر دەبێت لەلایەن کیم کیۆساکییەوە

*ئێستا، تۆ گوێت لە من بووە کە ئاماژەم بۆ خێزانەکەم کردووە، کیم، بە تەواوی چەند جارێک ئەوەم کردووە" ئێمە دەربارەی ئەوەمان خوێندەوە کە چۆن چاومان بەیەک کەوت و چۆن کچەکەم ڕازیکرد، دەربارەی هەوڵەکانی سەرەتامان، ئامانجەکانمان و پلانەکانمان، وە چۆن ژیانی ئێمە گۆڕانکاری بەسەردا هات. پێش ئەوەی ئەم بەشەی پەرتووکە دابخەین، وا هەست دەکەم ئێستا کاتێکی زۆر باشە تۆ بەختت هەیە کە ڕاستەوخۆ لە کیمەوە گوێبیست دەبیت.*

ڕۆبێرت بەتەواوی شتێکی کەمی باسکردووە بۆ تۆ دەربارەی شەبەکەی خستنەبازاڕ وە ژمارەیەکی کەمی ڕێگە کە دەتوانن بەهایەکی گەورە بۆ تۆ دروست بکەن. من دەمەوێت دەربارەی ئەوە شتێکی زیاترت بۆ باس بکەم: ئەوە بازرگانییەکی زۆر بەهێزە بۆ ئافرەت.

کاتێک تۆ تەماشای پەیوەندییەکانی ئاماری ژیاننامەی بنەڕەتی شەبەکەی خستنەبازاڕ دەکەیت، یەکەمین شتێک کەلە سەرەتاوە تێبینی دەکەیت هەروەها یەکێکە لە جێسەرنجترینیان: ئەوە ئاوەدانکراوەتەوە بە چوارجار زیاتر لە پیاوان وەک لە ئافرەتان واتە (ڕێژەی پیاوان چوار مێندەی ڕێژەی ئافرەتانە).

ئۆ گوێت لە ڕاستییەکانی من بوو. بە پشت بەستن بە فرۆشتنی ڕاستەوخۆ، لە پەنجا ملیۆن کەس لە ئەمریکادا ئەو کەسانەی لە شەبەکەی خستنەبازاڕدان، دەوروبەری ٨٨ لەسەدی ڕەگەزی مێن. وە لە کاتێکدا ئەوان تێکشکانێك دەستەبەر ناکەن لەلایەن ٦٢ ملیۆن کەس لە ڕەگەزی بەرامبەر لە نێو بازرگانیەکەدا لە جیهان، ڕێژەکان لەسەر پێوەرێکی جیهانی لەوانەیە نزیك بێت لە هەمان ڕێژەی ئەمریکاوە.

پشتگیریکردن، مەشقکردن، پەروەردەی پەیوەندی شەبەکەی خستنەبازاڕ سپۆنسەر دەکرێت بۆ گەشەکردنی شەبەکەی ئافرەتان بۆ ئەو کەسانەی ئەشارەزان لە تۆڕەکەدا جۆرێکە لە پەیوەندی و کارلێکردن کە تێیدا ئافرەت باشتر دەبێت.

بۆچی؟ بە مێژوویی، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە زۆر خێزان دەستیانکردووە بە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ وەکو مەترسیی نیوو دەوامی، وە بۆ خێزانەکان کاتێك پیاوێك کە نان پەیداکەری یەکەمی خێزانەکەیە، ئەوەیە کە زۆرجار بە مانای ئەوە بووە ئەوە ئافرەتێکە کە ناچارکراوە بە نیوو دەوام، بازرگانی مانەوە لە ماڵەوەدا.

هۆکاری تەریبەکە ئەو ڕاستییە کە ئەوە بازرگانییەکە تایبەتە بەکارکردن لە ماڵەوە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە بنیاتنانی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ بێهاوتایانە گونجاوە لەگەڵ داواکاری بەرزکردنەوەی خێزانێك. بەلام وابزانم ئەمانە بەپشتی کردارەکەدا و بارودۆخە مێژوویەکەدا ڕۆیشتن.

شەبەکەی خستنەبازاڕ ئەوەیە، لە ناوەڕۆکدا، بازرگانییەکی پەیوەندیدارە. وەك ئەوەی ڕۆبێرت ڕوونیکردەوە، ئەوە بازرگانیەك نییە

که بخولێتەوە بە دەورویەری دروستکردنی فرۆشتندا" ئەوە بازرگانیەکی کە دەخولێتەوە بە دەورویەری دروستکردنی پەیوەندیدا. ئەوە دەربارەی دامەزراندنی پەیوەندییە، مەشق پێکردن و ڕاهێنانە، وە فێرکردن و ئامۆژگاریکردنە. ڕاستییەکە ڕۆژ بە ڕۆژ کارکردن لە بنیاتنانی شەبەکەیەکەدا کەمترە وەکو هەلکۆلینی ناوچەیەکی فرۆشتن وایە زیاتر وەکو بنیاتنانی پەیوەندیەك وایە.

هەروەها پشتگیریکردن، مەشقکردن، پەروەردەی پەیوەندی شەبەکەی خستنەبازاڕ سپۆنسەر دەکرێت بۆ گەشەکردنی شەبەکەی ئافرەتان بۆ ئەو کەسانەی نەشارەزان لە تۆڕەکەدا جۆرێکە لە پەیوەندی و کارلێکردن کە تێیدا ئافرەت باشتر دەبێت.

بێگومان، هیچ کام لەوانە بەمانای ئەوە نایەت کە پیاو ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا، هەروەها. بە ملیۆنان پیاو هەیە ئەو پیاوانەی هەموو ڕۆژێك ئەوەیان سەلماندووە. بەلام بە کورتی و بەسادەیی بازرگانیەك ئەوەیە: ئەوە مۆدێلێکی بازرگانییە شوێنێکە کە ئافرەت تێیدا باشترین دەبێت.

### ئافرەت چی پێویستە

وە ئەوە شتێکی باشە، هەروەها، چونکە ئەمڕۆ ئافرەت بەڕاستی پێویستی بە فێربوونە کە چۆن سامانی خۆی بنیات بنێت.

ڕۆژنامە نووسێکی گەنج چەند سالێك پێش ئێستا لێم نزیك بوویەوە و پێی وتم، لەگەل سۆزێکی ئاشکرادا، "ئێمە پێویستە وا لە ئافرەتان بکەین بە ئاگا بێنەوە کە ئەوان پێویستە بارگەی پارەی خۆیان بەدەست بهێنن.

ئەوان ناتوانن پشت بە هیچ کەسێکی تر ببەستن کە ئەو کارانەیان بۆ بکات!"

ئێمە کە بەیەکەوە قسەمان کرد، هەر زوو فێربووم کە ئەو سۆزەی ئافرەت لە کوێیەوە هاتووە. ئەو گۆڕانکاری بەسەردا هاتبوو کە دایکێکی ٤٥ ساڵی هەبوو دەستیکرد بوو بە جوڵەکردن لەگەڵ دایکیدا لەدوای ڕۆیشتنی بەناو تەلاقەیەکدا کە دایکی جێهێشتبوو لەگەڵ هیچ شتێکی بنچینەیدا. ئێستا ئەو کچە پشتگیری دایکی دەکات زۆر زیاتر لە خۆی.

ئەوە بەس بوو کە وەکو زەنگێکی بێدارکردنەوە وابێت بۆ خۆی، بەڵام چی شتێك بەڕاستی کچەکەی بە ئاگا هێنایەوە کاتێك بوو کە ئەو لە نزیکەوە تەماشای داراییەکەی خۆیکرد تا ببینێت چی سەرچاوەیەك هەیە تا پشتگیری ئەم دوانە بکات. کچەکە هەستیکرد کە ئەگەر داهاتەکەی بەهەر هۆیەك بووە لە پڕ بووەستێت، تەنها شتێك کە دەبوو کچەکە بگەڕێنێتەوە دواوە دەورووبەری ٧،٠٠٠ دۆلارێك دەبوو لە پاشکەوتەکەی. بۆ خێزانێکی دوو کەسی، ٧،٠٠٠ دۆلار لەوانەیە زۆر دوور نەڕۆن. کچەکە و دایکی هەردووکیان داهاتێکی زۆر کەمیان هەبوو دوور لە هەژاری و نەنانەت دەربەدەرییەوە. هیچ سەرسام نەبوو دەربارەی سۆزی ئافرەت لەسەر ئەو بابەتە کە کۆنترۆڵی داراییەکانیان دەکەن!

لەڕاستییدا بۆ من، من لە شوێنی ئەو ئافرەتە گەنجە نیم. من و ڕۆبێرت داراییەکەمان بۆ هەموو ژیانمان ڕێکخستبوو؛ بەبێ گوێدانە ئەوەی ئابووری چی بەسەر دێت.

بەڵام هەرچەندە ئەوە من نیم کە شمشێرم بەسەر سەری خۆمدا شۆڕکردبێتەوە، من تەنها ئەو سۆزەم هەبوو هەروەك ئەو ئافرەتە

گەنجەی کە لەسەر بابەتی سەربەخۆیکردنی دارایی بۆ ئافرەت دروستی دەکات.

"چۆنێتییەکە" کە شەبەکەی خستنەبازاڕ هیچ جیاواز نییە بۆ ئافرەتان هەروەك پیاوانە بۆ ئەوانیش. هەر چۆنێك بێت، هۆکاری سەرەکی بۆچی ئافرەتان بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕی خۆیان بنیات دەنێن زۆرجار زۆر جیاوازە بەبەراورد لەگەڵ نێرینەکاندا.

ئێمە دەزانین کە زۆر جیاواز ڕابەری ژیان دەکەین بەراورد لەگەڵ ئەوەی دایکمان کرووییەتی، بەڵام لەوانەیە تووشی سەر سوورمان ببیت کە ئەوە چەندێك جیاوازە. لێرەدا شەش هۆکارمان هەیە بۆچی ئافرەت پێویستە بێتە نێو ئەم یارییەوە کە پێی دەڵێن بنیاتنانی سامان.

*١) ئامارەکان*

ئامارەکان دەربارەی ئافرەتان و پارە دڵ داخورپێنن. ئەوانەی هاتوون ئامارەکانی ئەمریکان. ئامارەکان، هێشتا بۆ وڵاتانی دیکە بە درێژایی جیهان، ئامارەکان زۆر لەیەکدەچن یان بە هەمان ئاڕاستەدا دەڕوات.

لە ئەمریکادا:

– ٤٧ لە سەدی ئافرەتان کەلە سەرووی تەمەنی ٥٠ ساڵیەوەن بەتەنها دەژین" بە واتایەکی دیکە، ئەوان بەرپرسن لە دارایی لە خۆیان.

– داهاتی خانەنشینی ئافرەتان زۆر کەمترە بەراورد لەگەڵ پیاواندا چونکە ئافرەت هەروەکو کارگوزاری یەکەمە بۆ ماڵەکە، ئافرەتێك کە دوورە لە هەلی کارەوە ڕێژەکەی ساڵانە دەگاتە ١٤.٧، بەراورد لەگەڵ پیاوان کە ڕێژەکەی ١.٦ لە ساڵێکدا. ئەمەش زیاد بکات کە هێشتا

ئافرەتان مووچەیەکی کەمتر وەردەگرن، وە تۆش سوودی خانەنشینیت هەیە کە تەنها دەوروبەری یەك چارەکی پیاوانە. (*بنکەی نەتەوەیی بۆ ئافرەتان و توێژینەوەی خانەنشینی*)

- ئافرەتان وا پێشبینی دەکرێت بە گشتی حەوت بۆ دە ساڵ زیاتر لە پیاوان تەمەن درێژن (*ئان لێتێرسیی، مانگی شەشی، ٢٠٠٠*)، مانای ئەوەیە کە ئەوان پێویستە ساڵانێکی زیاتر تەرخان بکەن. هەرچۆنێك بێت، ئافرەتی خێزاندار ئەوانەی منداڵی ساوایان هەیە دەتوانن چاوەڕێ بکەن تا مێردەکانیان ماوەی پازدە بۆ بیست ساڵ زیاتر بژین، بە تێکڕایی.
- باری گوزەرانی تەمەنی ژیانکردن بە هەژاری، سێ لە چواریان ئافرەتن. (*بەیانی وەبەرهێنی سندووقی ئەستێرە*)
- بە شێوەیەکی تێکڕا حەوت لە دەی ئافرەتان لە هەمان کاتدا ژیانێکی هەژارانە دەگوزەرێنن.

ئەم ئامارانە چی بە ئێمە دەڵێن؟ ئەوەمان پێدەڵێن کە ئافرەتی زیاتر و زیاتر پەروەردە نەکراون یان ئامادە نەکراون کە خۆیان چاودێری دارایی خۆیان بکەن، بە تایبەتی ئەو ئافرەتانەی کە گەورەتر دەبن. ئێمە تەواوی ژیانمان لە چاودێریکردنی خێزانەکانماندا سەرفکردووە، بەڵام هیچ توانایەك نییە تا چاودێری خۆمان بکات بەم ڕێگە گرنگە.

*٢) خۆ بەدوورگرتن لە پشت بەستن*

تۆ ناتوانیت هاوسەرگیرییەکت دەست بکەوێت جیابوونەوەیەك چاوەڕێدەکات. تۆ دەستت نەکردووە بە کارێکی نوێ چاوەڕێدەکەیت

دوور بخرێتەوە. بەڵام ئەوە ڕوودەدات، وە ئەمڕۆ زیاتر و زیاتر ئەوە دووبارە دەبێتەوە.

ئافرەتان، ئەگەر ئێوە پشتتان بە هاوسەرەکەتان بەستووە، بەڕێوەبەرەکەتان، یان هەر کەسێکی تر بۆ داهاتووی داراییەکەتان، دووجار بیربکەوە. ئەوان زۆر بەسادەیی لەوانەیە لەوێ نەبن. هەروەها زۆرجار، ئێمە لەوانەیە هەست بەوە نەکەین کە چەندێك ناسەربەخۆین هەتا ئێمە ڕوویەڕوو دەبینەوە لەگەڵ زەنگی بێداربوونەوەی کەسیدا.

*٣) بنمیچی هیچ پەرداخێك*

لە گەڵ هەموو گرفتەکان کە ڕوویەڕووی فەرمانبەرانی کۆمپانیا دەبێتەوە لە بڵاوکراوەیەکی جیهانی ساڵی ٢٠٠٨دا، سەربارى ئەوەی هێشتا ئافرەتان ڕوویەڕووی کێشەکان دەبنەوە، بەربەستی زۆر گەورە دێتە ڕێگەیان: ئابڕوبەرەکە "بنمیچی پەرداخ." بەڵێ، ئەوا ڕاستە، تەنانەت لە ئەمڕۆشدا: بەهۆی ڕەگەزەکەمانەوە، ئافرەتان هەتا ئێستا بەتەنها دەتوانن بەشی سەرەوەی پەیژەی کۆمپانیاکە بجوڵێنن. وە بۆ ئافرەتێك کە ٥٠ ساڵ یان زیاتر بێت، هەوڵدەدەن دووبارە بچنەوە نێو جیهانی دامەزراندنی کۆمپانیا؟ تەنانەت تۆ ناتەوێت ئەوەش بزانیت.

لە جیهانی شەبەکەی خستنەبازاڕدا، بیرۆکە گەورەکەی بنمیچی پەرداخ بۆ ئافرەتان زۆر پێکەنیناویە. کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕی تۆ گرنگی نادات کە ئەگەر تۆ نێریت یان مێیت، ڕەش پێستی یان سپی پێست، دەرچوویەکی کۆلێژی یان خوێندکارێکی دوورخراوەی دواناوەندیت. ئەو بەتەنها گرنگی بەوە دەدات کە تۆ چۆن کارامەییانە و

کاریگەرانە شەبەکەکەت بنیات دەنێیت__ هەروەك ئەوەی من دیاریمکرد، زۆر ئافرەت هەیە کە چوار جار هەروەك پیاو دەتوانن کار بکەن.
کلیلەکە شارەزاییەکانی تۆیە، پەروەردە، وە ئەزموونەکانت. لێرەدا هیچ سنوورێك و بنمیچێك بوونی نییە، پەرداخ یان هەر شتێکی تر بێت، بۆ ئافرەتانی جیهان لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا.

### ٤) هیچ سنوورێك نییە بۆ داهات

بەهۆی بنمیچی پەرداخ و جیاوازی ئەو کرێیەی لە ئێستادا هەیە لە نێوان پیاوان و ئافرەتان لە بازاڕی کاردا، ئافرەتان زۆربەی کات سنووردارن لەو برە داهاتەی کە دەتوانن بەدەستی بهێنن. خوێندن نیشانی دەدات کە ئافرەت لەگەڵ هەمان پەروەردە و ئەزموون هاوتای نێرەکان دەورووبەری ٧٤ سەنت بۆ هەر دۆلارێك بەدەست دەهێنن کە هاوتای نێرەکانە.
بەڵام بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ بە تەواوی زۆر گونجاوە. بە بێگودانە ڕەگەز، لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا، قەبارەی ئەو برە داهاتەی دەتوانیت بەدەستی بهێنیت بە بنیاتنانی شەبەکەکەت بێسنوورە.

### ٥) متمانە بەخۆکردنت زیاد بکە

وەکو خۆم، وا بیر دەکەمەوە ئەوە یەکێکە لە گەورەترین سوودەکان و پاداشتەکان بۆ بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ__ وە ئەوە یەکێکە لە بەهێزترین هۆکارەکان بۆ ئافرەت تا بەشداری بکەن لە بازرگانیەکەدا. ئەوە نا ئاسایی نییە بۆ متمانە بەخۆکردنی ئافرەتێك کە پەیوەندی هەبێت بە تواناکانی خۆیەوە تا ئەوە دەستەبەر بکات بۆ خۆی. پشت

بەستن بە هەر کەسێك بۆ ژیانی دارایی خۆت دەتوانێت ببێتە هۆی کەمکردنەوەی هەستی ڕێزگرتن لە خۆت. تۆ لەوانەیە شتێك بکەیت یان لەوانەشە ئەو شتە نەکەیت ئەگەر پارە کێشەیەك نەبێت.

من ئافرەتم بینیووە کە متمانەی بەخۆی هەبووە کاتێك ئەوان دەزانن چۆن لە ڕێگەی خۆیانەوە لە دارایی بەردەوام ببن زۆر بەرز فڕیووە. وە کاتێك متمانە بەخۆکردنی ئافرەتێك بەرز دەبێتەوە، پەیوەندییەکان لە دەوروبەری ئافرەتەکەدا چاودێری دەکەن تا باشتر ببن. متمانە بەخۆکردنێکی بەرز دەبێتە هۆی سەرکەوتنێکی گەورەتر، کەلە کۆتاییدا دەبێتە هۆی گەورەترین دیاریی بۆ هەمووان___ئازادی.

## ٦) جڵەوی کاتەکانت بکە

کاتێك مەسەلە دێتە سەر تەرخانکردنی وزە بۆ بنیاتنانی سامانێکی ڕاستەقینە، یەکەم کۆسپی سەرەکی ئافرەت زۆرجار کە زۆر لە پیاو زیاتر ڕوویەڕووی دەبنەوە کێشەیەکی زۆر سادەیە ئەویش *کاتە*. ئەوەش زۆر بەتایبەتی بۆ دایکان ڕاستە ئەو دایکانەی کە چەند کاتژمێرێکی زۆر تەرخان دەکەن بۆ چاودێریکردنی منداڵەکانیان. لە زۆر ئافرەتەوە گوێم لێبووە، "لەدوای ئەوەی دەگەڕێمەوە ماڵەوە لەسەر کار، دەبێت بڕۆم نانی ئێوارە ئامادە بکەم، یارمەتی منداڵەکانم بدەم لە ئەرکەکانی قوتابخانەیاندا، وە قاپەکان دەبێت پاك بکەمەوە، بە پێی کات هەمووان دەچنە نێو جێگەوە وە منیش کاتێکی ئازادم دەبێت بۆ خۆم، من ماندووم!"

هەروەك شەبەكەی خستنەبازارێك، تۆ لە جلەوكردنی كاتەكانی خۆتدای. ئەم بازرگانییە شتێكە دەتوانێت نیوەی كاتەكانتی پێبدەی یان هەموو كاتەكانت. ئەم بازرگانییە شتێكە دەتوانیت لە ماڵەوە بیكەیت، لەسەر مۆبایلەكەت یان كۆمپیوتەرەكەت، لە كاتەكانی شەودا، لە هەفتەكاندا، هەر كاتێك بێت، هەر شوێنێك بێت. ئەمە بازرگانییەكە كە دەتوانێت لەگەڵ تۆ گەشت بكات، كە تۆش دەتوانیت لە گیرفانەكانتدا بیپارێزیت، هەروەها تۆ دەتوانیت نیوەی كاترمێرێك پێوەی سەرقاڵ بیت، ئەگەر ئەوە بێت كە خشتەكانت و بارودۆخەكانت دەسەپێنن.

## *بنیاتنانی سامان پێویستییەكە*

ئەو شەش هۆكارە پشتگیری دەكەن كە بۆچی ئافرەت زۆر پێویستە فێر بێت چۆن سامانی خۆی بنیات بنێت. ئامارەكان سەلماندیان كە چەندێك كات گۆڕاوە بۆ ئافرەتان ئەوەشی دیاریكرد كە پێویستییەكانمان بۆ پەروەردەی ژیانی ڕاستەقینەی دارایی چیتر خۆشگوزەرانییەك نییە“ ئەوە پێویستییەكە. پشت بەستن بە كەسێكی دیكە بۆ داهاتووی داراییەكەت وەكو خلبوونەوەی زارێك وایە. پاداشتەكە لەوانەیە لەوێ لە كۆتاییەكەدا بێت، بەڵام مەترسییەكە بەرزی و نشێووە.

بنەبچی پەرداخ و سنووردارکردنی داهات ئەو شتەیە كە زۆربەی ئافرەتان بۆ ماوەی چەند ساڵێك لە دژی دەجەنگن. هەردووكیان پێكەوە لە جیهانی شەبەكەی خستنەبازاڕدا ونبوون. وە پاشان دوو لە گەورەترین دیارییەكان بۆ هەمووان__ هەستێكی گەورەتری ڕێزگرتن لە خۆت و

بەسەربردنی کاتەکان هەروەك ئەوەی خۆت دەتەوێت__ دەتوانێت هی خۆت بێت،

هەر چۆنێك بێت، لەدەرەوەی هەموو ئەو هۆکارانەی ڕیزبەندیم بۆ کردوون، من هیچ ڕێگەیەکی دیکەم نییە تا بزانم چ شێوازێکی قسەکردن بۆ تۆ گونجاوە. تۆ "تێکرایی ئافرەتان نیت" تۆ خۆتیت. وە تاکە هۆکاری زۆر پێویست بۆ بنیاتنانی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ یەکێکە کە تەنها تۆ دەتوانیت دیاری بکەیت.

*سامانەکەت دروست بکە ... وە چێژ لەکردنی ئەو کارە وەرگرە*

بێگومانە ئەوەی کە چی هۆیەك پێویستە، پێویستە شتێکی زیاترت لە بیر بێت کاتێك دەست دەکەیت بە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ، وە ئەو شتەش بۆ وەرگرتنی چێژ و خۆشییە.

بەڵێ، ئەوە زۆر نایابە بیر بکەیتەوە کە تۆ دەتوانیت ١٠٠دۆلار، ١٠٠٠دۆلار، یان تەنانەت ١٠,٠٠٠دۆلار لە مانگێکدا بەدەست بهێنیت، هەروەها تۆ دەتوانیت خۆت بە دوور بگریت لە پشت بەستن وە دەتوانیت جڵەوی کاتەکانت بکەیت، بەڵام ئەگەر تۆ چێژت لەمانە وەرنەگرت، ئەوە دەتوانێت بەخێرایی ببێتە هەمان چاڵ کە زۆرێك خۆیان لە نێویدا دەدۆزنەوە لە جیهانی کۆمپانیادا. بەڵام بەسادەیی، تۆ پێویستە بەسۆز بیت دەربارەی ئەو کارانەی دەیکەیت" نەبوونی ئەو سۆزە ڕەنگ دەداتەوە لە ژمێرەیی بانکەکەتدا.

لەبەر ئەوەیە بیردەکەمەوە دانانی پارت پلانی بازرگانی__ جۆرێکە لە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ کە بەدەوروبەری پارتیماڵەکاندا

دەخوێنێتەوە__ئەوە زۆر نموونەییە بۆ زۆربەی ئافرەتان تا تەماشا بکەن و بازرگانی خۆیان بنیات بنێن. پارت پلانی بازرگانی باشترین دەرفەتە بۆ بەڕێکردنی کاتەکانت لەگەڵ خێزانەکەت و هاوڕێکانتدا لە ماڵە ئاسوودەکەی خۆتدا تەنانەت کاتێک سەرقاڵی بەدروستکردنی شەبەکەیەکی کۆمەڵایەتی کە ڕێگەت پێدەدات سامانێك بنیات بنێیت__وە چێژ لەکردنی ئەو کارە ببینیت.

ڕاستییەکی سەرنجڕاکێش دەربارەی کەرتی پارت پلان ئەوەیە کە لەکاتی شڵەژانی ئابووریدا بووە، ئەو بەردەوام دەبێت لە گەشتکردن تا باشتر بێت. لەڕاستییدا، ئەوە یەکێکە لە هۆکارەکان کە پیشەسازی شەبەکەی خستنەبازاڕ بەشێوەیەکی گشتی هێزێکە تا لەگەڵ ئەوەدا لێك بدرێتەوە. کۆمپانیاکان وەکو ڤۆرویرك (کەرەستەی ئارایشتەی جافرا)، ماری کەی، نیووپەروێر، سکینتسی، پارتیلایت، ستامپین ئاپ، زێتر لەلایەن پارك لەینەوە، کۆمپانیای لۆنگابێرگەر، وە ژیانکردن لە ماڵەکانی باشووردا لەنێو شەست و چوار کۆمپانیای فرۆشتنی ڕاستەوخۆدا لەگەڵ داهاتی بەکۆمەڵەی جیهانی سالآنە کە ١٠٠ ملیۆن دۆلار یان زیاترە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی مانگی نۆی ساڵی ٢٠٠٩، ئەبست فوولی سێمپڵ، کۆمپانیای پارت پلان بڕگەی خۆراکی تایبەتی پێشکەشکردووە، بینیان کە فرۆشتنیان بە ڕێژەیی لە سەدا ٥ بەرز بۆتەوە لەساڵی ٢٠٠٨دا، سەرەڕای پاشەکشەکردنەکە. یەکێکی تر، پامپێرد چیف (کە لەلایەن بلیۆنێرێکەوە کڕدراوە بەناوی ۆرن بووفێت لەساڵی ٢٠٠٢) بینی ٥ لەسەد زیاتر بووە لە ناونووسکردن لە هەمان ماوەی کاتەکانی پێشووتردا.

پەیامەکە لێرەدا چییە؟ کۆمپانیاکانی پارتی پلان پێشنیاری مەترسییەکی کەمتر دەکەن، بۆ هەر ئافرەتێک پاداشتی زۆر دەرفەت دەدەنەوە بۆ ئەوەی جلەوی داهاتوو دارایی خۆیان بکەن. من ئەوە پێشنیار دەکەم بچنە پاڵ پلەکانی بەڵێندەری نوێ ئەو دایکانەی کەلە ماڵەوە دەمێننەوە، کارکردنی ئافرەت دەبێتە هۆی بەهێزکردنی بڕی داهاتەکانی ژیانیان، خوێندکارانی کۆلێژ هیوای بەدەست هێنانی بڕێکی زیاتری دۆلار دەخوازن__ هەر ئافرەتێک ئەوانەی دەیانەوێت کە خۆیان دەرفەتی دروستکردنی سامان بدەن بەخۆیان ... وە چێژ و خۆشی دەبینن لە کردنی ئەو کارە.

*بزانە چی گرنگە*

لە ڕۆژانی زۆر سەرەتای ژیانماندا، ڕۆبێرت پرسیاری لە من کرد کە من دەمەوێت چی بکەم لەگەڵ ژیانی خۆمدا. پێم وت من دەمەوێت ڕۆژێک بازرگانی خۆم دابمەزرێنم. ئەو وتی، "من دەتوانم بۆ ئەوە یارمەتیت بدەم." لە ماوەی مانگێکدا، ئێمە بازرگانییەکمان هەبوو کە بەیەکەوە بەڕێوەمان دەبەن.

بەڵام هەروەها ڕۆبێرت دەستیکرد بە قسەکردن لەگەڵ من دەربارەی شتی زۆر گەورەتر، هەروەها__ دەربارەی گیان پەرستی، وە پرسیاری لێم کرد دەربارەی ئامانجی ژیانم. ئەوەش لە ساڵانی ١٩٨٠کاندا بوو، کاتێک بوو خەڵک بە زۆر کاری دەکرد و شانازی پێوە دەکرد. لە ساڵانی ٩٠کاندا، خەڵک دەستیکرد بە تەماشاکردنی ژیان لە نزیکەوە وە پرسیاری هەندێک پرسی گەورەیان کرد. بەڵام لەڕاستییدا ئەوە لەدوای ١١\٩ بوو کە خەڵک

دەستیکرد بە وتنی، "ئۆو، خولەکێك چاوەڕێکە. بۆچی من هەروەکو ماسنەر لەسەر چەرخێك دەخولێمەوە؟ من چی دەکەم لەگەڵ ژیانمدا؟ هەموو ئەوانە بۆ کوێ ڕۆیشتن؟"

گوێم لە ئافرەتان بووە هەموو کاتێك وتوویانە ئەوان زۆر سەرقاڵن تا بەشداری بکەن لە نیوو دەوامی بازرگانی لەماڵەکانی خۆیاندا. منیش پێیان دەڵێم، "لێرەدا کلیلێك هەیە بۆ ئەوەی کارێك بکەیت بازرگانییەکەت سەرکەوتوو بێت: پێویستە تەماشایەکی ژیانی خۆت بکەیت، بەڕاستی تەماشای بکەیت، وە لەخۆت بپرسیت، 'ئەوە چییە کە زۆر مانادارە بۆ من کە پێویستە وە دەبێت بیکەم لە ژیانمدا؟'"

چی شتێك بەتەواوی بە گوێرەی پێویستە بۆ تۆ کە هانت بدات کات و هەوڵەکانت تەرخان بکەیت بۆ بنیاتنانی بازرگانیەك کە داهاتی خۆیی دروست دەکات، وە پاشان ئەو داهاتە بەکار بهێنێت بۆ بنیاتنانی سامانێك کە چاودێری تۆ دەکات و بایەخت پێدەدات بۆ هەموو ژیانت؟ چونکە ئەگەر تۆ ئەوە نەناسێنیت کە ئەو شتە چییە، ئەوە بەتەنها نابێتە هۆکارێك بۆ ڕوودانی ئەو کارە.

ئازادی بۆ هەموو کەسێك جیاوازە" سەرکەوتن بۆ هەموو کەسێك جیاوازە. ئەوە شتێکی تاکە کەسییە، وە پێویستە تاکە کەسیش بێت. ژمارەکان ئەبستراکتن" ئەگەر ئەوە پێنج هەزار دۆلار بێت یان یەك ملیۆن دۆلار بێت، ئەوە بەڕاستی هیچ مانایەکی نییە هەتا ئەو کاتەی تۆ مانایەکی پێدەدەیت ئەوە لەنێو ژیانی خۆتدایە.

لە سەرەتاکانی هاوسەرگیریماندا، من و ڕۆبێرت هەردووکمان بەسۆزەوە هەوڵمان دەدا بۆ ئەوەی بازرگانی خۆمان هەبێت، بۆ ئەوە تا کەسانی تر

هەبین و پێمان بڵێن چی بکەین، وە لە ژێر جڵەوی چارەنووسی دارایی خۆماندا بین. ئەوە ئەوەندە زۆر گرنگ بوو بۆ ئێمە کە ئێمە ڕازی بووین تا نیشانی بدەین لەگەڵ تەنها هەر زەحمەتییەکدا بۆ ئەوەی وابکەین ئەوە ڕوویدات.

وە ئەوەش ساڵانێکی پێویست بوو__ بەڕاستی، دەوروبەری دە ساڵ. لەو کاتەنەدا، پەستانی نەبوونی داهاتێك زۆر گەورە بوو. ئێمە لە هەموو جۆرەکانی هاوڕێمان هەبوو ئەو هاوڕێیانەی پێیان دەوتین ئێوە شێتن، کە ئێمە دەبێت تەنها بڕۆین کارێکی ئاسایی بکەین بە مووچەیەکی کەم، بەڵام ئەوە بەتەواوی ئەو شتە بوو کە ئێمە نەماندەویست بیکەین.

لە کۆتاییدا ئێمە بڕیارماندا کە ئێمە دەبێت شتێك بکەین. ڕۆبێرت دەستیکرد بە فێرکردنی هەندێك کۆرس. من چووم بۆ لای هاوڕێیەکم کە هێڵێکی جل و بەرگی هەبوو وە پرسیارم لێکرد تا ڕێگەم پێبدا جل و بەرگەکانی بخەمە بازاڕەوە. چووم بۆ ئارایشتگایەکی بچووك و دوکانێکی بچووکی جل و بەرگی مۆدەم دامەزراند. وە هیچ مووچەیەکم لێوە دەست نەکەوت، هیچ مسۆگەرکردنێك نەبوو، تەنها بریکاری فرۆشتن هەبوو__ وە لەڕاستییدا، من بەڕاستی زۆر کەم کارمکرد وەکو بریکاری فرۆشتن. بەڵام ئەوە بووە هۆی دەرکردنم لەو شوێنەدا، دەبوو شتێك بکەم.

فێربووم کە ئەوە کرۆکی بوون بە بەڵێندەرە: *تۆ دەبێت لەو شوێنە دەربکرێیت و کارێك بکەیت شتەکان ڕووبدەن.* وە تەنها ڕێگەیەك کە تۆ دەتوانیت ئەو کارە بکەیت ئەوەیە ئەگەر تۆ بەڕاستی بزانیت ئەوە چییە، بەڕاستی گرنگە بۆ تۆ، وە تۆ بڕیارتدا کە تەنها ڕێگەیەك تۆ دەبێت ئەوە بکەیت ئەوەیە خۆت ئەوە دروست بکەیت.

## بەشی سێیەم

**داهاتووی تۆ ئێستا دەست پێدەکات**
**چی وادەکات بازرگانییەکی شەبەکەی**
**خستنەبازاڕی سەرکەوتوو دەست پێبکەیت**

Scanned by TapScanner

# بەندی هەژدەیەم
# عاقڵانە هەڵبژێرە

کەواتە ئێمە بڕیارماندا دەست بکەین بە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕی خۆمان. پیرۆزە! ئێستا ڕووبەڕووی هەڵبژاردنێك بوویتەوە. لە کرداردا چەندین هەزار کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ هەیە. کام لەوانە دەتەوێت بەشداری بکەیت تێیدا؟ وە چۆن هەڵبژاردنەکەت دەکەیت؟

تازە هاتووەکان بۆ شەبەکەی خستنەبازاڕ زۆرجار ئەم هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی پێشتر پلان بۆ دانراو دەکەن، زۆر بەسادەیی لە یەکەم دەرفەتدا لە سەرەوە واژووی خۆی دەکات تا ناوی بێتەوە. ئێستا، ئەوەش وا دەردەکەوێت دەربارەی یەکەم کۆمپانیا کە گوێبیست دەبیت لەوانەیە کۆمپانیایەکی گەورە بێت، وە هەڵبژاردەیەکی عاقڵانەیە بۆ تۆ. بەڵام ئەوە پێویستە شارەزایانە بێت، هەڵبژاردەیەکی پەروەردەیی کە بەگرنگیەوە دروستی دەکەیت. ئەوەیە داهاتووی تۆ کە ئێمە قسەی لە بارەوە دەکەین.

کەواتە چۆن هەڵبژاردن دەکەیت؟ لەسەر چی پێوانەیەك بڕیاری خۆت دادەمەزرێنیت؟

"کۆمپانیاکەمان باشترین پلانی قەرەبووکردنەوەی هەیە ــ لێرە دەتوانیت پارەیەکی زۆر بەدەست بهێنیت!"

کاتێك کۆمپانیا جیاوازەکانی شەبەکەی خستنەبازارم دەپشکنی، زۆرجار گوێبیستی ئەم لێدوانە دەبووم. خەڵکە بێئارامەکە نیگەرانن تا من دەرفەتەکانی بازرگانیان نیشان بدەم چیرۆکی ئەو کەسانەی بە سەدان هەزار دۆلاریان لە ماوەی مانگێکدا لە بازرگانیەکەیاندا بەدەست هێناوە. چونکە چاوم بە خەڵکانێك کەوتووە ئەوانەی کە بەڕاستی بە سەدان هەزار دۆلاریان لە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ لە ماوەی مانگێکدا بەدەست هێناوە، من گومان ناکەم کە بەشاراوەیی پەیدای بکات.

هێشتا من پێشنیاری ئەوە ناکەم کە بەشێوەیەکی سەرەکی تەماشای شەبەکەی خستنەبازاڕ بکەیت بۆ دەستکەوتنی پارە.

"ئێمە کە باشترینین، زۆربەی بەرهەمی چۆنییەتی پارەی مانگانەمان هەیە__ بەرهەمەکانمان کە ژیانی خەڵکیان گۆڕیووە!"

زۆر گوێبیستی ئەوە دەبم، هەروەها. سوودی بەرهەمی کاریگەر لەوانەیە هۆکاری ژمارە دوو بێت بۆ بەشداریکردن کە خەڵکانێك بە منیاندا، پارە هۆکاری ژمارە یەك بێت. هەروەها دووبارە، من هیچ گومانێکم لەوە نییە. لە کاتێکدا زۆر موبالەغە و هەرای زیاد لە ڕادەم بیست، هەروەها بەڕاستی بەرهەمی گەورەم دۆزییەوە، هەندێك لەوانە هێشتا بەکاری دەهێنم یان ئەمڕۆ بەکاری دەهێنم. لەڕاستییدا، بەرهەمی نایابی کوالێتی بەرز چاوێری دەکەن کە ببنە یەکەم جیاکەرەوەی شەبەکەی خستنەبازاڕ. هێشتا ئەم بەرهەمانە گرنگترین سوود نین.

ڕێگەم بدە ئەوە دووبارە بڵێمەوە:

*کاتێك کۆمپانیایەك هەڵدەبژێریت تا کاری لەگەڵدا بکەیت، بەرهەمەکان لە گرنگترین شتەکان نییە.*

پەستانی ئەوەم لەسەرە چونکە زۆربەی خەڵك وا دادەنێن کە بەرهەمەکە لە گرگترین شتەکانە. ئەوە وا نییە. لە بیرت بێت، تۆ کارێك وەرناگریت کە وەك فرۆشیار کار بکەیت" تۆ دەڕۆیتە نێو بازرگانیەکەوە بۆ خودی خۆت، وە بازرگانیەکە کە تۆ لە نێویدایت بنیاتنانی شەبەکەیە. هەروەها کاتێك دەست دەکەیت بە تەماشاکردنی کۆمپانیا جیاوازەکانی دەوروبەری خۆت، پرسیارە پێشەنگەکە لە مێشکی زۆربەماندا پێویستە بەم شێوەیە بێت، "ئایا ئەم کۆمپانیایە یارمەتی من دەدات چۆن فێربم ببمە مامۆستای بنیاتنانی شەبەکە؟"

*هۆکاری ژمارە یەك پێشنیاری شەبەکەی خستنەبازاڕ دەکەم بۆ سیستەمی پەروەردەی بازرگانی جیهانی ڕاستەقینە و گەشەسەندنی تاکەکانی کۆمەڵگا.*

سیستەمی شەبەکەی خستنەبازاڕ بە شێوەیەك دانراوە کە گونجاو بێت بۆ هەر کەسێك بیەوێت هاوبەشی سامانەکە بکات. ئەوە بۆ هەموو کەسێك کراوە ئەوانەی تێیدا کار دەکەن، سوورن لەسەر کارەکانیان، و کۆڵنەدەرن. ئەوەش گرنگی نادات بەوەی خێزانەکەت ناوی چییە یان دەرچووی چی کۆلێژێکی (یان بەر شێوەیەك یەکێك لەوانەت کردووە)؛ چەندێك پارە لە ڕۆژێکدا دەتوانیت بەدەست بهێنیت، چی نەژادێکی یان چی ڕەگەزێکی، چەندێك باش خۆت پشان دەدەیت، چەندێك بەناو بانگیت، یان تەنانەت چەندێك زیرەکیت.

تەدبەی کۆمپانیاکانی شەبەکەی خستنەبازاڕ بە شێوەیەکی سەرەکی چاودێری دەکەن دەربارەی ئەوەی چەندێك ڕازیت تا فێر ببیت، بۆ گۆڕانکاری، وە بۆ گەشەکردن، هەروەها ئایا هەناوت هەیە تا ئەوانە بکانە

دەرەوە لە ئەستووری و باریکیدا لە کاتێکدا فێر دەبیت ببیتە خاوەن بازرگانییەک.

ئایا ئەوە بۆ هەر تاکە کۆمپانیایەکی شەبەکەی خستنەبازاڕ ڕاستە لێرە دەربچێت؟ نەخێر، لەنێو هەموو شتێکدا، لەنێویدا باش هەیە، خراپ هەیە، وە ناحەز هەیە___وە هەروەها لەنێویدا بەڕاستی مەزن هەیە.

هەموو کۆمپانیایەکی شەبەکەی خستنەبازاڕ بەڕاستی پشتگیری پەروەردە ناکەن. هەندێك لەوانە بەتەنها دەربارەی جەنجاڵ بوونە: ئەوانە بەتەنها تۆیان بۆ کاری فرۆشتن دەوێت، وە بەڕاستی بایەخ بەئەوە نادەن تا دەربارەی شتێك فێری تۆ بکەن. ئەوان تەنها تۆیان دەوێت تا هاوڕێکانت و خێزانەکەت بهێنیتە نێو کارەکەوە. ئەگەر بچیتە نێو یەکێك لەم کۆمپانیایانەوە، من لەوانەیە دەربارەی بەشداری کرنم ڕاستگۆ نەبم: ئەوان بەشداری لە گەشەکردنی تۆدا ناکەن وە تا کۆتایی لە دەوری تۆ نابن.

بەڵام کۆمپانیا باشەکان لە دەرەوەی ئەوانە بەتەواوی پابەند دەبن بە پەروەردەی بازرگانیت. ئەوان بۆ ڕاکێشانێکی درێژ و شوێنێکی پێشەنگ ئەنجام دەدرێن بۆ گەشەکردنی شارەزاییەکانی خۆت و تواناکانی خۆت. کاتێك تۆ کۆمپانیایەکی لەم شێوەیە دەدۆزیتەوە، لەگەڵ سەرکردەیەك لەسەرووی تۆ ئەو سەرکردانەی تۆ قایل دەکەن تا بگۆڕێیت وە یارمەتیت دەدەن تا ببیتە کەسێکی بازرگان کە دەتوانیت ببیتە ئەو کەسە، ئەوە ئەو کۆمپانیایە کە دەبێت لەگەڵی بمێنیتەوە.

ئایا ئەم پلانی قەرەبووکردنەوەیە گرنگە؟ بە دڵنیاییەوە. کوالێتی هێڵی بەرهەمەکە گرنگە؟ بێگومان. بەڵام دوور لەهەموو ئەو شتانە، ئەوەی

کە چۆن پابەند دەبن بە بەڕاستی تەماشای دەکەم ئەو کۆمپانیایانە گەشەکردنی تۆوە تا ببێتە تاکێکی بەهێزی نێو بازنەی بی ـــ ببێتە کەسێکی بازرگانی بنیاتنانی سامانی ڕاستەقینە. ئەوە گرنگترین شتە دەربارەی شەبەکەی خستنەبازاڕ کە بوویتە بە ئەندام تێیدا: ئەوە بەڕاستی قوتابخانەی بازرگانییە بۆ خودی خۆت.

ئەگەر بەڕاستی حەز بەوە دەکەیت کە لەسەرەتای نمایشکردنەکەدا گوێبیستی بوویت، هەندێك کات وەربگرە بۆ ئەوەی بەڕاستی چاوت بەو کەسانە بکەوێت ئەوانەی پەروەردە و مەشق دەکەن.

کات وەبەربهێنە تا تەماشای قەرەبووکردنەوەکەی ڕابردوو و بەرهەمەکان بکەیت وە لەڕاستییدا بچیتە نێو دڵی کۆمپانیاکەوە: ئایا ئەو مەشقکردن و پەروەردەیە بەڕاستی بایەخداربوون بۆ تۆ؟ ئەوەش کاتێکی زیاتری دەوێت بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی بەتەنها بۆ ماوەی سی خولەك گوێ لە ئاوازی فرۆشتن بگریت، گرتەکردن بەنێو ماڵپەرێکی ڕەنگاو ڕەنگدا، وە بیستنی ئەوەی خەڵك دەوروبەری چەندێك پارە پەیدا دەکەن. بۆ دۆزینەوەی ئەوەی لەڕاستییدا پەروەردەی ئەم کۆمپانیایە تا چەندێك باشە کە لەوانەیە پێویست بێت تا لە بەڕێوەبەرایەتی دووربکەویتەوە وە تەماشای مەشقکردنەکە بکەیت، سیمیناری پەروەردەی، هەروەها ڕووداوەکان.

ئەگەر بەڕاستی حەز بەوە دەکەیت کە لەسەرەتای نمایشکردنەکەدا گوێبیستی بوویت، هەندێك کات وەربگرە بۆ ئەوەی بەڕاستی چاوت بەو کەسانە بکەوێت ئەوانەی پەروەردە و مەشق دەکەن.



Scanned by TapScanner

هەروەها بە وریایی تەماشا بکە، چونکە هەندێك لە کۆمپانیاکانی شەبەکەی خستنەبازاڕ دەڵێن کە ئێمە نایابترین پلانی پەروەردەیمان هەیە، بەلام هەموو ئەوانە ناکەن. لە هەندێك ئەو کۆمپانیایانەی کە تەماشام کردوون، تەنها مەشقکردنێك کە ئەوان هەیانە لیستێکی بەرنووکی ڕاسپێراو بوو، وە پاشان ئەوان تیشك دەخەنە سەر مەشقکردن بەتۆ تا هاوڕێکانت و خێزانەکەت ناونووس بکەیت بۆ نێو بازرگانیەکە.

کەواتە کاتەکانت وەربگرە و بەوریاییەوە تەماشا بکە، چونکە ڕێژەیەکی زۆر کەم کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ هەیە کە پەروەردەیەکی زۆر باش و پلانی مەشقکردنیان هەیە__لەڕاستییدا، هەندێك لە باشترین بازرگانیەکانی ژیانی ڕاستەقینە لە هەندێك شوێندا چاوم پێیکەوتووە.

لێرەدا هەندێك پرسیار هەیە کە دەبێت لە خۆت بپرسیت دەربارەی کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ.

- کێیە گەشتییەکە بەڕێوە دەبات؟
- ئایا کۆمپانیاکە پێشکەشکردنی پلانی کارەکە دەسەلمێنێت؟
- ئایا کۆمپانیاکە هەردوو کارامەیی بازرگانی و گەشەسەندنی کەسی لەباوەش دەگرێت هەروەك بەشێکی ئاسایی لە بەرنامەی پەروەردەکردن و مەشقکردنەکە؟
- ئایا کۆمپانیاکە بەهێزی هەیە، جۆری چاك، وە هێڵی بەرزی بەرهەمی بازاڕکردنی هەیە کە دەتوانیت بەسۆز بیت دەربارەی ئەوە؟

کێیە گەشتییەکە بەڕێوە دەبات؟

خەلکانی نەشارەزا، ئەو کەسانەی لە بازرگانیەکی نوێ نزیك دەبنەوە لەگەڵ تێڕوانینێك بۆ بازنەی نی یان بازنەی ئێس، زۆرجار تەماشای

بەرهەمی کۆمپانیاکان دەکەن، پلانێک دەدەن، یان بەرەوپێشبردنێک تا هێزی کۆمپانیاکە حوکم بدات. من هەموو ئەوانە جێدەهێڵم و ڕاستەوخۆ تەماشای یاساکان دەکەم__ خەڵکانێک کە سوکانی گەشتییەکەیان بە دەستەوەیە.

ئەوە بەرهەمەکان نییە وە پلانەکان نادات هەروەها هەموو شتێک گرنگ نییە. بەڵام هیچ کۆمپانیایەک تەواو باش نییە. کێشەکان هەمیشە ڕوودەدەن. ئەگەر تۆ کەسانی ڕاستت هەبێت کە گەشتییەکەت بەڕێوە دەبەن، پاشان چی شتێک هەڵە دەڕوات بەڕێوە، ئەوان هەمووی چارەسەر دەکەن. لەڕاستییدا، ئەگەر تۆ کەسانی زۆر باشت هەیە کە کۆمپانیاکەت بەڕێوە دەبەن، ئەوە هیچ کێشەیەک نییە کە ئەوان نەتوانن چارەسەری بکەن. بەڵام ئەگەر کەسانی هەڵە و نەزانت هەبێت لەسەر سوکانی گەشتییەکە، پاشان کاتێک کێشەکان ڕوودەدەن، ئەوە بەڕاستی هیچ شتێک نییە دەربارەی ئەوە بتوانیت بیکەیت.

ناتوانیت تەنها بە بینینی بەرگی پەرتووک داوەری بکەیت" تەماشای پشتی ڤیدیۆکان و ماڵپەرەکان بکە. تەماشای یاساکان بکە. چی پێشینەیەکیان هەیە، ئەزموونەکانیان، تۆمارەکانیان، کەسایەتیان؟ داخوا یان نا تۆ کەسایەتی ئەوان دەزانیت یان تەنانەت بەڕاستەوخۆ کاریان لەگەڵ دەکەیت، *ئەوان هاوبەشی تۆن* کە تۆ دەچیتە نێو بازرگانیەکەوە لەگەڵیان.

جۆن: شتێک دەمەوێت لێرەدا ئاڕاستەی بکەم ئەفسانەیەکە کە بەڵێندەری تامەزرۆ هەندێکجار بڵاو دەبنەوە: ئەوەش بۆ ئەوەیە تا

"پارەیەکی زۆر" پەیدا بکەیت، تۆ پێویستە "بچیتە نهۆمی ژێر زەمینی."

ئەوەش بەتەنها ڕاست نییە.

رۆبێرت: نەک ئەوەی بەتەنها ڕاست نییە، زۆر بەسادەیی ئەوە دەبەنگییە! زۆربەی ئەوانەی بازرگانی دادەمەزرێنن لە ساڵانی یەکەم یان دووەمدا شکست دەهێنن، وە ئەوەش دەمەزراندنی کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ دەگرێتەوە. بۆچی لەوانەیە بتەوێت مەترسی کاری سەخت، کات، وە وزەکانت لەلایەن وەبەرهێنانێکەوە هەموو ئەوانە بکەیت کە هێشتا ئەو کۆمپانیایە تۆمارێکی نییە؟

جۆن: ئەوانە بەهێزن، پشت بەخۆ بەستوون، باشترین کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازارن کە تەمەنیان سێ ساڵ، وە هەندێک لەوانە تەمەنیان سی ساڵ دەبێت. ئەوە ڕاستە کە شتێکی سەرنجڕاکێش هەیە و چالاکی دەکات بۆ بوون بە بەشێك لە شتێکدا کە هێشتا گەنجە و لەسەرەتای پێگەیشتندایە. بەڵام هەروەها زۆر توانا و متمانە هەیە کە لەگەڵ ئەوانەدا دێت بۆ ئەوەی بچێتەپاڵ کۆمپانیایەك کە ئەو کۆمپانیایە لەبازرگانیدایە بۆ ماوەی دە ساڵ.

لەوانەیە من ئاگاداریی چاوەڕوانکراو و ڕاهێنان بکەم دەربارەی ئەنجامدانی کارێك لەگەڵ کۆمپانیایەکدا کە بەزەحمەت دەرگاکانی کردووەتەوە. هێشتا، تەنانەت لێرەدا، بەلاڕێدا بردن هەیە" لەوانەیە تۆ کۆمپانیایەکی نوێ بدۆزیتەوە کە بەتەنها دەست پێدەکات، هێشتا ئەو کۆمپانیایە بڕوانامەیەکی بەهێزی هەیە کە ئەوە تێڕامانێکی شایستەی زۆر باشی دەوێت.

مەبەستەکە لێرەدا، هەوڵی چاوەڕوانکراو بدە: ئەوە بدۆزەرەوە کە تەماشای چی دەکەیت و لەگەڵ کێ دەچیتە نێو بازرگانییەوە.

گێل مەبە بەهۆی کەسانی ترەوە کە پێت دەڵێن فیڵی بوون بە دەوڵەمەند لەگەڵ کۆمپانیایەکی نوێدا، یان کۆمپانیایەکی تەمەن پێنج ساڵدا، یان کۆمپانیایەکی تەمەن سی و پێنج ساڵدا. ئەوە هیچ "فێڵێك" نییە. ئەوە هیچ هاوکێشەیەکی جادوویی نییە. تۆ چیت دەوێت کۆمپانیایەکت دەوێت کە دەزانێت چی دەکات و نیشانەیەکی پاکت پێدەدات کە دەتوانیت لەوێ بیت بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ.

***ئایا کۆمپانیاکە پێشکەشکردنی پلانی کارەکە دەسەلمێنێت؟***

جۆن: براوەترین و پشت بەخۆبەستووترین دەرفەتی شەبەکەی خستنەبازاڕ چاوەڕوانی تۆ ناکات داهێنان بە چەرخەکەتدا بکەیت. لەجیاتی ئەوە، ئەوان پلانی کارەکانت پێشکەش دەکەن بۆ یارمەتیدانی تۆ تا سەرکەوتن دروست بکەیت لە داهاتوودا. بۆ نموونە، ئەوان ڕێیەری مەشقکردنیان هەیە لەگەڵ پێشنیارکردنی چالاکی ڕۆژانە یاخود هەفتانە.

هەندێك کۆمپانیا ماڵپەڕێکی خاوەن بازرگانی تایبەت دروستکراو بۆ کەسێك پێشکەش دەکەن بۆ هاوکاریکردن تا بەرهەمێکی باش پەروەردە بکات هەروەها دەرفەتەکانیش. یەکەمین وانە، ئامرازەکانی نمایشی پیشەگەر وەکو سیدی، دیڤیدی، بەرنامەکان، وە ماددەکانی چاپکردن دەبوونە پێوانەیەکی کرێ بۆ جۆرێك لە سندووقی ئامرازەکانی شەبەکەی خستنەبازاڕ.

*ئایا کۆمپانیاکە هەردوو کارامەیی بازرگانی و گەشەسەندنی کەسی لەباوەش دەگرێت هەروەک بەشێکی ئاسایی لە بەرنامەی پەروەردەکردن و مەشقکردنەکە؟*

من ئەوەم زۆر بەجوانی روونکردەوە کە پەروەردە و مەشقکردنەکەم هەلگرتبوو تۆش هەروەکو بەهای یەکەمی ئەزموونی شەبەکەی خستنەبازاڕ وەرتگرت، تەنانەت زۆر زیاتر لە جۆگەی داهاتەکە بنیات دەنێیت. کەواتە دڵنیابە کە ئەوە لەوێیە.

دڵنیابەرەوە لە کۆمپانیاکەت کەلە سەرەتای مەشقەکاندا شوێنێکی بەرزە بەهای بەدەست هێناوە، لە هەردووکیاندا لە کارامەییەکانی بازرگانی و هەروەها گەشەکردنی کەسایەتی و گەشەکردنی تاکە کەسی. بۆ دەیان ساڵە، سەرکردەکان لەنێو پیشەسازیدا ئەوە دەزانن کە ئەوە دەدات بۆ خەلکەکانیان تا بیرۆکەی ڕێجیمێکی جێگیری مەزن و ماددەی پەروەردەی دەستەبەر بکات. لە ڕۆژانی زوودا، ئەوانە پەرتووک و دەنگ هەلگر بوون. لە سەدەی بیست و یەکدا، ئەوانە سیدی، دیڤیدی، بەرنامەکان، بەرنامەی کۆنفرانسەکان بەشێوەی ڕاستەوخۆ، چاوپێکەوتنەوە بەلێ، پەرتووکەکان. پەرتووکەکان هەرگیز لە شێوازەکەی خۆی دەرناچێت!

جۆن: وە ڕووداوە ڕاستەوخۆکان، هەروەها. تەنانەت لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا، شتێکی زۆر بەهێز هەیە دەربارەی پێشکەشکردنی ڕووداوێکی ڕاستەوخۆ بەشێوەیەکی جەستەیی سەرکەوتوو.

لەم ڕۆژانەدا، بازرگانی ڕۆژانەی بنیاتنانی شەبەکەیەک بەشێوەیەکی نموونەیی پەیوەستکراوە بە تەلەفۆن و تەکنەلۆژیاوە وەک ئەوەی

پەیوەستکرا بێت بە چاوپێکەوتنی ڕوویەڕووەوە. بەڵام هێشتا دەتوانیت کۆمپانیایەکی باشتر بدۆزیتەوە کە هەموو ساڵێك بایەخێکی زیاتر دەدەن، نیووساڵ، چارەکێك، هەروەها/یان ڕووداوەکانی مانگانە. بۆچی؟ بۆ پەروەدەکەیان، مەشقکردنەکەیان، وە گەشەکردنی بەهای تاکە کەسی.

وە بە تێپەڕبوونی کات، ئەوە تەنها کۆمپانیایەکی شەبەکەی خستنەبازاڕ نییە کە کۆمپانیایەك بێت بەشداری لە مەشقکردن و پەروەردەدا بکات.

تۆ پلەبەندییەکی تەواوی خەڵکت هەیە__لە خەڵکانێکەوە ئەوانەی کە ڕاستەوخۆ ناونووست دەکەن بۆ نێو بازرگانیەکە (زۆربەی کات پێی دەڵێن "خەرجیدەر") بەناوی ئەو خەرجیدەرەوە هەموو ڕێگاکانی سەرەوە زنجیرەیی سەرپەرشتی دەکرێن (هێڵی کاری خۆت)، هەموو ڕێگاکان بۆ کۆمپانیاکە خۆیان فەرمانبەرن__وە هەموو ئەوانە بەپێی یاسا دیاریکراوە و ئارەزوومەندیان هەیە بۆ بینینی گەشە سەندنت، فێربیە، وە سەرکەوتوو ببە.

یەکێك لە جوانیەکانی سیستەمی شەبەکەی خستنەبازاڕ ئەوەیە کە بەتەواوی پێچەوانەی ژینگەی کۆمپانیای سەگ خواردی سەگ (بەمانای ئەوە دێت هەر کەسێك لەنێو کارەکەدا هەوڵی بەرژەوەندییەکانی خۆی بدات و سەرجەم ئەوانی تر وەلاوە بنێت) دانراوە، کاتێك تەنانەت باشترین هاوڕێت لەوانەیە بەسەر تۆدا سەربکەوێت بۆ ئەوەی بچێتە پلەی داماتووی سەر پەیژەکە.

لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا، جۆری پێشبڕکێی پیاوکوژ ڕوونادات، بەسادەیی چونکە خەرجییەکانت و هێڵی کارەکەت پشت بەستووە

بەسەرکەوتنەکانی خۆت. خەڵکەکە ئەوانەی کە لەگەشەکردنی تۆ قازانج دەکات دەیانەوێت تۆ گەشە بکەیت!

*ئایا کۆمپانیاکە بەهێزی هەیە، جۆری چاك، وە هێڵی بەزری بەرهەمی بازارکردنی هەیە کە دەتوانیت بەسۆز بیت دەربارەی ئەوە؟*

تەنانەت ئەگەر ئەوە تیراژمانی ژمارە یەك بێت، پێکەشکردنی بەرهەمی کۆمپانیاکان زۆر گرنگە. بۆچی؟ لەبەر تەنها یەك وشە: *ویزەهاتن.*
کۆمپانیاکانی شەبەکەی خستنەبازار بەشێوەیەکی نموونەیی زۆر ماس-میدیا (ڕێکلام) ناکەن. زۆرجار تەختەی ئاگاداری یان ڕێکلامی تەلەفزیۆن بۆ ئەو بەرهەمانە نابینیت. بۆچی نا؟ چونکە ئەوان بەتەواوی مۆدێلێکی بەرەوپێشبردنی جیاواز بەکار دەهێنن. لەجیاتی ئەوەی بودجەیەکی گەورە تەرخان بکەن بۆ ڕێکلامکردن لە ماس-میدیا، ئەوان بودجەی گەورە بۆ ڕێکلامکردن دەخەنە بەردەستی کەسانی وەك تۆ.
جۆن: دڵی گەشەکردنی شەبەکەیەك وشەکانی سەر زمانە__کەسانی تایبەت بە کەسانی تر دەڵێن دەربارەی بەرهەمەکانیان یان خزمەت گوزارییەکانیان و دەرفەتەکانیان بۆ ئەو کەسانەی دەبنە بەشێك لە کۆمپانیاکە.
چونکە لەبەر ئەوە، بەرهەمەکان و خزمەت گوزارییەکان بەشێوەیەکی نموونەیی بەڕاستی کاری باش دەکەن لەنێو مۆدێلی شەبەکەی خستنەبازاردا ئەوانەن کە خەڵك دەربارەیان سەرسام بوونە، ئەوانەن کە چیرۆکی گەورەیان هەیە بۆیان، ئەوانەن کە پێکهاتەیەکی هەست بزواندن یان مێژوویەکی بێهاوتایان هەیە، ئەوانەن کە بەکاربەرەکە بەتایبەتی

سوودی بەهێز دەستەبەر دەکەن، یان ئەوانەی کە یەکەم جۆرن__بەرهەمەکان یان خزمەت گوزارییەکان کە چیرۆکێکی هاوبەشت پێدەڵێن.

لە وشەکەوە: *ویزەهاتن.*

ئێستا من بەهەڵەدا مەیە: من دەربارەی هەراو گازاندەیەك قسە ناکەم. من دەربارەی چۆنییەتی و سیفەتی ڕاستەقینە قسە دەکەم. بەرهەمەکانت دەبنە مامەڵەیەکی ڕاستەقینە.

کە دەڵێن، ئەوە گرنگە لەبیرت بێت کە هیچ یەکێك لە بەرهەمەکان "باشترین" نییە. ژوورێك هەیە بۆ هەزاران لە باشترین بەرهەمەکان و خزمەت گوزارییەکان. بۆ هەندێك درێژکردنەوە، هەڵبژاردنی باشترین بەرهەم شتێکی کرداری زۆر گەورەیە. هەندێك خەڵك نزیکایەتیەکی بەهێزیان هەیە بۆ میهرەبانی بەرهەمەکان، دەڵێن، یان خۆراك پێدان، یان تەکنەلۆجیا.

ئایا لەوێ بازارکردنێکی بەهێز هەیە بۆ بەرهەمەکان؟ ئایا شتێك هەیە کە بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵك بپارێتەوە؟ ئایا ئەوا بە پێشبڕکێیەکی بەنرخ دانرا؟

ئایا بڕوات بە بەهای بەرهەمەکان هەیە، وە بە تایبەتی خۆت بەکاری دەهێنیت؟ ئایا ئەوە چیرۆکێکی گەورەی هەیە بۆ باسکردن؟ کاتێك سۆزێکی ڕاستەقینەت هەیە دەربارەی بەرهەمەکە ئەوە لەگەڵ ئەوانی تر هاوبەشی پێدەکەیت، ئەگەرێکی زیاتر دەبێت کە هەستی ئەوان دەربارەی ئەوە بجوولێنیت، هەروەها.

# بەندی نۆزدەیەم
# ئەو چی دەبات

کەواتە ئایا چی دەبەیت بۆ بنیاتنانی بازرگانییەکی سەرکەوتووی شەبەکەی خستنەبازاڕ بۆ خودی خۆت؟ یەکەم، با تەماشایەك بکەین کە ئەوە چی *شتێك نابات*.

***پێویست بە ئم بی ئەی نییە یان پێشینەیەکی بەهێزی بازرگانی***

وشەی *لەبەرگرتنەوە* لەبیرت بێت. پلانێك کە بەشێوەیەکی باش کار دەکات لە بازاڕکردندا ئەوانەن کە باشترین *لەبەرگرتنەوەی* دەکەن. شەبەکەی خستنەبازاڕ بۆ مۆدێلی بازرگانی بازنەی بیبە ئەوەی هێنری فۆرد کردی لە پیشەسازی ئۆتۆمبێلدا: ئەو کردارەکە کەم دەکاتەوە بۆ بەشەکانی پێکهاتەکە کە دەتوانن بەرهەمەکانی ماس بین. جۆن: بازرگانیەکی سەرکەوتووی شەبەکەی خستنەبازاڕ شاکارێکی کاری دەستی نییە کە بەکارامەییەکانی هەردوو دەستت دروستکرابێت. ئەوە لەلایەن هەزاران دەستەوە سیمفۆنێکی سادەی دروستکرد.

***پێویست ناکات ببیتە "فرۆشیارێکی گەورە"***

دووبارە، یەکێك لەگەورەترین خراپ تێگەیشتنەکان کە خەڵك ئەوانەی بەڕاستی لەشەبەکەی خستنەبازاڕدا نین زۆرجار ئەو خراپ تێگەیشتنەیان

هەیە دەربارەی بازرگانیەکە ئەوەیە کە پێویستە ببێتە "فرۆشیارێکی لەدایك بوو" بۆ ئەوەی لێرە سەرکەوتوو بێت.

هیچ شتێك ناتوانێت لەڕاستییەوە دوور بێت. لەڕاستییدا، هەلگرتنی ئەو بیرۆکەیە ئازارت دەدات لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا. بۆچی؟ چونکە "باشترین فرۆشیار" جۆرێکن ناتوانن خۆیان لەبەر بگرنەوە.

جۆن: لەبیرت بێت، ئەوە یاسایەك نییە بۆ بازرگانێکی فرۆشیار، بەڵکو ئەوە فێرکردنە، بنیاتنانی گروپە، وە بازرگانی سەرکردایەتیە. کارەکەی تۆ فرۆشتنی زۆرترین بەرهەم نییە، وە تەنانەت فێرکردنی زۆرترین کەس نییە بۆ ئەوەی زۆرترین بەرهەم بفرۆشن. ئەوە بۆ ڕابەریکردنە، گۆڕانکارییە، وە بنیاتنانی خەڵکە. ئەوە یەکەمە و پێشەنگە بۆ بنیاتنانی شەبەکەیەك.

ڕۆبێرت: *دروستکردنی فرۆشتن مەبەستەکە نییە" بنیاتنانی شەبەکە مەبەستەکەیە.*

جۆن: بەتەواوی ڕاستە.

***پێویست ناکات دەستبەرداری کارەکەت ببیت!***

لەڕاستییدا، ئەوە زەبرێکی پەسەند نییە دەستبەرداری کارەکەت ببیت کاتێك دەست بەکارەکە دەکەیت. بۆ یەك شت، بنیاتنانی بازرگانی خۆت وەکو دەستکردن بەکارێکی نوێ نییە، ئەو شوێنەی دەست دەکەیت بە وەرگرتنی مووچەیەك ئەو ساتەیە کە بۆ کارەکە خۆت نیشان دەدەیت. ئەوەش کاتی دەوێت تا شەبەکەکەت بنیات بنێیت. کاتی پێبدە.

جۆن: وە بەتەنها بۆ هۆکاری دارایی نا. تەنانەت ئەگەر بتوانیت توانای کڕینت هەبێت بۆ دەستبەردار بوون لە کارەکە، ژمارەیەك لەوانەی لە شەبەکەدا کار دەکەن و نوێن دەدۆزیتەوە کە هەر ئەوان بازرگانیەکەیان دەستکەوت دەڕۆن و جێیدەهێڵن، خۆبەستنەوە لەگەڵ ئەوانەی هاوەڵی کارن دەتوانن خزمەت بکەن هەروەك سەرچاوەیەك بۆ هاوکاری هاوبەشەکان یان بۆ هاوکاری چاوەڕوانکراوی هاوبەشەکان.

ڕێژەیەکی زۆریان بۆ بنیاتنانی شەبەکەی خستنەبازاڕ بازرگانی نیو دەوام بنیات دەنێن. ڕوومالّی هێزی فرۆشی نەتەوەیی ٢٠٠٨ ئەنجامدرا لەلایەن کۆمەڵەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆ دەریخست کە تەنها یەك لە هەشتی شەبەکەی خستنەبازاڕەکان بیست و چوار کاژێر یان لە هەفتەیەکدا زیاتر کار دەکەن لە بازرگانیەکەیاندا.

*پێویست ناکات دەوڵەمەند ببیت یان ڕەمنی دووەم دەربهێنیت لە ماڵەکەت*

زۆربەی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ لەڕاستییدا کەمتر لە ٥٠٠ دۆلار تێچووەکەیاتی. دەربارەی ئەوە هەڵە مەکە: ئەو بڕە پارەیەی پاشەکەوتی دەکەیت دەبێتە هۆی دادپەروەری و سۆزداری. وەبەرهێنانی سەرەکی بۆ زۆربەی خاوەن بازرگانیەکان وەبەرهێنانی خودی خۆیە، لە شێوەی کات، بایەخدان، و بەردەوامی. بەڵام پێویست ناکات پاشەکەوتێکی زۆرت هەبێت تا بتوانیت دەست پێبکەیت.

جۆن: هێشتا، بەتەنها لەبەر ئەوەی وەبەرهێنانی سەرمایە لە ئاستێکی نزمدایە مانای ئەوە نییە بوونی نەبێت. ئەوە بازرگانییە، وە تۆش

پێویسته دامەزراندن بکەیت هەروەکو بازرگانیەك. وه ئەوەش مانای ئەوەیە مانگانە دەبێت بەکارخستنی خەرجیت هەبێت.
بەشێوەیەکی نموونەیی، بودجەی مانگانەت زۆر بێفیز دەبێت: دابینکردنی مانگانەی وەرگرتنی نموونەی بەرهەمەکە، وه تێچووی پەیوەندییەکان و ئامرازەکانی نمایشکردن، هەروەك ئەوانەی لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد (سیدی، دیڤیدی، ماڵپەڕ، هتد.) هەروەها گەشەکردنی بازرگانی بەردەوام و گەشەکردنی ماددەکانی تاکە کەس.
کەواتە، نەخێر، تۆ پێویستت بە کۆڵەکەیەك لە داهات نییە بۆ دەست پێکردن، بەڵام بۆ خەرجی مانگانە پێویستت بە بودجەیەکی گونجاو دەبێت.

***پێویست ناکات کە کەسێکی بەهرەمەند بیت لە دانوستان یان لاوێکی بلیمەت بیت لە ژمارە***

ئارەزوویەکی سووتاندن و سووربوونت پێویستە دەبێت کە لەلایەن ژەمێکی بەهێزی سۆزدارییەوە هاندرابێت.
"پێویستە ئەو کارەی دەیکەیت خۆشت بوێت،" هاوڕێکەم دۆناڵد ترەمپ وایگوت. "بەبێ هیچ سۆزێك، هاتنی سەرکەوتنێکی گەورە زۆر سەخت دەبێت. هەروەك بەڵێندەرێك، کاتی سەخت و دژوارت دەبێت ئەگەر سۆزت نەبێت دەربارەی ئەو کارەی دەیکەیت."
هەموو ئەوانە هەندێك لەو شتانە بوون کە وەرناگرن بۆ بنیاتنانی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ. ئێستا با تەماشایەکی ئەو شتانە بکەین کە وەردەگرن.

*ئەوە ڕاستگۆیی دەبات لەگەڵ خۆتدا*

بنیاتنانی بازرگانی لە بازنەی بیدا کارێکی ئاسان نییە. پێویستە لەخۆت بپرسیت،" ئایا ئەوەم هەیە کە وەرمگرتووە؟ ئایا ڕازیم تا لەناوچەی ئاسوودەیی خۆم بپەڕێمەوە؟ ئایا من ڕازیم تا ڕابەری بکەم هەروەها فێرببم تا ڕابەری بکەم؟ ئایا لەنێو مندا کەسێکی دەوڵەمەند هەیە، ئامادەیە بێتە دەرەوە؟ ئەگەر وەڵامەکەت "بەڵێ،" بوو پاشان دەست بکە بەگەڕان بۆ بازرگانیەکی شەبەکەی خستنەبازاڕ کە بەرنامەیەکی گەورەی مەشقکردنی هەیە.

جۆن: من دەمەوێت ئەمەش زیاد بکەم: دڵنیابەرەوە لەڕوونی ئەو شوێنەی تۆی لێیت وە ئەو شتەی لەوانەیە حەز بکەیت بیهێنیتە نێو ژیانت. هەبوونی خەونێك بۆ ئەو شتانەی لەوانەیە حەز بکەیت بیهێنیتە نێو ژیانت.

پاشان، بەردەوامبە لەسەر پێشبینییە ڕوونەکانت. بەردەوامبە لەسەر ڕوونی شت وەرگرتنەکانت، بەگوێرەی کات لەهەر هەفتەیەکدا دادەنێیت، هەروەها پارە، کارامەیی، وە سەرچاوەکان. بەردەوامبە لەسەر ڕوونی ئەو کارەی پێویستە وەریبگریت بۆ دروستکردنی بازرگانیەکی سەرکەوتوو. لەسەر چوارچێوەیەکی کاتی ڕاستەقینە بەردەوامبە بەشێوەیەکی ڕوون.

لەنێو ئەو پەرتووکەی لەگەڵ دۆناڵد ترەمپ نووسیوومە، *بۆچی ئێمە دەمانەوێت تۆ دەوڵەمەند ببیت*، دۆناڵد نووسیوویەتی:

"شەبەکەی خستنەبازاڕ ڕۆحێکی بەڵێندەرایەتی داوا دەکات، وە ئەوەش مانای ئەوەیە کە بایەخ بدەیت و کۆڵنەدەیت. من پێشنیاری شەبەکەی

خستنەبازاڕ بۆ خەڵك ناکەم بۆ ئەو کەسانەی هاندانێکی بەرزیان هەیە لەناخی خۆیاندا."

دۆناڵد بەتەواوی ڕاستە.

*ئەوە هەڵوێستێکی ڕاست دەبات*

بۆ من، بوون بە بەڵێندەر کردارێکی بەردەوامە، یەکێك لەوانە هێشتا بەشداری دەکەم تێیدا. بڕوام وایە دەتوانم ببمە بەڵێندەری مەشقکردنەکان هەتا کۆتایی. بازرگانیم خۆشدەوێت، وە چارەسەرکردنی کێشەکانی بازرگانیم خۆشدەوێت. ئەوە کردارێکە کە منی بۆ ئەم جۆرە ژیانە هێناوە ژیانێك کە خۆم دەمەوێت. کەواتە، هەرچەندە کردارەکە بۆ من سەخت بوو لەو کاتەدا، ئەوە بەهایەکی هەبوو.

یەکێك بیرکردنەوەی منی هێشتۆتەوە لەسەر ڕۆیشتن" درەوشانەوەی من بووە لە تاریکیدا، تەنانەت لە تاریکترین کاتژمێرەکاندا. پارچە کاغەزێکی بچووکی بەختی چینیم هەبوو زەنگێگ لێیدا بۆ بنکەی نووسینگەکە لە کۆمپانیای شەپۆلی گیرفانی خۆماندا کە خوێندیەوە:

*تۆ هەمیشە دەتوانیت واز بهێنیت. بۆچی ئێستا دەست پێدەکەیت؟*

زۆر ژمارەی تەلەفۆن هەبوو بانگی دەکردم کە دەبوایە هەڵیبگرم و ڕەفتاری لەگەڵ بکەم وەك لەوەی واز لە هۆکارەکان بهێنم. هێشتا، لەدوای هەڵگرتنی تەلەفۆنەکان، لەوانەبوو سەرنج بدەم لە وشەی دانایی بۆ کاغەزی بەخت و بەخۆم بڵێم، "هەروەها دەمەوێت واز بهێنم، نامەوێت ئەمڕۆ واز بهێنم. سبەینێ واز دەهێنم."

شتە باشەکە ئەوەیە، سبەینێ هەرگیز نایەت.

باوکی دەوڵەمەندم هەموو جارێك دەیگووت ئەگەر بوون بە دەوڵەمەند ئاسان بووەیە، هەموو کەسێك لەوانە بوو دەوڵەمەند بێت. لەبەر ئەوەیە، کاتێك خەڵك پرسیار دەکات کە شتی ژمارە یەك چییە کە ڕێگەم پێدەدات ببمە کەسێکی دەوڵەمەند، دەڵێم کە هیچ کەسێکم ناوێت پێم بڵێت چی بکەم و چی نەکەم. من ئازادی خۆمم دەوێت زۆر بەخراپی. من ئاسایشی کارم ناوێت. من ئازادی داراییم دەوێت. وە ئەوەش ئەو شتەیە کە شەبەکەی خستنەبازاڕ پێشکەشی دەکات.

ئەگەر حەز دەکەیت کەسێك پێت بڵێت دەتوانیت چەندێك بکەیت و چی کاتێك پێویستە بێیت و کەی دەتوانیت کارەکە جێبهێڵیت، کەواتە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ بۆ کەسێکی وەکو تۆ نییە.

*ئەگەشەکردنێکی ڕاستی دەبات*

بازرگانی شەبەکەیەکی خستنەبازاڕ دەتوانێت بازرگانیەکی نێو بازنەی بی بێت. بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە پێویستە بەم شێوەیە بێت. ئەوە کەوتۆتە سەر تۆ.

شەبەکەی خستنەبازاڕ باشترین ئۆتۆمبێلە بۆ خەڵك بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێت بچنە نێو جیهانی بازنەی بیەوە. لەکاتێکدا توانای شاراوەی داهاتت لەنێو بازنەی ئی و بازنەی ئێس بەشێوەیەکی نموونەیی سنووردارە بۆ چەند *تاکێك دەتوانێت بەرهەم بهێنێت*. لەشەبەکەی خستنەبازاڕدا، دەتوانیت زیاتر لە داهاتی شەبەکەکەت بەدەست بهێنیت. ئەوەش مانای ئەوەیە، لەکاتێکدا شەبەکەیەکی زۆر گەورە بنیات دەنێیت، دەتوانیت بڕێکی زۆری پارە پەیدا بکەیت.

هەرچۆنێك بێت، بەسادەیی بەشداریکردن لە کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ نابێتە هۆی مەترسییەکی نوێ بۆ بازرگانی بازنەی بی__نەخێر هەتاوەکو ئەوە بەڕاستی گەورە دەبێت.

جۆن: ناساندنێکی تەکنیکی بۆ "گەورە بازرگان" یەکێکە کە ٥٠٠ کەس یان زیاتری تێدایە. دووبارە، ئەو ٥٠٠ کەسە عادەتەن پێیان دەڵێن "فەرمانبەر،" بەڵام مەبەستەکە ئەو ژمارەیە کە بەشداری تێدا دەکەن. کاتێك شەبەکەیەك بنیات دەنێیت لە ٥٠٠ نوێنەر یان زیاتری سەربەخۆ، ئەوەی تۆ بەدڵنیایی هەتە ناساندنێکی گەورەیە، یان بازنەی بییە، بازرگانی. وە سیستەمی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ بەشێوەیەك فراوانکراوە و دانراوە کە بۆ زیاتر لە ٥٠٠ کەس بێت. ئەوە شتێکی باوە بۆ تاکە کەسێك کە شەبەکەکە وارێکخراوە تا گەشە بسێنێت بۆ چەند هەزار کەسێك یان تەنانەت زیاتر لە دەیان هەزار کەس. وە ئەوە نائاسایی نییە کە ببینیت ڕێکخراوی شەبەکەکە بەسەدان هەزار پەیوەندی دەبەستێت.

تازە هاتووەکان بۆ نێو بازرگانی شەبەکە زۆرجاری هەڵەی مامەڵەکردن دەکەن لەگەڵ داهاتی شەبەکەکەدا "پارەی ئازاد" هەروەك بێچووی باڵندەیەك کە هیچ نازانن__لەپاش بەکارهێنانی یەك ڕۆژ بەئاسانی داهات بەدەست دەهێنیت. بەڵام کاتێك بەتەنها ٥، ١٠، ٥٠، یان تەنانەت ١٠٠ یان ٢٠٠ کەس لەنێو شەبەکەدان، بازرگانییە نوێکەت هێشتا گەڵێك نەدە بۆ قۆناغەکانی پێکهێنانی کەسێتی. ئەوە هێشتا *بازرگانییەکی* گەورە نییە.

دواجار شەبەکەکەت گەشە دەکات بۆ زیاتر لە ٥٠٠ کەس وە پاشان دەچێت بۆ هەزاران کەس، ئەوەی تۆ بازرگانیەکی ڕاستەقینەی بازنەی بیە کە داهاتێکی ئەرێنی ڕاستەقینەت پێدەدات. ئەوەش بەتەنها شەبەکەیەکی درێژخایەن نییە" ئەوە داهاتێکی سامانی ڕاستەقینەیە.

بەلام ئەوە مانای ئەوەیە کە ئەو ڕێگایەی کاتێك لەگەڵ کۆمپانیایەکدا بەشداری پێدەکەیت لەسەر ئەو مەبەستەیە کە تۆ بگەیت بە ٥٠٠ کەس زیاتر لەکۆی بازرگانیەکە بۆ قۆناغەکانی پێکهێنانی کەسێتی، کاتێك کە بناغاکەت دادەنێیت. تێڕوانینەکانت بپارێزە و بیهێڵەوە. چاوەکانت بپارێزە و بیهێڵەوە لەسەر ئامانجە ڕاستەقینەکە: بنیاتنانی سامان.

### *ئەوە کاتی دەوێت*

ئەگەر بیرۆکەیەکت هەیە کە دەتوانیت دەست بکەیت بە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ وە پێشبینی دەکەیت بەڕێگەیەکی ڕاست و دروست پارە پەیدا بکەیت، کەواتە هێشتا تۆ وەکو کەسێك بیردەکەیتەوە کە لەنێو بازنەی ئی یان بازنەی ئێسدا دەژی. لەڕاستییدا، ئەو کەسانەی لەنێو بازنەی ئی و بازنەی ئێسدان زۆرجار بەکاردەهێنرێن بۆ بەرنامەی دەستکەوتن و خێرا دەوڵەمەند بوون و ساختەکاری لە ژیاندا.

جۆن: بەهیچ شێوەیەك شتێکی وەکو ئەوە نییە ناوی ڕێگایەك بێت بۆ خێرا دەوڵەمەند بوون لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا. لە کاتێکدا چالاکیەکانی بازرگانی سادەن، ئەوان کات و ئەرکیان دەوێت، بناغەی داهاتی ناچالاك.

دی ئێس ئەی ئەوە دەڵێت، بەرێژەیی، یەك لە دەی پەیوەندییەکان دەڵێن "بەڵێ" بۆ هەبوونی دەرفەت. هەرچۆنێك بێت، ئەم ژمارەیە باشتر دەبێت لەگەڵ ئاستی ئەزموونی خاوەن بازرگانییەکان. لە بیرت بێت، ئەو ژمارەیە قەبارەیەکی ڕاست دەگرێت. هەرچەندە لەوانە نییە ئەو تێکڕایە بدۆزیتەوە تەنها بۆ ١٠ پەیوەندی، ئەوە دەدۆزیتەوە و ڕاست دەبێت بۆ ١٠٠ پەیوەندی.

لە ماوەی چەندساڵێکدا، هەندێك خەڵك هەبوون لەوێ کە بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕیان بەرەو پێشبردووە هەروەکو جۆرێك لە "ڕێگای خێرا" بۆ سامان. بێگومان، ئەوە بەتەواوی هیچ هەستێکی تێدا نییە. خەڵك لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا ئەو کەسانەی کە کارامەیی سەرکردایەتیان گەشە پێداوە، بازرگانییەکانیان بنیاتناوە، وە سامانێکی ڕاستەقینەیان گەشە پێداوە کە ماوەیەکی درێژی ویستووە، ساڵانێکی سەخت بۆ کردنی ئەو کارانە.

کەواتە گەمژە مەبە ئەگەر گوێت لە کەسێك بوو هەوڵیدەدا پێت بڵێت کە تۆ پێویستە بەخێرایی ئەنجامەکان ببینیت. ئەوە فێڵێك لە فێڵەکان نییە یان شەش مانگ، بە بەخت و خۆشییەوە بگونجێن: ئەوە بازرگانییەکی زۆر بەوزەیە. ئەوە ژیانی تۆیە کە ئێمە لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین.

لە جیهانی ڕاستەقینەی بازرگانیدا، ئەگەر ناتوانیت دەست بکەیت بە بەرهەمهێنانی بازرگانی لە ماوەی سێ بۆ شەش مانگدا، ئەوە تۆ سووتاویت. لەبەرگرتنەوە (استنساخ) کەمێك بەخشندەتر بوو: ئەوان ساڵێکیان بە من بەخشی بۆ فێربوون وە ساڵێك بۆ چاودێری. ئەگەر من ئەو دوو ساڵەم نەبووەیە، ئەوە لەوانە بوو من بسووتامایە.

بارودۆخی تۆ جیاوازە: کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازارەکەت نابێتە هۆی سووتانی تۆ__ کەواتە تۆ خۆت مەسووتێنە. چەند مانگێك یان ساڵێك مەدە بە ئەرکەکان وە پاشان بڵەیت، "ئۆە باشە، من پێشبینی ئەوە دەکەم مەشقم نەکرد." کاتی پێبدە پێویستی پێیەتی.

رۆبێرت: جۆن، کاتێك بەخەڵك دەڵێم، "کاتی پێبدە،" هەموو جارێك پرسیارەکەم دەست دەکەوێت، "باشە__ چەندێك کات؟" دەتەوێت چۆن وەڵامی ئەم پرسیارە بدەیتەوە؟

جۆن: دەڵێم پێنج ساڵی پێبدە.

رۆبێرت: ئەوەش بەتەواوی هەمان وەڵامە کە من پێمدان! لەڕاستییدا، ئەوە هەمان شتە بۆ بنیاتنانی هەر جۆرێکی بازرگانی__ من پێی دەڵێم "پلانی پێنج ساڵیم."

*پلانی پێنج ساڵی*

ئەگەر زۆر بەوزە بیت دەربارەی دەستکردن بە گەشتکردنەکەت، من پێشنیاری لانیکەم پێنج ساڵی فێربوون دەکەم، گەورە بوون، گۆڕینی بەهای ناوکەکەت، وە چاوپێکەوتن لەگەڵ هاوڕێی نوێ. بۆچی؟ *لەبەر ئەوەی ئەوە ڕاستەقینەیە.*

ئەوە ساڵێکی ویست بۆ هۆورد شوولتس بۆ بنیاتنانی ستاربووکس، بۆ ڕای کرۆك تا بنیاتی ماکدۆناڵد بنێت، وە بۆ مایکڵ دێڵ تا کۆمپانیای دێلی بنیاتنا. ئەوە کاتی دەوێت بۆ ئەوەی کۆمپانیای گەورە بنیات بنێیت و سەرکردەی گەورەی بازرگانی بنیات بنێیت. ئەوە بۆ منیش ساڵێکی ویست بۆ بنیاتنانی بازرگانیەکەم لەنێو بازنەی بیدا. ئەوە ساڵێکی دەوێت

بۆ ئەوەی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازاڕ بنیات بنێیت. بۆچی هەریەك لەوانە دەبێت جیاواز بێت؟

زۆربەی خەڵك بیر لە چەمکی ساڵ ناکەنەوە" مەشق پێکردن لەلایەن ڕێکلام کردنەوە و بەهای مووچە بە مووچە بۆ بازنەی ئی، ئەوان لە چەمکی دەستبەجێ تێرکردن بیر دەکەنەوە. ئەوە هیچ سەر سووڕمانێکی دەوێت کە زۆربەری خەڵك، کاتێك بۆ یەکەمینجار بڕیار دەدەن پەنجەکانی پێیان بخەنە نێو جیهانی بییەوە، ئایا ئەوەندە کارتێکەرە بۆ بیرۆکەی "خێرا دەوڵەمەند بوون"؟

"هەفتەیەك پێش ئێستا واژوومکرد. کاتێك دەمەوێت دەست بکەم بە پەیداکردنی پارەیەکی زۆر؟"

خەڵك، *خێرا دەوڵەمەند بوون* دوو وشەی دژبەیەکە. پەیوەندی دەوڵەمەند بوون بەخێرایی ڕوونادات" دەوڵەمەندترین ڕۆمانی خەڵات بەدەستهێنراو هەرگیز لە نیوەشەودا نانووسرێت. دروستکردنی دەوڵەمەندی، بە ئاساندن، بە دابینکردنی کات، وە ئەمەیە ڕاستی دەوڵەمەندی دارایی بەهەمان شێوەی جۆرەکانی دیکە. لەبەر ئەوەیە کە ڕێژەیەکی کەمی خەڵك لەنێو بازنەی بیدان. زۆربەی خەڵك پارەیان دەوێت بەڵام بێ ئارەزوون بۆ ئەوەی کاتەکانیان وەبەربهێنن.

دە هەزار کاتژمێر: بیرکارییانە با بیکەین. ئەگەر لە ڕۆژێکدا هەشت کاتژمێر کار بکەیت، پێنج ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، ئەوە ١٠،٠٠٠ کاتژمێر کار دەکەیت لە دوای پێنج ساڵ کارکردنی بەردەوام.

لە پەرتووکەکەیدا *ئەو کەسەی دوور لە شوێنی کارەکەی دەژیا: چیرۆکی سەرکەوتن*، مالکۆلم گلادوێل ڕوونیکردووەتەوە کە ویستی بوون بە

کەسێکی پایەبەرزت هەبێت لە دەستکەوتنی هەموو شتێکدا، ئەوە دەوروبەری ١٠،٠٠٠ کاتژمێر کارکردنی سەختی دەوێت. هەروەک منداڵەکەی قوتابخانەی دواناوەندی، بیڵ گەتیس ١٠،٠٠٠ کاتژمێر کاریکرد لە بەرنامەکردندا. کاتێک ئەوان بەتەنها باندێکی بەریتانی نەزانراوی دیکەیان بینی کە ویستی بەناوبانگ بوونیان هەبوو، لیدەرەکان لە بانەیەکی شەوانەدا لە هامبۆرگ یاریان دەکرد، حەوت کاتژمێر لە ڕۆژێکدا، حەوت ڕۆژ لە هەفتەیەکدا__وە هەروەها دەوروبەری ١٠،٠٠٠ کاتژمێر.

"چی شتێك دەربارەی یاسای ئەم ١٠،٠٠٠ کاتژمێرە بایەخدارە،" گلادوێل دەڵێت، "لەڕاستییدا ئەوەیە کەلە هەموو شوێنێك جێبەجێدەکات. ناتوانیت ببیتە مامۆستایەکی گەورەی شەترەنج هەتاکو ١٠،٠٠٠ کاتژمێر لە مەشقکردندا بەسەر نەبەیت. دیاردەیەکی سەیری یاری تێنس ئەوەیە کەدەست بەیاریکردن دەکات لە ٦ یاری لە ویمبڵێدۆن لە ١٦ یان ١٧ هەروەك بۆریس بێکەر. مۆسیقاژەنی کلاسیکی ئەوانەی کەدەست دەکەن بە کەمانچە ژەنین لە ٤ دەردەکەون لە کارنێگی هۆڵ لە ١٥ یان زیاتر."

دە هەزار کاتژمێر: بیرکارییانە با بیکەین. ئەگەر لە ڕۆژێکدا هەشت کاتژمێر کار بکەیت، پێنج ڕۆژ لە هەفتەیەکدا، ئەوە ١٠،٠٠٠ کاتژمێر کار دەکەیت لە دوای پێنج ساڵ کارکردنی بەردەوام.

لەڕاستییدا بۆتۆ، بوون بە مامۆستا لەشەیەکەی خستنەبازاڕدا وەکو ئەوە نییە ببیتە مامۆستای یاری شەترەنج. پێویست ناکات ببیتە بۆریس بێکەر، لیدەرەکان، یان بیڵ گەتیس. پێویست ناکات ببیتە باشترین کەس

لە جیهاندا__ بەڵام پێویستە کارامەییەکانی بازرگانی شارەزا بێت. ئەوەش پێنج ساڵ کاتی بەردەوامی تۆ ناگرێت، چل کاتژمێر لە هەفتەیەکدا. بەڵام بۆ فێربوون و شارەزابوون لەپێناو بنیاتنانی شەبەکەیەکی گەورەدا لەگەڵ داهاتێکی ناچالاك، پاڵپشتی خۆت بکە و کاتی تەواو بدە بەخۆت. لەگەڵ ئەوەشدا، هێشتا خۆم پلانی پێنج ساڵی بەکاردەهێنم. کاتێك بڕیار دەدەم فێری شتێکی نوێ ببم__ بۆ نموونە، وەبەرهێنانی زەوی و زاری ڕاستەقینە__ هێشتا ڕێگە بەخۆم دەدەم پێنج ساڵی فێربوونم هەبێت بۆ کردارەکە. کاتێك دەمەوێت فێربم چۆن وەبەرهێنان لە کۆگادا بکەم، دووبارە پێنج ساڵی فێربوون بەخۆم دەدەم بۆ کردارەکە. هەندێك خەڵك یەکجار وەبەرهێنان دەکەن، هەندێك دۆلار لەدەست دەدەن، وە پاشان واز دەهێنن. ئەوان لەدوای یەکەم هەڵەوە واز دەهێنن، لەبەر ئەوەیە ئەوانە لەفێربوون شکست دەهێنن. بەڵام شکست بەشێك لە کرداری بردنەوە و سەرکەوتن. ئەوە تەنها شکست خواردووەکانن بیردەکەنەوە کە براوەکان و سەرکەوتووەکان هەرگیز شکست ناهێنن، ئەوانەی کەبیر دەکەنەوە لەهەر تێچوویەکدا دەبێت خۆمان بەدوور بگرین لەهەر هەڵەیەك. هەڵەکردن دەرفەتی زۆر گەورە و گرانبەهان تا لەڕێگەوە وانەی گرنگ فێربین.

ئەمڕۆ، هێشتا پێنج ساڵ بۆخۆم دەدەم بۆ ئەوەی هەندێك هەڵەی مەحاڵ بکەم. من ئەوە دەکەم چونکە دەزانم بە کردنی هەڵەی زیاتر و زیاتر لێیانەوە فێردەبم، زیرەکتر دەبم لە ڕێگەیانەوە. ئەگەر لەماوەی پێنج ساڵدا هیچ هەڵەیەك نەکەم، پاشان من هیچ زیرەکتر نیم بەراورد لەگەڵ پێنج ساڵ پێش ئێستادا__ تەنها ئەوەیە پێنج ساڵ گەورەتر بووم.



Scanned by TapScanner

*کات بەخۆت بدە بۆ فێرنەبوون، هەروەها*

هەرچەندێك زیاتر فێربیت لەم بازرگانیەدا، هەلەکان باشتر دەبن وە هەروەها برێکی گرنگی فێرنەبوون هەیە کە پێویستە رووبدات.

یەکێك لە هۆکارەکان کە زۆربەی خەڵك دەچنە سەنگەرەوە لەنێو بازنەی نی و بازنەی ئێسدا ئەوەیە ئەوان لەوێ دەست پێدەکەن بۆ ئەوەی هەستێکی ئاسوودەیان هەبێت. ئەی ئەوە نییە ئەم چوار بازنەیە خۆی لە خۆیدا ئاسوودەییان تێدایە. لەدوای هەموو ئەوانە، ئەوە تۆیت هەروەکو شێت باج وەردەگریت، کاتەکانت هەرگیز کاتی خۆت نین، زۆرجار زۆرت لێدەکرێت تا کار بکەیت لەگەڵ کەسانی تردا تۆ ناتوانیت بووەستیت ... لە زۆر رێگەیەوە ئەم چوار بازنەیە لەڕاستییدا بەتەواوی *نائاسوودەن.* بەڵام خەڵك دەستدەکات بەهەستکردن بە ئاسوودەیی لێرەدا چونکە ئەوان چەندەها ساڵیان بەسەر بردووە تا فێربوون چۆن لێرەدا بن، وە ئەوەش ئەوەیە کە ئەوان دەیزانن.

کە هەموو ئەوانە گۆڕان کاتێك هاتیتە نێو جیهانی شەبەکەی خستنەبازارەوە. ئەزموونی کار کە هاتووە لە بەسەربردنی کاتەوە لە دامەزراندنەوە یان دامەزراندنی خۆیەوە زۆرجار سوودبەخش نییە بۆ شەبەکەی خستنەبازار. کاتەکاتی کارکردنت چارەسەر بکە، کرێ یان مووچە لەسەر بنەمای کات دابنێ، پێکهاتەی هەبوونی سەرکار و رێزبەندی بەرێوەبردن، بەشێوەیەکی بەرتەسك وەسفی کارکردنی پێناسەکرد، بەڕوونی کرپارەکانیان پێناسەکرد، بەڕوونی ناوچە و رووەکی جەستەییان پێناسەکرد___ئەوەندە زۆر نیشانەکانی شوێنی کاری ئاسایی بەسادەیی دەرناکەوێت لەم بازرگانییەدا.

ئەگەر لە فرۆشتنی ئاساییدا کارتکردووە، وەکو ئەوەی پێشتر باسمانکرد، لەڕاستییدا دەتەوێت ئەم کارامەییانە بۆ پلەیەکی باش فێر نەبیت، چونکە لەشەبەکەی خستنەبازاڕدا، ئەوە چییە ناتوانیت بیکەیت ژماردنە، ئەوەی چییە دەتوانیت بیکەیت و *لەبەر* بگریتەوە.

ئەگەر ئەزموونی بەڕێوەبردنی فەرمانبەرت هەیە، ئەوە لەوێ پێویست دەبێت هەندێك فێرنەبوون بکەیت، هەروەها __ چونکە لەشەبەکەی خستنەبازاڕدا، بەکرێ ناگریت، سووتاندن، یان بەخەڵك بڵەیت چی بکەن. ئەوە بەتەواوی جووڵەدارێکی نوێیە، ئەوەش لەبەر بازرگانی سەدەی ٢١ە، وە بۆ ئەوەی لێرە باشتر ببیت، پێویستە هەندێك نەریتی کۆن لەپشتی خۆتەوە جێبهێڵیت.

کاتەکانت هەڵبگرە بۆ فێرنەبوون هەروەها بۆ فێربوونیش. بۆ هەندێك کەس، سەختترین بەش لە گۆڕین لەبەشی چەپی بازنەکەوە بۆ بەشی ڕاستی بازنەکە ئەوەیە تا مەبەستی ڕووانینی بازنەی ئی و بازنەی ئێس فێر نەبن. یەکجار فێر نەبوویت کە چی فێر بوویتە، گۆڕانەکە زۆر خێراتر و ئاسانتر دەڕوات.

### *هەموو ئەوانە بەرەو خوار دێن بۆ کار*

دەتوانیت پلانی هەموو ئەوانە دابنێیت کە دەتەوێت، هەموو ئەوانە بخوێنیت کە دەتەوێت، وە هەموو ئەوانە فێر بیت کە دەتەوێت، بەڵام تەنها ئەو کەسانەی براوە و سەرکەوتن لە شەبەکەی خستنەبازاڕدا ئەوانەن کە کارەکان وەردەگرن __ ئەمڕۆ، سبەینێ، وە هەموو ڕۆژێك.

# بەندی بیستەم
# گوزەراندنی ژیانەکە

چی شتێك دەوڵەمەندت دەکات؟ زۆربەی خەڵك لەوانەیە بەم شێوەیە وەڵام بدەنەوە، "پارە، بێگومان!" وە لەوانەیە ئەوان هەڵە بن. هەبوونی پارە ناتوانێت دەوڵەمەندت بکات، چونکە هەموو کاتێك دەتوانیت پارەکەت لەدەست بدەیت. کڕینی زەوی و زاری ڕاستەقینە بەڕاستی دەوڵەمەندت ناکات، چونکە (هەروەك ئەو تراژیدیایەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا بینیمان) زەوی و زاری ڕاستەقینە هەموو کاتێك نرخەکەی لەدەست دەدات. کەواتە چی شتێك دەوڵەمەندت دەکات؟ *زانیاری.*

*وانە ئاڵتوونییەکەم*

هەروەکو گەنجێکی پێگەیشتوو، تەنانەت پێش ئەوەی دەست بکەم بە وەبەرهێنان لە زەوی و زاری ڕاستەقینەدا، یەکەمین وەبەرهێنانم لە زێڕدا بوو. "زێڕ بەتەنها ڕاستەقینەترین پارەیە،" بیرمکردەوە. "چۆن دەتوانم بەهەڵەدا بڕۆم؟" لەساڵی ١٩٧٢ دەستمکرد بە کڕینی پارەی زێڕ، لە کاتێکدا بۆ هەر ئۆنسێك لە زێڕ نزیکەی ٨٥$ بوو. تەمەنم ٢٥ ساڵ بوو. بە تێپەڕبوونی کات بووم بە ٣٢ ساڵ، زێڕ بەهاکەی بۆ هەر ئۆنسێك گەیشتە ٨٠٠$، وە پارەکەی من بەنزیکەی چەندجارەی دە ئەوەندەی سەرەتای کردبوو. سەگی گەرم!

هەڵچوونەکەم لەسەر بوو، وە چلێسی لەپڕ کێشای بەسەرمدا وەکو ئاگادارکردنەوەیەک. پڕوپاگەندەکان بوونە هۆکاری بەرزبوونەوەی بەهای زێڕ بۆ هەر ئۆنسێك ۲،۰۰۰$ بوو. وەبەرهێنەرە چاوبرسییەکان دەستیانکرد بە کڕینی زێڕ، تەنانەت ئەو کەسانەش دەستیان پێکرد کە لەوەو پێش هەرگیز زێڕیان نەکڕیبوو. توانیم زێڕەکانم بفرۆشم بە قازانجێکی گرنگ، بەڵام هەر وازم نەهێنا، هیوام دەخواست بۆ زێڕی زیاتر تا بڕۆم بۆ بەرزتر. دەورووبەری ساڵێك دوای ئەوە، لەگەڵ ئەوەی زێڕ بەهاکەی بە ڕێژەیەکی بەرچاو دابەزی بۆ هەر ئۆنسێك ٥٠٠$، لە کۆتاییدا کۆتا دراوەکانی خۆمم فرۆشت. تەماشای بەهای زێڕم دەکرد کە چۆن بەردەوام لە دابەزیندا بوو هەتاکو ساڵی ۱۹۹٦، کاتێك لە کۆتاییدا لەساڵی ۱۹۹٦ لە ۲۷٥$دا جێگیر بوو.

ئەوە زەوی و زاری ڕاستەقینە نییە، زێڕ، کۆگا، کاری سەخت، یان پارە دەتوانێت دەوڵەمەندت بکات" ئەوەیە *دەیزانی دەربارەی* زەوی و زاری ڕاستەقینە، زێڕ، کۆگا، کاری سەخت، وە پارە کە دەتوانێت دەوڵەمەندت بکات. لە کۆتاییدا، ئەوە زیرەکی *داراییە* کە دەتوانێت دەوڵەمەندت بکات.

لەگەڵ ئەوەشدا پارەیەکی زۆرم دەست نەکەوت، بەڵام زێڕ وانەیەکی گرانبەهای فێرکردم دەربارەی پارە. هەر لەگەڵ ئەوەی بینیم کە لەڕاستییدا دەتوانم پارە لە وەبەرهێنانی "پارەی ڕاستەقینەدا" لەدەست بدەم، بڕیارمدا کە ئەوە ئەو سامانە بایەخدارە نەبوو کە خۆی نمایش دەکرد. ئەوە *زانیاریەك* بوو کە پەیوەندی بە سامانەوە هەبوو کەلە کۆتاییدا کەسێکی دەوڵەمەند دەکرد یان هەژاری دەکرد.

ئەوە زەوی و زاری ڕاستەقینە نییە، زێڕ، کۆگا، کاری سەخت، یان پارە دەتوانێت دەوڵەمەندت بکات" ئەوەیە *دەیزانی دەربارەی* زەوی و زاری ڕاستەقینە، زێڕ، کۆگا، کاری سەخت، وە پارە کە دەتوانێت دەوڵەمەندت بکات. لە کۆتاییدا، ئەوە *زیرەکی داراییە* کە دەتوانێت دەوڵەمەندت بکات.

زیرەکی دارایی کەمێك یان هیچ شتێك ناتوانێت بکات لەگەڵ زیرەکیەکی ئەکادیمیدا. تۆ دەتوانیت بلیمەت بیت کاتێك هاتیتە نێو زیرەکی ئەکادیمیەوە، بەڵام دەبەنگ و بێعەقڵەکانن کاتێك دێنە نێو زیرەکی داراییەوە.

*١) زانینی چۆنییەتی بەدەست خستنی پارەیەکی زیاتر*

پەیداکردنی پارەیەکی زیاتر، ئاستێکی بەرزتری زیرەکی دارایی. کەسێك کەلە ساڵێکدا یەك ملیۆن دۆلار پەیدا دەکات داراییەکی بەهێزتریان هەیە بەراورد بەکەسێك کە لە ساڵێکدا ٣٠،٠٠٠ دۆلار پەیدا دەکات.

*٢) زانینی چۆنییەتی پاراستنی پارەکانت*

جیهان لە دەرەوەی هەستەکانە تا بتوانێت پارەکانت وەربگرێت، وە ئەوەش بەتەنها بیرنی مادۆفس نییە. یەکێکە لە گەورەترین دڕندەی دارایی حکومەتەکەت، ئەو کەسەیە کە بەپێی *یاسا* پارەکانت دەبات. دوو کەس وەربگرە کە هەردووکیان لە ساڵێکدا ١ ملیۆن دۆلار وەردەگرن. ئەگەر یەکێکیان لە سەدا ٢٠ پارەی باج بدات لە کاتێکدا ئەو کەسەی

تریان لە سەدا ٣٥ دەدات، یەکەم کەس داراییەکی بەرزتری هەیە بەراورد بە دووەم کەس.

*٣) زانینی چۆنییەتی بوودجەی پارەکانت*

زۆربەی خەڵك شکست دەهێنن لە پاراستنی ئەو بڕە پارەیەی بەدەستی دەهێنن، بەسادەیی چونکە بوودجەکەی ئەوان وەکو کەسێکی هەژارە نەوەك وەکو کەسێکی دەوڵەمەند بێت. بوودجەی پارەکانت هەروەها زیرەکی داراییت وەردەگرێت.

دوو کەس وەربگرە: کەسی ئەی لە ساڵێکدا ١٢٠،٠٠٠ دۆلار وەردەگرێت، وە کەسی بی لە ساڵێکدا بەتەنها ٦٠،٠٠٠ دۆلار وەردەگرێت. کام لەم دوو کەسە زیرەکیەکی زیاتری داراییان هەیە، کەسی ئەی؟ زۆر خێرا مەبە. با بڵێین کەسی ئەی هەروەها ساڵانە ١٢٠،٠٠٠ دۆلار خەرجدەکات، ئەم کەسە بخەرە نێو چوارگۆشەی یەکەوە لە کۆتایی ساڵەکەدا. بەڵام کەسی بی، ئەو کەسەی بەتەنها ٦٠،٠٠٠ دۆلار بەدەست دەهێنێت، بوودجەیەکی بەوریاییەوە و هەروەها ژیانێکی باش بەتەنها ٥٠،٠٠٠ دۆلار، وە هەروەها ئەو پارەیەی بەرهەمی هێناوە ١٠،٠٠٠ دۆلارە. لەکۆتاییدا کامیان زیاتری بۆ دەمێنێتەوە؟

ئەگەر کارامەییەکی هەژاری بەڕێوەبردنی پارەت هەبێت، کەواتە هەموو پارەکانی جیهان ناتوانن تۆ بپارێزن. ئەگەر بوودجەی پارەکانت ژیرانە وەربگریت، وە فێرببیت دەربارەی بازنەی بی و بازنەی ئای، کەواتە پاشان لە سەر ڕێگاکەی بۆ بوون بە کەسێکی گەورەی خاوەن سامان وە، شتێکی زۆر گرنگ، ئازادی.

توانای ژیانکردنی ژیانێکی باش و بەردەوام وەبەرهێنان سەرەڕای ئەوەی چەندێك یان چەند بە بچووکی ئاستێکی بەرزی زیرەکی داراییت لێ داوا دەکەن. هەبوونی زیادەیەك شتێکە کە پێویستە بە چالاکییەوە بوودجەی بۆ تەرخان بکەیت.

### ٤) چۆنییەتی زانینی کاریگەری پارەکانت

لەدوای ئەوەی بوودجەیەکت زیادکرد، گرفتی داهاتووی داراییت ئەوەیە ئەو زیادەیە بەهێز بکەیت. بگەڕێوە سەر وەبەرهێنان هێشتا پێوانەیەکی زیاتری زیرەکی دارایی ماوە. کەسێك کە ٥٠ لەسەدی پارەکانی بەدەست دەهێنێت ڕێژەیەکی دارایی بەرزتری هەیە بەراورد بە یەکێك کە ٥ لەسەدی پارەکانی دەست دەکەوێت. وە هەروەها کەسێك کە ٥٠ لەسەد باجی ئازاد بەدەست دەهێنێت ڕێژەیەکی بەرزتری دارایی هەیە وەك لە کەسێك کە ٥ لەسەد بەدەست دەهێنێت وە پاشان لەو ٥ لەسەدەی گەڕاندویتییەوە ٣٥ لە سەدی تر دەبێت بداتە باج!

زۆربەی خەڵك زیادەی داراییەکەیان دەپارێزن، ئەگەر هەر چ شتێکیان هەبێت، بەپێوەلکاندنی بە بانکێکەوە یان دانانی بۆ نێو جانتایەکی سامانی دوولایەنە، خواستنی هیوای ئەوەی بەم کارەیان پارەکەیان بەهێز دەبێت. بەڵام ڕێگەی زۆر باشتر هەیە بۆ کاریگەری پارەکانت وەك لە پاراستن و سامانی دوولایەنە. ئەو زیرەکی داراییانەی زۆر پێویست نییە: دەتوانیت مەمیمونێك ڕابهێنیت بۆ پاراستنی پارە و وەبەرهێنان لە سامانی دوولایەنە ___ بەتەواوی ئەوەیە کە بۆچی گەڕانەوە بۆ ئەو ئۆتۆمبێلانەی وەبەرهێنان مێژوویانە تاڕادەیەك میهرەبانن.

### *ژیانێکی شکۆدار*

مەبەستی بازرگانی شەبەکەی خستنەبازارەکەت بەسادەیی بۆ ئەوە نییە پارەت بۆ پەیدا بکات، بەڵکو بۆ ئەوەیە کارامەیی و زیرەکی داراییت پێبدات بۆ ئەوەی ئەو پارە زیادەیە بەکاربهێنیت بۆ بنیاتنانی سامانێکی راستەقینە.

بەڵام هێشتا ئەوە مەبەستی کۆتایی نییە. مەبەستی کۆتایی بۆ بنیاتنانی ئەو سامانە ئەوەیە تا بتوانیت ژیانێکی شکۆدارت هەبێت.

لە تێبینییەکانی خۆمەوە لەنێو خەڵکدا لە زۆر بارودۆخی جیاوازدا، دەتوانم بڵێم سێ ڕێگە هەیە بۆ ژیان. ئەو سێ ڕێگەیە بە هۆی سێ هەستی جیاوازەوە دروست دەبن، هەروەها لە نزیکەوە نامە دەگۆڕنەوە بۆ سێ دارایی جیاواز و و دەوڵەتی هەست:

### *ژیانکردن لەژێر ترسدا*

دەزانم چی وەکو ئەوەیە کە تێک بشکێنرێت. ئەوەم باسکردووە کە چۆنە، لە ساڵی ١٩٨٥، بەزۆر مانا خراپترین ساڵی ژیانم بوو، من و کیم لە دەربەندی ترسناکی دارایی بووین کە ئێمە بەتەواوی بێهیوا بووین و لەنێو تۆیۆتا کۆنە تێکشکاوەکەماندا دەژییان. هەستکردن بە ترس لە ماوەی ئەو ڕۆژانەدا مرۆڤیان ئیفلیج دەکرد، ئەوەندە بە توندی کەبەتەواوی هەموو جەستەمان سڕ دەبوو.

ئەو هەستانە دەزانم: ئەوە هەمان ئەو هەستەیە کەهەروەکو گەنجێک هەمبوو، گەورە بوون لە خێزانێکدا کە زۆربەی کات تێکشکابوو. ئەو هەورە تاریکە "پارەی تەواو نییە" بە خێزانەکەمەوە بوو لە زۆربەی



Scanned by TapScanner

ئەمەنی منداڵیمدا. پارەی تەواومان نییە بۆ ئەوەی بەردەوام بین لە ژیاندا ئەزموونێکی زۆر ترسناکە، وە بە زۆر ڕێگە ئەوە ئازارت دەدات بەراورد لەگەڵ داراییدا. ئەو ترسە دەتوانێت متمانە بەخۆبوون و هەستی بەهای خۆت لاواز بکات، وە هەموو لایەنێکی ژیانت وێراندەکات.

*ژیانکردن لە بێهیوایی و تووڕەییدا*

دووەمین ڕێگەی ژیانکردن ژیانکردنە لەگەڵ تووڕەیی یان بێهیوایدا لە بەئاگا هاتنەوە و ڕۆیشتن بۆ سەر کار، بە تایبەتی کاتێك لەوانەیە شتێکی تر بکەیت. کەسێك کەلە گەڵ ئەم هەستانەدا دەژی لەوانەیە کەسێك بێت کارێکی باشی هەبێت و مووچەیەکی بەرزی هەبێت بەلاّم ناتوانێت لەکارەکەی بووەستێت. ئەوە ئەو شوێنەیە کە بێهیوای لێوە دێت. ئەوان دەزانن ئەگەر بووەستن، ئەو جیهانەی کە ئەوان تێیدا دەژین لەوانەیە بێتە خوارەوە و وێران ببێت.

ئەو کەسانەی بەم شێوەیەن لەوانەیە بڵێن، "من ناتوانم وازبهێنم. ئەگەر وازبهێنم، بانکەکان لەوانەیە بێن و هەموو شتێك ببەن." ئەو کەسانە زۆرجار دەڵێن، "ناتوانم چاوەڕێ بکەم هەتاکو پشووی داهاتووم،" یان "تەنها دە ساڵی تر بۆ خانەنشین بوون."

*ژیانکردن لە خۆشی، ئاشتی، خۆشنوودی*

سێیەمین ڕێگەی ژیانکردن ژیانکردنە لەگەڵ ئاشتی بیرکردنەوە بۆ زانینی ئەوەی، بێگودانە ئەوەی کە ئایا کار دەکەیت یاخود نا، پارەیەکی زۆر هەیە کە پەیدای دەکەیت. ئەمە ئەو هەستەیە کە من و کیم لەساڵی

١٩٩٤وە لەگەڵی دەژین، کاتێک ئێمە بازرگانیەکەمان فرۆشت وە خانەنشین بووین. کیم ئەو کات ٣٧ و منیش ٤٧ بووم. ئەمڕۆ، لەدوای چەند ساڵێك، ئێمە هێشتا کار دەکەین" لەڕاستییدا، ئێمە بەسەختی کار دەکەین. بۆچی؟ چونکە ئێمە ئەوەی دەیکەین خۆشمان دەوێت.

هەستی نەبوونی کارێك، زانینی ئەوەی گرنگ نییە کە چی دەکەین ئێمە لە پارەی پێویست زیاترمان دەبێت و بەدەستی دەهێنین هەتاکو ئەو کاتەی ئێمە دەژین، بە سەرسووڕهێنەری ئازاد دەکات، هەستی دڵخۆشکەر، ڕێگەدان بە ئێمە تا ئەوەی حۆشمان دەوێت ئەوە بکەین.

ئێمە کاتەکانمان بەیەکەوە بەسەر برد، وە لەکاتێکدا ئێمە یاری گۆڵفمان دەکرد، بە دەوری جیهاندا گەشتمان دەکرد، یان کاتێکی زیاترمان لە ژووری نووستندا بەسەر دەبرد، بۆ ئێمە، ئەوانە هەمووی یاری بوون وە هەموو ئەوانە خەونی ئێمە بوو. ئەوە ژیانی ئێمە بوو، بەتەواوی ئەو ژیانە بوو کە ئێمە دەمانوویست بەم شێوەیە بێت، وە ئێمە لە هەموو ساتێکدا سامانێکمان دەست دەکەوێت.

### *مێروولە، کوللە، وە مرۆڤایەتی*

لەسەرەتادا باسی ئەفسانەی مێروولە و کوللەم کرد. ئێمە هەمووومان لەگەڵ ئەو بیرۆکەیەدا گەورە دەبین کە دوو ڕێگە هەیە بۆ ژیانکردن: دەتوانیت وەکو باشێك بژیت، بێفیزێك، هەوڵدەرێك، هەروەها وەکو مێروولەیەك کە هەوڵ دەدات بۆ ووردە نانێك بۆ گوزەراندنی ئایندە، یان؛ وەکو کوللەیەکی خەرجیدەر و نابەرپرس، سەما و کەمانچە دوور لە ڕۆژەکان بەبێ بیرکردنەوە لە داهاتوو.

ب هەندێ ڕێگە، ئەم وێنەیەی ئێمە زیانێکی زیاتری هەبووە بۆ ئێمە وەك لەوەی باشەی هەبێت. بەدڵنیاییەوە، ئەوە باشە کە بەرپرس و دەست پێوەگر بیت، وە ئامادە بیت بۆ داهاتوو. بەڵام تەماشای شێوازی ژیانی مێروولە بکە! ئایا بەڕاستی دەتەوێت کە چەرخێك بیت لە شارێکی مێروولەی زەبەلاحدا، پاڵنان بە ووردەنانی بچووکەوە لە دەوروبەرێکی پیسدا، ڕۆژ دوای ڕۆژ، بۆ هەموو ئەو ماوەیەی لە ژیاندا ماوتە؟

با ببینین: ئێمە مێروولە نین، وە ئێمە کوللە نین، هەرچۆنێك بێت" ئێمە مرۆڤین. ئەوە زۆر نەگونجاوە چاوەڕێ بکات کە ئێمە دەبێت بەتوانا بین بۆ ئەوەی بە تەواوی بژین چونکە ئێمەی مرۆ بەتواناین لە ژیانکردندا؟

ئەگەر بنەڕەتی سامان بگریت" ئەگەر پارەکانت بەڕێوە ببەیت، کانەکانت، وە سەرنجدانەکات لەگەڵ زیرەکیدا" ئەگەر خەونی گەورە دروست بکەیت و چاونەترسیت هەبێت و شوێنیان بکەویت" پاشان دەتوانیت ژیانێك بژیت کە لەگەڵ سەرکەوتنێکی چاوەڕوان نەکراو بە شێوەیەکی هاوبەش لەچەند کاژێردا دیدەنی دەکات.

# بەندی بیست و یەك
# بازرگانی لەسەدەی بیست و یەكدا

یەك هۆكار كە من ڕێزێكی زۆرم هەیە بۆ شەبەكەی خستنەبازاڕ ئەوەیە كە بازرگانیەكی ڕاستەقینەی دەرفەتی یەكسانە. شەبەكەی خستنەبازاڕ تۆڕێكی زۆر فراوانە. كاتێك لە نزیكەوە تەماشای زیاتر لە شەست ملیۆن كەس دەكەیت لە جیهاندا ئەو كەسانەی كە لەگەڵ بازرگانیدا تووش بوون، خەڵك دەدۆزیتەوە لەهەموو ڕەنگ و ئاینێك، لەهەموو گروپ و تەمەنێك، وە لەهەموو ئاستێكی پێشینە، ئەزموون، وە كارامەیی.

ئەوەش هەروەها كارێكی كردووە بۆ بازرگانی لە داهاتوودا. لەسەدەی بیست و یەكدا، ئێمە هەستی پێدەكەین كە هەرگیز پێشتر سامانی لەم شێوەیە نەبووە، هەروەك ئەوەی لەسەرەتاوە وتم، یارییەكی سفری سەرجەم نییە. ئەوە پرسیاری هەندێك لە ئێمە نییە كە سەردەكەوین بە هێنانە خوارەوەی ئەوانی دیكە. داهاتووی سامانی ڕاستەقینە پێشەنگیكردنی ڕێگای بازرگانی لەوەدا دەبێت كە باشی دارایی مرۆڤایەتی بەرز دەكاتەوە.

هەموو ئەوانە بەهای بازرگانی كەسی منن، وە ئەوانە بەهای بڵاوكردنەوەی شەبەكەی خستنەبازاڕ دەبەستن. وە ئەو بەهایانە ئەوەك بەتەنها بە شێوەیەكی *باش* پشتیوانی لێدەكەن ــــ ئەوە بەهەمان شێوە *بازرگانیەكی باشە*.

*بنیاتنانی سامانێکی دیموکراتی*

یەکێك لە هۆکارە سەرەکیەکانیم کە ئەوەندە وزەیەکی زۆرم خستووەتە نێو پشتگیرکردن و پیشەسازی شەبەکەی خستنەبازارەوە بەرەو پێش دەبەم بەسادەیی ئەمەیە: سیستەمەکانی دادپەروەرانەترن لە سیستەمی پێشووتری پەیداکردنی سامان.

سیستەمی شەبەکەی خستنەبازار دامەزراوە بە شێوەیەکی گونجاو بۆ هەموو کەسێك بۆ ئەوەی بتوانن بەشداری بکەن لە ساماندا. ئەوەش رێگەیەکی زۆر دیموکراتە بۆ دروستکردنی سامان. سیستەمەکە بۆ هەموو کەسێك کراوە ئەو کەسانەی گۆڕانیان دەوێت، سوورن لەسەر بڕیارەکانیان، وە کۆڵنەدەرن. سیستەمەکە بەڕاستی بایەخ نادات بەوەی بۆچی کۆلێژێك ڕۆیشتووی یان داخوا بۆ یەکێك لە کۆلێژەکان ڕۆیشتووی. بایەخ بەوە نادات ئەمڕۆ چەندێك پارە بەدەست دەهێنیت، چی ڕەگەزێك یان چی نەژادێکی، چەندێك جوانیت، خێزانەکەت کێیە، یان چەندێك بەناوبانگیت. زۆربەی کۆمپانیاکانی شەبەکەی خستنەبازار بە شێوەیەکی سەرەکی چاودێری دەکەن دەربارەی ئەوەی چەندێك ڕازیت تا فێر ببیت، بۆ گۆڕانکاری، وە بۆ گەشەکردن، هەروەها ئایا هەناوت هەیە تا ئەوانە بکاتە دەرەوە لە ئەستووری و باریکیدا لە کاتێکدا فێر دەبیت ببیتە خاوەن بازرگانیەك.

شەبەکەی خستنەبازار زۆر زیاترە لەتەنها بیرۆکەیەکی باش" بە زۆر ڕێگە، ئەوە مۆدێلێکی بازرگانییە بۆ داهاتوو. بۆچی؟ چونکە جیهان لە کۆتاییدا

دەستپێکرد بە ئاگاهاتنەوە لە ڕاستییەکان کە سەردەمی پیشەسازی کۆتایی هاتووە.

بۆ جیهانێک لەگەڵ کەمتر و کەمتری ئاسایشی پێشووی، شەبەکەی خستنەبازاڕ هەروەک بزوێنەرێکی نوێی دەستکەوت و ئاسایشی تاک دەر دەکەوێت. شەبەکەی خستنەبازاڕ دەرفەتی بە ملیۆنان خەڵک لەجیهاندا بەخشیووە بۆ جڵەوکردنی ژیانیان و داهاتووی داراییان. لەبەر ئەوە، هەرچەندە بیرمەندانی جیهانی کۆن هێشتا درێژە دەکێشن لە نەبینینی ئەوەدا، پیشەسازی شەبەکەی خستنەبازاڕ بەردەوام دەبێت لەگەشە سەندن.

لە ساڵانی پێشوودا، چاوەڕێدەکەم تا تەقینەوەیەک ببینم لە بەربڵاویەکە، پێشخستن، بینایی، وە پێشەنگیکردن لە گەشەکردنی کۆمپانیای شەبەکەی خستنەبازاڕ.

لەسەرەتادا باسی ئەوەمکرد کە چۆن تۆماس ئەدیسۆن بووە کەسێکی دەوڵەمەند، نەوەک بەباشترکردنی ڕووناکی، بەڵکو بە دروستکردنی شەبەکەیەک کە پشتگیری لە ڕووناکیەکە بکات. ئەدیسۆن فەرمانبەرێکی گەنجی بە ناوی هێنری هەبوو کە شتێکی کرد هەمان شت بوو لەگەڵ داهێنانە نوێکەدا، لەو کاتەدا، وا دەرنەکەوت کە هیچ بەکارهێنانێکی ڕاستەقینەی کرداریی نەبێت.

لەلایەن زۆر سروشتی و دیزاینەوە، شەبەکەی خستنەبازاڕ بەسەرسوڕهێنەری دادپەروەرانەیە، دیموکراتی، لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە سیستەمێکی لێپرسراوە بۆ دروستکردنی سامان.



Scanned by TapScanner

هەروەکو تۆماس ئەدیسۆن لەگەڵ ڕووناکیدا، هێنری فۆردی گەنج ئۆتۆمبێلی دانەهێناوە، بەڵام ئەو شتێکی بنەڕەتی کرد کە بۆ هەتا هەتایە چارەنووسی داهێنانی گۆڕی، لەگەڵ چارەنووسی ملیۆنێك خەڵکدا. لەگەڵ گۆڕانی سەدەدا، ئۆتۆمبێل هەروەك مەراقێك بینرا، یارییەکانی کەسێکی دەوڵەمەند. وە لەڕاستییدا، ئەوانە بەڕێژەیەك گرانبەها بوون کە تەنها کەسە دەوڵەمەندەکان توانای کڕینیان هەبوو کە یەك دانەیە بکڕن. بیرۆکەی بنەڕەتیی فۆرد ئەوە بوو کە ئۆتۆمبێل بۆ هەموو کەسێك بەردەست بێت.

لەلایەن کەمکردنەوەی خەرجیی بەرهەمهێنان و ئەنجوومەنکە ڕیز دەکەن و دەیگونجێنن بۆ بەرهەمەکانی ماس کە ئۆتۆمبێلە هەرزانەکان بەك دەخرێن، فۆرد بووە گەورەترین بەرهەمهێنەری ئۆتۆمبێل لە جیهاندا. نەك بەتەنها ئۆتۆمبێلی هەرزان کرد، هەروەها بەرزترین کرێ دەدات لە پیشەسازییەکەدا و تەنانەت پلانی قازانجی بڵاوکراوە پێشکەش دەکات، بڵاوکردنەوەی ٣٠ ملیۆن دۆلار ساڵانە بەسەر کرێکارەکاندا__وە ٣٠ ملیۆن دۆلار زۆر زیاتر بووە لەسەرەتاکانی ١٩٠٠دا بەراورد لەگەڵ ئەمڕۆدا!

لێدوانی فۆرد ئەوە بوو کە "ئۆتۆمبێل دیموکرات بکات،" وە لە بەجێهێنانی ئەو ئەرکەیدا، خۆیکردە پیاوێکی زۆر دەوڵەمەند.

شەبەکەی خستنەبازاڕ فۆرمێکی شۆڕشی بوو لە بازرگانیدا: بۆ یەکەمجار لە مێژوودا، ئێستا بۆ هەر کەسێك گونجاوە وە هەموو کەسێك دەتوانێت لە سامانەکەیدا بەشداری بکات، هەتاوەکو ئێستا، بەتەنها بۆ چەند کەسێکی کەم یان ئەو کەسانەی بەختیان هەیە تەرخانکرا بوو.

بازرگانیەکە بەبێ تێکشکاندن نییە. وە ئەو بەشداریکردنی لە سەوداکردن و هونەرمەندی فلیم–فلامی هەبووە، خەڵکی بێڕەوشت هەوڵدەدەن تا وەك نێرەی ئاسکێك خێرا بکەن. لەلایەن زۆر سروشتی و دیزاینەوە، شەبەکەی خستنەبازاڕ بەسەرسووڕهێنەری دادپەروەرانەیە، دیموکراتی، لەلایەنی کۆمەڵایەتیەوە سیستەمێکی لێپرسراوە بۆ دروستکردنی سامان. سەرەڕای ئەوەی تێکشکاندنەکان چیت پێدەڵێن، شەبەکەی خستنەبازاڕ بازرگانیەکی زۆر باش نییە بۆ خەڵکی چاوچنۆك. لەڕاستییدا، تەنها ڕێگەیەك دەتوانێت لەشەبەکەی خستنەبازاڕدا دەوڵەمەند ببیت ئەوەیە کە یارمەتی کەسانی دیکە بدەیت لەم کردارەدا دەوڵەمەند بن. بۆ من، ئەمە هەمان ئەو شۆڕشە کە تۆماس ئەدیسۆن و هێنری فۆرد لە ڕۆژانی خۆیاندا کردیان. بە دیزاینکردن، ئەمە باشترین بازرگانییە بۆ خەڵك بۆ ئەو کەسانەی حەزیان بە یارمەتی کەسانی دیکەیە.

مەرج نییە ناڕەزاییانە چڵێسی دەربڕم" کەمێك چڵێسی و حەزی کەسی خۆیی هەمیشە تەندروستن. بەڵام کاتێك ئامانجی دەستکەوتی کەسی گەشە دەسێنێت لەدەرەوەی تێڕوانین و خەڵکدا بەدوا دەکەون لەسەر مافی ئەوانی دیکە، ئەو بێزراو دەبێت. بڕوام وایە کە زۆربەی خەڵك خۆی لە خۆیدا بەخشندەن، وە کە ئێمە گەورەترین ڕەزامەندی و ئەنجاممان لە ڕێگەیەوە دەست دەکەوت کاتێك ئەوان هەروەها خزمەت دەکەن تا ئەوانی دیکە بەرز بکەنەوە، نەوەك تا ئەوان بەرەو خوار بهێڵێتەوە.

شەبەکەی خستنەبازاڕ بڕی ئەم گۆڕانکاری جووڵانەوەیە بەخشندەیە ڕازی دەکات. شەبەکەی خستنەبازاڕ ڕێگەیەك پێشکەش دەکات بۆ سەرکەوتنی کەسی، بۆ بنیاتنانی سامانی گەورە و دروستکردنی ئازادی دارایی بەنێو

کردارێکدا کە تەنها بەسەرکەوتوویی بەکار دەخات بەناو یارمەتیدانی مرۆڤی هاوەڵمان.

دەتوانیت دەوڵەمەند ببیت بە بوون بە کەم بەها و چاوچنۆک. هەروەها دەتوانیت دەوڵەمەند ببیت بە زۆر و بەخشندە. ئەو ڕێگەیەی هەڵیدەبژێریت دەبێتە ڕێگەیەك کە زۆربەی لە نزیکەوە بە هاوتای قووڵی ناوەوەی ناوکەکەی تۆ نرخی دەزانن.

### *بناغەیەکی ئابووری بۆ ئاشتی*

من ئەرکی فرۆکەوانی فرۆکەم هەبوو بەسەر جەنگەڵەکانی ڤێتنامدا، وە من ڕاستەوخۆ دەزانم ئەزموونی جەنگ وەکو چی وایە. هەروەها دەزانم کە نایەکسانی یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی جەنگ. هەتاکو بۆشایی نێوان دەوڵەمەند و هەژار زیاتر فراوان ببێت، ئەوە وا دەردەکەوێت کە دروستکردنی هەل و مەرجی ئاشتی سەخت دەبێت. ئێمە دەتوانین ڕێپێوان بکەین بۆ ئاشتی، لیژنەیەك پێك بهێنین تا ئاشتی بخوێنێتەوە، و ئاشتی بەرەو پێش ببات، بەڵام ئەوە دەڕوات بۆ ئەوەی مەحاڵ بێت بۆ ئەوەی لەڕاستییدا ئەو ئاشتییە دروست بکات کە ئێمە قسەی لەبارەوە دەکەین مەگەر هەتا ئێمە بتوانین دەست پێ بکەین تا دەرفەتی ئابووری گرنگتر بهێنین بۆ ملیۆنان خەڵکی دیکە.

وە ئەوە هەروەکو ئامانجێکی زۆر گەورە دەر دەکەوێت، کە بەتەواوی وەکو ئەوەیە کە شەبەکەی خستنەبازاڕ دەیکات.

ئەمڕۆ، ژمارەیەك لە کۆمپانیاکانی شەبەکەی خستنەبازاڕ ئاشتی بڵاو دەکەنەوە بەنێو دەرفەتی ئابووری لە هەموو جیهاندا. نەك بەتەنها

کۆمپانیـای شـەبەکەی خسـتنەبازاڕ گەشـە دەکـات لەهـەموو پایتەختـە سەرەکیەکانی جیهاندا. بەڵکو هەروەها زۆرێك کار دەکەن لە گەشـەکردنی نەتەوەکاندا، هیوای دارایی بۆ ملیۆنان خەڵك دەهێنن ئەو کەسانەی کە لە وڵاتە هەژارەکاندا دەژین. زۆربەی کۆمپانیـا ئاسایییەکان بەتـەنها دەتـوانن بژین لە شوێنێك کە خـەڵکی دەوڵەمەندی لێیـە هـەروەها پـارەی لێیـە تـا سەرفی بکەن.

کاتیـەتی کـە زۆربـەی خـەڵك لـە هـەموو جیهانـدا دەرفـەتێکی یەکسـانیان هەبێت تا ژیانێکی دەوڵەمەند و زۆریان هـەبێت و چـێژی لێـوەربگرن، وەك لەوەی ژیانیان بە هـەدەر بـدەن لـە کـارکردنی سـەختدا تـەنها بـۆ ئـەوەی دەوڵەمەندەکان دەوڵەمەندتر بکەن.


کاتیەتی کە تۆ ئەو دەرفەتەت هەیە.

بەخێربیت بۆ سەدەی بیست و یەك.

# THE BUSINESS OF THE 21 ST CENTURY


**ROBERT T. KYOSAKI**

- یاساکان گۆڕاون
- ئایا لە کوێ دەژیت؟
- عاقڵانە هەڵبژێرە؟
- ژیانێکی شکۆدار؟
- بناغەیەکی ئابووری بۆ ئاشتی؟
- بزانە چی گرنگە؟
- جۆرێکی زۆر تایبەتی سەرکردە؟













SAYA

123456789012

Scanned by TapScanner